# دواڕۆژ



گۆڤارێکی
فیکری ـ سیاسیی
سەربەخۆیە

1

کانوونی دووەمی
1994

گۆڤارێکی فیکری . سیاسی ی سەربەخۆیە

# دوارۆژ

خاوەنی ئیمتیاز : فاروق مستەفا ڕەسووڵ
سەرنووسەر : محەمەد ئەمین حەسەن
سکرتێری نووسین : فوئاد قەرەداغی

## لەم ژمارەیەدا :


| لەم ژمارەیەدا : | ل |
| --- | --- |
| . پەیامی گۆڤاری دوارۆژ | 3 |
| . سەرەتایەك بۆ تێگەیشتنی گەوهەری سۆسیالیزم | 7 |
| . جەنگی کەنداوو گەمارۆدانی ئابووری لەسەر عێراق | 39 |
| . مارکسیزم هەر زیندووە | 63 |
| . بەرنامەی کۆمۆنیستیو خەباتی ئیکۆنۆمیستی | 71 |
| . شەنو کەوی زاراوەکان | 79 |
| . دیداری ( دوارۆژ ) | 87 |


ئەدرەس : سلێمانی . بەرامبەر کارگەی جگەرە نوسینگەی دوارۆژ.
تەلەفون ٢٤٣٥٨

* 1000 دانەی لێ چاپکراوە
* لە چاپخانەی زانکۆ لە هەولێر چاپکراوە -1994 .
* نرخی ( 10 ) دینارە .

# پەیامی گۆڤاری دواڕۆژ

**دەستەی نووسەران**

دوا ڕۆژ

ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلانی عێراق لە ئازاری ۱۹۹۱ دا هەلو مەرجێکی سیاسی نوێی لە مێژووی عێراق‌و کوردستاندا هێنایە پێشەوە. ئەو دابڕانەی نێوان بەشێکی کوردستان‌و بەشەکانی ناوەڕاستی‌و خوارووی عێراق، دەرفەت‌و ئاووهەوای دۆخێکی لیبرالّی لە کوردستاندا رەخسان. لەم کەشە لیبرالّەدا، ئازادی دەربڕین‌و ڕۆژنامەگەری یەکێکە لەو دەستکەوتانەی هەنگاوێکی باشی بۆ نراوە، ئەگەر چی شکاندنی رەوتی ئەم ئازادییە بەرچاو دەکەوێت‌و هێشتا پرەنسیپەکانی ئازادی ڕۆژنامەگەری‌و دەربڕین سەقامگیر نەبووە. لەگەلّ ئەوەیشدا خەباتی ڕۆژنامەگەری بەشێکی بەرچاوی خەباتی حزبی‌و بێ لایەنی ئەم سەردەمە لەکوردستاندا پێکدەهێنێت.

خەباتی ڕۆژنامەگەری دەسەلاّتێکی مەزنی جوولاّنەوەی سیاسی‌و رەوتی بەرەو پێشەوە چوونی کۆمەلّە لەبواری وەدیهێنانی ئازادییە سیاسییەکاندا، بۆیە بەڕاستی ئەم دەسەلاّتە، کەبە دەسەلاتی چوارەم ناودەبرێت، پرنسیپەکانی ئازادی لە سەنگی مەحەک دەدات.

دیاره له ژێر کاریگەریێتی ئەو بارودۆخه له بارەدا هەر ڕۆژنامەو گۆڤارێك ڕوو بەڕووی کۆمەڵێك ئەرك دەبێتەوە. خۆ ناکرێت گۆڤارێك به شیوەیەکی ڕێکوپێك دەربچێت، بێ ئەوەی ئامانجو ئەرکێك له ئەستۆی خۆی نابێت، ملی ڕێگا بگرێتە بەر.

هەر دەبێت کۆمەڵە ئامانجێك ستراتیژی خەباتی ڕۆژنامەگەری بێتو له پێناوەدا تێبکۆشێت. ئەگەر لەمەترازاو بێ هودەو تەنها بۆ ڕەشکردنەوەی چەند پەڕەیەك دەرچوو، ئەوا هەر زوو دەبێزرێتو بەرنەفرەتی ئەو جەماوەرەی ڕووی تێدەکات، دەکەوێت. لێرەدا ئەم پرسیارە راست دەبێتەوەو ڕوو له دەستەی نووسەرانی هەر ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەیەك دەکات:

ئێوه ئەی ئەوانەی پێنووسەکانتان چەکی دەستانه چی دەکەن‌و؟ لەم کاروانەدا چ شوێنێك هەڵدەبژێرن‌و؟ بەرەوکوێ دەڕۆن‌و؟ چ لوتکەیەکتان دەستنیشان کردووەو؟ چۆن ئەم هەورازه دەبڕن ؟ گۆڤاری دوارۆژ، هاودەنگی دەستەخوشکانی دیکەی لەو دەیان ڕۆژنامەو گۆڤارانەی ئیمڕۆ له کوردستاندا دەردەچن، له دیدو بۆ چوونی خۆیەوە، هاوبەشی ئەو ڕەوتە پێچاوپێچو ئاڵۆزەی ئەم سەردەمە دەکاتو بەهیوایە لەکەناری دوارۆژێکی مەزندا لەنگەر بگرێو بۆ ئەم دوارۆژە بچرێو له پێناوی وە دیهێنانیدا پشوو نەدات.

دوارۆژ گۆڤاری خەباتێکی فیکریو سیاسی دەبێت لەبەر تیشکی فەلسەفەو تیۆری سۆسیالیزمی زانستیدا، له خەباتی فیکریو سیاسی ئیمڕۆی کوردستانو عێراقو جیهاندا تێهەڵدەچێو لەڕێی ووشەی راستیو پەنا بردنه بەر حەقیقەتەوە بەشێکی ئەرکی بنیاتنانی دوارۆژی فیکریو سیاسی له ئەستۆ دەگرێ.

دوارۆژ فیکری زانستیانەی سۆسیالیزمو فەلسەفەو جیهانبینی سۆسیالیزمی زانستی بەسەرچاوەی تۆژینەوەو لێکدانەوەو لێ کولینەوەی سروشتو کۆمەڵو بیر دەزانێت. هەر لەم گۆشه نیگایەوە بەدوای ئامانجی هوشیاری خستنەوەیەکی سۆسیالیستییەوەیەو بڕوای وەهایه بێ هوشیاریی فیکری بناغەی هوشیاری سیاسیو خەباتی ئاڕاستەکراوی ڕێکخراو بۆ گۆڕانکاریی ڕیشەیی له کۆمەڵدا دانانرێت. هوشیاریی فیکری، کەرەسەی کۆمەڵێکی بەشەری نوێ له بیرکردنەوەو وردترین ڕەفتاری پێشکەوتووانەی ڕۆژانەیدا، پێکدەهێنێت.

مەبەست لە هەشیاریی فیکری، هوشیارییە لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریدا. هەڵوێست وەرگرتنە لە خودو لە کۆمەڵو لە دەوڵەتو لە هەموو دامودەزگاو یاساو دابونەریتو تەونی فیکریی سیستەمی باڵادەستو، بەدیلە جیاجیاکانی ئەم جیهانی چەوساندنەیەی ئیمرۆو، گونجاوترین تەرزی ژیان بۆ دوارۆژی مرۆچەوساوەکان، واتە چینە بندەستەکانی ئەم کۆمەڵگایەی ئادەمیزاد، دەخاتە ڕوو.

هوشیاریی فیکری پساندنی هەزارو یەك زنجیرو کۆتو پێوەندی ئایدیایی گەندەڵو ڕزیوی مێژوویەکی لە مرۆ نامۆیە کە بۆنو بەرامەی تایبەتی لەهەر شوێنێکدا بۆ خۆی گرتووەو چینە باڵادەستەکان بەسەر چینە رەنجدەرەکانیاندا سەپاندووە.

دوارۆژ وەك گۆڤارێکی سیاسی گشتیش سەربەستانە، لە جیو ڕێیەکی سەربەخۆ لە کێبەرکێی حزبییەوە، بەتەنگ کێشە سیاسییەکانەوە دێتو هەڵویستو تێگەیشتنو قسەی خۆی لە بارەیانەوە رادەگەیەنێت.

لە ئاستی جیهانیدا، لەبەرەی خەباتی دژە سەرمایەداریدا سەنگەر لێدەداتو بانگاشەی بەدیلی سۆسیالیستی بۆ دوارۆژی بەشەر رادەهێڵێ. سیاسەتی لە شکرکێشیی ئیمپریالیستیو داگیرکرانو پیلان گێڕانو جەنگ هەڵگیرساندن ڕیسوا دەکات. بەرەی کرێکارانو زەحمەتکیشانی جیهان دژی بەرەی سەرمایەداریو چەوساندنەوە بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت.

دوارۆژ لە ئاستی ناوچەییدا، پێ لەسەر یەکێتی تیکۆشانی چینە چەوساوەکانو گەلانی ناوچەکە دادەگرێتو هاوچارەنووسیان دووپات دەکاتەوەو لەپێناوی ناوچەیەکی سەربەخۆو ئازادو هێمنو پڕ ئاسایشو پێشکەوتوودا تێدەکۆشێت.

دوارۆژ هاندانی سیاسی خۆی لە خزمەتی ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی لە عێراقدا دادەنێتو یەکێتی کرێکارانو زەحمەتکێشانی گەلانی عێراق بە بەردی بناغەی دوارۆژێکی دیموکراتیو سۆسیالیستی دەزانێتو هەوڵی فیکریو سیاسی خۆی دەخاتە پاڵ تێکۆشانی هەموو هێزە دیموکراتو سۆسیالیستەکانی عێراق لە پێناوی عێراقێکی دیموکراتی ئازاددا، هەتا سەرەتاکانی ئازادیو یەکسانی سەرتاسەری کۆمەڵگای عێراق بگریتەوەو

کۆتایی بە ڕەشترین سەردەمی سیاسیو هەموو ئەو کوێرەوەرییانە بێت کە لەسەر دەستی رژێمی فاشستی عێراقدا چارەکە سەدەیەکە گەلانی عێراق بەدەستییەوە دەناڵێنن.

دوارۆژ پرەنسیپی مافی گەلان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا بە دروشمو ڕێڕەوی گونجاو لەگەڵ گیانی جیهانی هاوچەرخ دەسەلمێنێتو لەم دیدگایەوە پشتگیری بێ چەندو چوونی خەباتی ڕەوای گەلی ستەمدیدەی کورد دەکات بۆ سەلماندنی ئەم مافەو گەلی کورد بە خاوەنی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی دەزانێت تا رادەی سەربەخۆییو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوایەتی خۆی بێ ئەوەی هێزە نێو دەوڵەتییەکان دەستی تێ وەربدەن. هەر لەم دیدگایەوە پاراستنی دەسکەوتەکانی راپەرینی بەهاری ١٩٩١ و مانەوەو پێشخستنو پەرەپێدانی بارو دۆخی سیاسی ئێمرۆی کوردستانی مەبەستەو خوازیاری گۆڕانکارییەکی دیموکراتی بنەڕەتی کۆمەڵگای کوردستانو جێگیرکردنو پتەوکردنو فراوانکردنی پرەنسیپەکانی ئازادی بێ کوتو پێوەندی سیاسیو یەکسانیو مافە مرۆڤایەتی یەکانی خەلکی ستەمدیدەو زەحمەتکێشی کوردستانە.

دوارۆژ ناکۆکی سەرەکی ئەم قۆناغەی خەباتی کریکارانو زەحمەتکێشانی گەلانی عێراق لەگەڵ حکومەتی سەرمایەی بەغدا، نوینەری بورژوا ناسیۆنالیستی شوڤێنی عەرەب، دەبینێتو هەموو ناکۆکییەکانی دیکە بە سەرەنجامی ئەم سیستەمە دەزانێت بۆیە لە ریزی پشتەوەی ئەم ناکۆکییە سەرەکییەیدا دادەنێت، بێ ئەوەی چەکی ڕەخنە لەئاستی دیاردەی دزێوو سیاسەتی چەوتو هەرگوشارێك بۆ سەر ئازادییە سیاسییەکانو پرەنسیپە دیموکراتییەکان، لەزەوی بنێت.

دوارۆژ لاپەرەکانی بۆ ئەم ئامانجانە تەرخان دەکات وچاوەڕوانی قەڵەمی بەپێزی هەموو ئەو نووسەرە دڵسوزانەیە کە ئەم پەیامە بەگشتی یان لە بەشێکیدا دەسەلمێنن. هەروەها لاپەرەکانی ئاوەڵایە بۆ هەر تۆژینەوەیەکی مولتەزیمو هەر نووسینێکی ڕەخنەیی کە لە سەنگەری سوسیالیزمەوە ئاراستەی بکرێتو بەگیانێکی بابەتییانەی زانستییەوە شەنوکەوی مەسەلە فیکریو سیاسییەکان، دوور لە گرژیو هەڵچوونو بیرو بۆچوونی خودیانەی سەرپێیو بێ بەڵگە، بکات.

دەبا قەڵەمە بەبڕشتە بەرچاو ڕوونەکان قۆڵی ئەم خەباتەی لێ هەڵماڵنو لەم پرۆژە فیکریو سیاسییەدا کوورەی پرجۆشی تێکۆشان بدەمێنن

# سەرەتایەك بۆ تێگەیشتنی گەوهەری سۆسیالیزم

فوئاد قەرەداغی

## پێشەکی

دوا رۆژ

ئەوە یەکەم جار نییەو دوا جاریش نابێت سۆسیالیزم لە نوچدانێکی کاتیدا بەر هێرشێکی هەمە لایەنەی نەیارانی دەکەوێت. هەر لە ناوەڕاستی سەدەی پێشووەوە تا ئیمڕۆ چەندین جار ئەم بزوتنەویە بەر رەخنە دراوەو گشت دامودەزگاکانی سیستەمی سەرمایەداری هەوڵی پووچەڵکردنەوەو خنکاندنیان داوە.

ئەوەتا لێنین لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا دەڵێت: "بزوتنەوەی جیهانیی سۆسیال-دیموکرات لەمرۆدا تووشی بیرکردنەوەیەکی شپرزەبووە. هەتا ئێستا دیدو بۆچوونەکانی مارکس و ئەنگلز بە بنەمایەکی پتەوی تیۆری شۆڕش گێرانە دادەنرا، کەچی ئێستا لە هەموو لایەکەوە چەندین دەنگ بەرز دەبنەوە و دەڵێن ئەم دیدو بۆچوونانە نەك هەر بەس نین بەڵکو پیر بوونو بە کەڵك نەماون" (لینین-گوتاری بەرنامەکەمان).

سۆسیالیزمی زانستی، یان ئەو سۆسیالیزمەی بەڕاستی ناوی مارکسی هەڵگرتووەو لە ئەدەبیاتی سۆسیالیستیدا بە مارکسیزم ناسراوە، لە ململانێیەکی بێوچاندا دژی سەرمایەداری لە لایەکو دژی سۆسیالیزمەو بۆرژواییەکان لە لایەکی دیکەوە، بووە.

هەر لەو کاتەوە سۆسیالیزمی مارکس بوو بە بیرو پراکتیك و ڕێبازی بزوتنەوەی کرێکاران لە سەرانسەری جیهانداو هەموو بیرو ڕێبازە وردە بۆرژواییەکانی لە نێو ئینتەرناسیۆناڵی یەکەمدا بەزاند، بۆ یەك ڕۆژ ململانێی کوژاندنەوەو هەڵوەشاندنەوەی ڕانەگیراوە. مارکسو ئەنگلز لە ژیانی خۆیاندا، ڕێبازی چەواشەی سۆسیالیزمە بۆرژواییەکانیان پاکتاو کرد. لە دووگرێی سەرەتای ئەم سەدەیەشدا لینین ئەو ئەرکەی گرتە ئەستۆو مارکسیزمی لە شێواندن پاراستو ڕەوتی ریفیۆژنیستی ئینتەرناسیۆناڵی دووەمی ڕیسوا کرد. بەسەر کەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر سۆسیالیزمی مارکس سنووری بزوتنەوەی سۆسیالیستی تێپەڕاندو کاریگەرێتی خۆی بەسەر تەواوی فیکری سیاسیو فەلسەفەییو ئابووری جیهانەوە دانا.

ئیمڕۆ، پاش هەرەس هێنانی دەوڵەتە بەناو سۆسیالیستەکانو یەکدەست بوونەوەی جیهان بۆ سیستەمی سەرمایەداری (١)، بۆ جارێکی دیکەو گەرمتر لە هەموو سەردەمێکی دیکە، بانگاشەی مەرگی سۆسیالیزمو هەڵوەشاندنەوەی بنەما بنەڕەتییەکانی مارکسیزم ڕادەگەیەنرێت. ئەنتی سۆسیالیستە کۆنەکانو نوێیەکان؛ ئەوان بۆ سەلماندنی بیرو بۆچوونە دێرینەکانیانو ئەمانیش بۆ وەرگرتنو دامەزراندن لە جێورێیەکی سیاسی گونجاوو لەبارتر لە بنەماڵەی بۆرژوازی خۆماڵیو جیهانیدا، ڕەوتێکی تیرو تەشەر لێدانی سۆسیالیزمیان بەرێخستووەو خۆشخەیاڵانە نەخبی "کۆتایی هاتنی سۆسیالیزم" نۆش دەکەن. بۆیە جێی خۆیەتی سەدان پرسیار سەرهەڵبدەنو لە ئاستی ئەم هەرەسەدا هەڵوێستەیەك بکرێتو ڕستێك پرسیار ڕێچکە ببەستنو بڵێن: ئایا ئەوەی هەرەسی هێنا سۆسیالیزم بوو؟ ئایا سۆسیالیزم وەك قۆناخێکی نوێو پێکهاتە (تشکیلە) یەکی کۆمەڵایەتی حەتمی دوای قوناخی سەرمایەداری، دەشێت سەرەنجامەکەی پاشەکشەو گەڕانەوە بۆ سەرمایەداری بێت؟ ئایا سەرمایەداری سیستەمێکی تا هەتایی (ئەبەدی)یە؟ ئایا بزوتنەوەی سۆسیالیستی دەتوانێت دەستبەرداری ئاڵای تیۆری مارکسیزم ببێت؟ ئەم پرسیارانەو گەلێکی دیکەی لەم بابەتە پێویستییان بە وەڵامدانەوە هەیە. وەڵامەکان پەیوەندییان بە تێگەیشتنی گەوهەر (جوهر)ی سۆسیالیزمەوە هەیە، بۆیە شیکردنەوەی گەوهەری سۆسیالیزم گرێ کوێرەی پرسیارەکان دەکاتەوەو ڕێگای مێژوویی دوا ڕۆژ بۆ چارەنووسی بەشەرییەت ڕووناك

دەکاتەوە. چاکترین شێوازیش بۆ ئەوەی ئەم ململانێیە لەگەڵ ئایدیای بۆرژوازیدا یەکلایی بکرێتەوە، شەنوکەو کردنی تێزە باوەکانیانو لێکۆڵینەوەی بەهانەو برو بیانووەکانیانو، بەکارهێنانی چەکی سۆسیالیزمی زانستی مارکسە بۆ پووچەڵ کردنەوەیان.

ئەم توێژینەوە سەرەتاییە بە هیوایە دەروازەی خەباتێکی تیۆری لەمەڕ سۆسیالیزم ئاوەڵا بکات. لە ڕێی ئەم مەبەستەشدا، هەموو پێداچوونەوەیەکو پولیمیکێکی رەخنەیی کە لە سەنگەرەکانی چەپەوە ئاراستەی بکرێت، بەسنگێکی فراوانەوە وەردەگرێت.

## بەشی یەکەم/ ئایدیاو چەمکی باوی سۆسیالیزم ( ٢ )

مەودای نێوان سەرەتای سەر هەڵدانی سۆسیالیزمی زانستیو ئەم سەردەمە، پتر لە سەدەو نیوێك دەبێت. چەمکی سۆسیالیزم لە شێوە باوەکەی ئیمڕۆیدا لە چەمکە رەسەنەکەی دوور کەوتۆتەوە. ئەم چەمکە باوە لەسەرچاوە سەرەکییەکەوەوەرنەگیراوە بەڵکو بە ڕێگای جۆر بە جۆرەوە گەیشتووەو چەندین دەستکاری سەلبی یان شێواندنی بەسەردا هاتووە؛ بە تایبەتی، شێوەی تێگەیشتنی رەسمی دەوڵەتە بەناو سۆسیالیستەکانی بە خۆوە گرتووە. پراکتیکی ئەو ((سۆسیالیزمەی)) لە حەفتا ساڵی رابردوودا لە بەشێکی ئەم جیهانەدا هەبوو، بووەتە سیمای سۆسیالیزمو بەو جۆرە تێگەیشتنەوە ئەزموونەکە هەڵدەسەنگێندرێت. تێگەیشتنی باو لەو بازنەیەدا دەخولێتەوەو رەخنەکان لەو ئایدیا باوەوە سەرچاوە دەگرن. گرنگترین ئەو لێکدانەوانەی بۆ هەڵوەشاندنەوەو پووچەڵ کردنەوەو بێ نرخ کردنی سۆسیالیزمی زانستی پەنایان بۆ دەبرێت، لەم تەوەرانەدا بەرجەستە دەبن:

١/١ لێکدانەوەی رەوشتیانە ( ئەخلاقی ) بۆ سۆسیالیزم

لەم ڕوانگەیەوە سۆسیالیزم وەك رەخنەگرتنێکی رەوشتیانە لە سەرمایەداری باسی لێوە دەکرێت، گوایا سۆسیالیزم ڕێبازێکە بۆ نەهێشتنی هەژاریو پیادەکردنی ((عەدالەتی کۆمەڵایەتی)) لە کۆمەڵگادا بە شێوەیەك هەموو ئەندامانی کۆمەڵ بەیەکسانی پێکەوە بژینو هەژارو دەوڵەمەند نەمێنێتو ئاستی ژیانی خەڵکی وەکو یەکی لێ بێت. لەم ڕوانگەیەوە هەموو کوێرەوەرییەکانی ژیانی خەڵکی بۆ نەبوونی یەکسانی دەگەڕێندرێتەوە. ئۆباڵی ئەو هەژارییەش بە پاڵ چینە داراکان دەدرێت، بۆیە سۆسیالیزم

دەتوانێت دەستی ئەو چینانە ببڕێتەوە و کۆمەڵ بە هەموو چینەکانیەوە، لەسایەی ئەم جۆرە سۆسیالیزمەدا، بەختیار بنو هەژاری بنە بڕ بکرێت.

ئەم تێڕوانینە، بەرانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی وەك پیاو چاکە کۆمەڵایەتییەکانی مێژوو بە خەڵکی دەناسێنێ. سۆسیالیزم لە ریزو ئاستی بیروباوەڕو ئاینو سۆسیالیزمە یۆتۆپی (خەیاڵی) یەکاندا دەبینێت. نیازی چاكخێرخوازیوپیاوچاکیو بەزەییو عەدالەت خوازی بەسەرچاوەی کارکردن بۆ نەهێشتنی هەژاریو دروست کردنی کۆمەڵگایەکی یەکسانو بێ چەوساندنەوە دەزانێت. بەم پێیە نارەوایی هەژاری بەر رەخنە دەداتو هەر هەوڵێك لەهەر چینو توێژو سیستەمێکەوە بۆ چاکترکردنی گوزەرانی چینە نەدارەکان بدرێت لە خانەی ((عەدالەتی کۆمەڵایەتی)) و سۆسیالیزمدا دایدەنێت

ئەم تێگەیشتنە باوە، شێوە تێڕوانینێکی پۆپۆلیستی (شعبي) یەو پشت بە ئایدیای جووتیاری دەبەستێت و بە هیچ کلۆجێك لەگەڵ دیدگای سۆسیالیزمی زانستیدا ناگونجێت.

فەلسەفەی ئەم دیدگایە لە بواری بنەبڕکردنی هەژاریدا کارکردنەو بەوە دەشکێتەوە کە ((دەستی ماندوو لەسەر زگی تێر بێت))(٣)، واتە بۆ تێر بوونی برسییەکانو باش بوونی باری ژیانیانو نەمانی هەژاری پێویستە زیاتر کاربکەنو سامانی زیاتر بەرهەم بهێنن تا لەو بەرهەمە زیاتر بەهرەمەندبنو ئەنجامی ماندوو بوونیان زگ تێری بێت. لە وڵاتانی دواکەتووی جیهاندا ئەم ئایدیا باوەی سۆسیالیزم پتر پەرەی سەندو بەم ناوەوە بزوتنەوە ((سۆسیالیستییەکان)) کاریان دەکردو کاری هاندانیان لەتەوەرەی هەژاریدا دەسوڕایەوەو گەشەکردنیان بەم دیدگایە پشت ئەستور بوو. بۆیە ئەم بزوتنەوانە لەگەڵ هەر بۆ پێشەوە چوونێکی باری گوزەرانی خەڵکی لە وڵاتانی دواکەوتوداو، باش بوونی ئاستی ژیانی کرێکاران لە وڵاتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکاندا، تووشی ڕاتڵەکاندنو بەدوا هاتنو پووکانەوە بوونو چەکی هاندانیان لێ داماڵراو سەری گلۆڵەی ناکۆکییەکانیان لێ بزر بوو؛ بەم هۆیەشەوە، هەر لە پاشەکشەکردنو پاشگەزبوونەوەوە تا سەر رەتکردنەوەی رێگای سۆسیالیزمو وەچەرخان بەلای جیهانی سەرمایەداریدا سەرەنجامیان بوو.

## ٢/١ سۆسیالیزم وەك ڕێگای پیشەسازی کردنو گەشەکردنی ئابووری

لەم دیدگایەوە سۆسیالیزم ئەڵتەرناتیفی دواکەوتنی پیشەسازیو زەبوونی ئابووری پێکدەهێنێت.بەم شێوە تێگەیشتنە، سۆسیالیزم دەکاتە کۆمەڵێك کرداری ئابووریو گەشەکردنی هۆیەکانی بەرهەم هێنانو پیشەسازی کردن. سۆسیالیزم بە پێی ئەم شێوە تێڕوانینە لەسەر بنچینەی پیشەسازییەکی هەرە پێشکەوتوو دادەمەزرێت. بۆیە هیچ بنجوبناوانێکی لەو کۆمەڵگایانەی لە ڕووی بیشەسازییەوە دواکەوتوون نییە. واتە دینامیزمی پیشەسازییەکی هەرە پێشکەوتوو سۆسیالیزم بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەدوای خویدا دەهێنێ؛ لەبەر ئەوە دەبێ سۆسیالیستەکان ئارام بگرنو خەباتی خۆیان بپێچنەوەو چاوەڕوانی ئەو سەردەمە بن کە پیشەسازی هەرە پێشکەوتووی خۆی بۆ خۆی سۆسیالیزم دەسەپێنێ. لە ولآتانی دواکەوتووی جیهاندا، سەرمایە لە بەشەکانی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵیو دەرهێنانی کەرەسەی خاوو بەرهەم هێنانی کالآی بەکاربردن (استهلاکی)ی خۆجێیدا (محلی) بەگەڕ دەخرێت و سەبارەت بەوەی پیشەسازی هەرە پێشکەوتووی سەنگینیان تێدا نییە، خەباتی سۆسیالیستییان گەرەك نییە!! خۆ ئەگەر سۆسیالیزم وەك ڕێبازێك بیادە بکرێت، دەبێت بۆ پیشەسازی کردنی ئەم ولآتانە بێت، لەبەر ئەوە سۆسیالیزم لەنێو جوغزی خۆماڵی کردنی سامانو ئامرازەکانی بەرهەم هێنانو بەرنامەڕێژی ئابووری بەند دەکرێت. بەو پێیە هەر حزبێك یا دەوڵەتێك، بەم چەمکە (سۆسیالیستی) یە، ئەگەر بەرنامەی خۆماڵی کردنو پیشەسازی قورسو بەرهەم هێنانی کالآ بەرهەم هێنەکانی گرتە بەر، ئەوە سۆسیالیستییە! بەم مانایە گۆڕینی کۆمەڵگا لە بارێکی کشتیارییەوە بۆ پیشەسازی یان لە پیشەسازییەکی دوا کەوتووەوە بۆ پیشەسازییەکی پێشکەوتوو، ئەوە سۆسیالیزمەو هەر سەرنەکەوتنێك لەم بوارانەدا، سەرنەکەوتنی بەرنامەی سۆسیالیستیو سەرجەمی چەمك و سیاسەت و ئابووری سۆسیالیستیو پوچەڵ بوونەوەیانە!!

ئەو ڕەخنەیەی ئیمڕۆ لە سۆسیالیزم دەگیرێت، بەشێکی ئاڕاستەی نموونەی پیشەسازی کردنیولآتە بەناو سۆسیالیستەکان دەکرێت کە لەئاستی ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژییە گەورەیەی جیهانی سەرمایەداریدا بە بنبەست گەیشتنو نەیانتوانی پێ بەپێی ئەو گەشەکردنە زانستیو تەکنەلۆژییە برۆن بەڕادەیەك ئاستێکی دوا کەوتووی پیشەسازیوئابووریيان لەو ولآتانەدا خستەوە. ئەم ئاستە دواکەوتووە بەهانەی پاشگەزبوونەوە لە سۆسیالیزمی بەدەستی سۆسیالیستە بۆرژواییەکانەوە داوە تا ڕادەی پەسەند کردنی سەرمایەداریوەك واقیعێكو بانگەشەی ئەبەدییەت بۆ کردنی.

سەرمایەداری لە گۆشە نیگای سۆسیالیزمی بۆرژواوە نموونەی سیستەمێکی بەتوانایە بۆ پیشەسازی کردنیوڵات و پێشکەوتنی ئابووری.

لۆجیکی بیرکردنەوە و سیاسەتە ئابوورییەکانی سیستەمە بەناو سۆسیالیستەکان دووپاتی ئەم بۆچوونە بۆرژواییەیان دەکردەوە. بۆیە لەتەواوی جیهانێکدا کە لە تەوەرەی ئەو دەوڵەتانەدا دەسووڕانەوە، پیشەسازی کردنو گەشەکردنی ئابووری بەمەرجی بنەڕەتی سۆسیالیزم دانرابوو. بۆیە ئاسایییە پێشکەوتنی زانستو تەکنەلۆژیا لە وڵاتە سەرمایەدارییەکانی رۆژئاواو ژاپۆندا هاوتایی (توازن)ی سۆسیال-بۆرژواکان تێك بداو بەرەو پاشگەزبوونەوە لە سۆسیالیزم راپێچیان بکات.

## ٣/١ سۆسیالیزم وەك دوا رۆژی مرۆڤایەتی و ئەرکی هەموو مرۆڤێك

ئەمە تێزێکی دیکەی پۆپۆلیزمی هاوچەرخە. لە روانگەی ئەم شێوە سۆسیالیزمە بۆرژوازییەوە، سۆسیالیزم بەهەشتی چینێك نییەو موڵکی هەموو مرۆڤایەتییە. لەم تێزەدا بەناوی مرۆڤایەتییەوە رۆڵی چینی کرێکار دەسڕدرێتەوەو ناوەڕۆکی چینایەتی ئامانجە سۆسیالیستییەکان پەردە پۆش دەکرێن. سۆسیالیزم بەئەرکی ((مرۆڤ)) دادەنرێت. دیارە مرۆڤی بێ ناونیشانی چینایەتی، مرۆڤێکی دابڕاو لە پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان. لە ڕوانگەی ئەم سۆسیالیزمەوە وەدیهێنانی یەکسانیو ((عەدالەتی کۆمەڵایەتی)) ئەرکی ((هەموو خەڵك))و ((هەموو گەل)) دەبێت. ئەم سۆسیالیزمە مرۆڤو کرێکار، خەڵكو کرێکار، گەلو کرێکار، لەبەرامبەر یەکتریدا ڕادەگرێت و جیاوازی نێوان ئەو چەمکە جیا جیایانە نابینێت. لەم جۆرە بیرکردنەوەیەدا سۆسیالیزم دەکرێتە ئەرکی هەموو چینەکان بەو بیانووەی سۆسیالیزم ڕێگای رزگار کردنی هەموو مرۆڤەکانەو بەهەشتی سۆسیالیزم موڵکی هەموو بەشەرییەت دەبێت.

ئەو بزوتنەوە ((سۆسیالیستی)) یانەی بەم بۆچوونەوە کاریان دەکرد دەرگایان بۆ خەڵکی، بە جیاوازی چینو توێژە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە، خستبووە سەرپشت، تەنانەت هەندێکیان بە ناوی حزبی گەل و خەڵك و جەماوەرەوە کاریان دەکرد. مەسەلەی هاوپەیمانێتی کرێکارانو جووتیاران، خاڵێکی بنەڕەتی هاندانو ڕێکخستنیان بوو؛ لە پێناوی فراوان کردنی ریزەکانی خۆیانداو تەنها خەڵك کۆکردنەوە لە دەوری خۆیان، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە حزبەکانیان حزبی کریکارانو جوتیارانەو سۆسیالیزمی نێو بەرنامەی ئەوان بەرژەوەندی هەردوو چینەکە وەکوو یەك دابین دەکات.

هەندێکی دیکە لەم ڕێبازە ((سۆسیالیستییەی)) بۆرژوا بە ئاشکرا سۆسیالیزمیان بە ئامانجی کرێکارانو جووتیارانو ڕۆشنبیرانیشو پیشەوەرانیش دانابوو!! سۆسیالیزم بە پێی ئەم چەمکە کرابووە جوولانەوەی یەکگرتووی ئەم چینە جیاجیایانە بۆ بنیادنانی کۆمەڵگای سۆسیالیستی !

ئاڵۆزی بنەڕەتی لەم شێوە بیرکردنەوەیەدا، تێکەڵ کردنی دەستکەوتەکانی کۆمەڵگای سۆسیالیستییە لە ڕووی ڕزگارکردنی بەشەرییەت لەدەست چەوساندنەوە، لەگەڵ تێگەیشتنی ڕۆڵی ئەو هێزە کۆمەلایەتییەی ئەرکی ئەو ڕزگاری کردنەی لە ئەستۆ دەکەوێت و پتر لە هەموو چینو توێژکانی کۆمەڵگا سۆسیالیزم لە تەك بەرژەوەندییەکانیدا دێتەوەو بێ خەباتی چینایەتی سەرسەختی ئەو هەرگیز بەدینایەت.

شان بە شانی ئەم تێزە، چەمکێکی باوی دیکە هەیە ڕۆڵی ڕۆشنبیرانو تەکنیکاران دەخاتە پێشەوەو بەهیوایە سۆسیالیزم لەسەر دەستی ئەواندا بەدی بهێنرێت. بە پێی ئەم چەمکە کرێکاران هیچ ڕۆڵێکی گرنگیان نەماوە لە کرداری سەرنگون کردنی سەرمایەداریو بنیادنانی سۆسیالیزمدا سەبارەت بەوەی تەکنەلۆژیای نوێ لە بواری بەرهەم هێناندا ئامێری ئۆتۆماتیکو کۆمپیوتەرو ڕۆبۆتی هێناوەتە کایەوەو تەنها کەسانی پسپۆرو شارەزاو کارامە لە بواری تەکنیکدا دەتوانن چەرخی گۆڕانکارییەکانی جیهان هەڵسوڕێننو کۆمەڵگای بەشەری بۆ سۆسیالیزم بگوێزنەوە!! لەم باری سەرنجەوە ئیتر کرێکارانوەك چین نەماون، سەرمایە لەزێدەبایی کاری ئەوان کەڵکە ناکرێتو خەباتی چینایەتیو ململانێی کارو سەرمایە تەنها قسەی نێو کتێبە کلاسیکییەکانی مارکسیزمەو لە دنیایواقیعدا بوونی نییە!! بۆیە هەندێك لەم مەیلە بەناو سۆسیالیستییانە ئەرکی سەرەکی سۆسیالیزم لەوەدا دەبینن ئیش بۆ بێکاران بدۆزێتەوەو لە بوارێکی کاردا بەگەڕیان بخات، چونکە گوایا چینی کرێکار بوونی خۆی لەدەست داوەو کۆمپیوتەرو ڕۆبۆت جێی گرتوونەتەوەو کەرەسەی خاو بەبێ ووزەی کرێکاران ڕاستەوخۆ زێدەبایی لێ پێکدێت !!

هەر ئەم باوەڕە تێزێکی دیکە دەخاتەوە کە خەباتی چینایەتی ڕەت دەکاتەوەو دەڵێت گوایا سۆسیالیزم بەهاوکاری چینایەتیو دوور لە ململانێی پرۆلیتاریاو بۆرژوازی دێتە دیو ڕۆڵی پێشرەوی بۆ دوا ڕۆژی سۆسیالیستی پسپۆرو تەکنیکارو زاناکان دەیبینن، لەبەر ئەوە هەرچەند کۆمەڵگا لە بواری زانستو تەکنەلۆژیادا پێش بکەوێت، هەرچەندە پسپۆرو تەکنیکارو زانامان زۆر بن، ڕۆژی هەرەسی سەرمایەداریو هەڵهاتنی خۆری سۆسیالیزم نزیك دەبێتەوە!!.

## ٤/١ سۆسیالیزم وەك حەتمییەتی مێژوویی‌و بەرەنجامی پەرەسەندنی کۆمەڵگای بەشەری

ئەمە دیدو بۆچوونێکی دیکەیە، ڕۆڵی خەباتی کرێکاران لە وەدیهێنانی سۆسیالیزم ڕەتدەکاتەوەو بەو بەهانەیەی کە سۆسیالیزم قۆناخێکی مێژووییەو هەر دەبێت بێتەدی، بۆیە ناشێت پەلەی لێ بکرێت‌و دەبێت بۆ گەشەکردنی ئاسایی کۆمەڵگای بەشەری بەجێ بهێڵرێت. لەم ڕوانگەیەوە، بەشێوەیەکی سروشتی، کاتێك کرێکاران زۆر دەبن‌و ڕێژەیەکی گەورەی کۆمەڵگا پێك دێنن، ئیتر ڕۆژێك دێتە پێشەوە بەناچاری هەر کرێکار دەمێنێتەوە کاروباری ژیانی کۆمەڵگا ڕێك بخات‌و سۆسیالیزم بنیاد بنێت.

ئەم شێوە تێگەیشتنە لەدوا ڕۆژی سۆسیالیستی جیهان لەو بیرکردنەوە میکانیکییەوە سەرچاوە دەگرێت کە گوایا تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری لە گەشەکردنیدا گواستنەوە بۆ سۆسیالیزم دەخوازێ. واتە پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری ڕەوتێکی هێمن‌و لەسەرخۆ دەگرێت‌و بەشێوەیەکی ئاشتیانە گۆڕانکاری بەسەردا دێت‌و بە پەیوەندی بەرهەم هێنانی سۆسیالیستی دەگۆڕدرێت. هەر لەم بوارەدا ڕۆڵی دەوڵەت وەك فاکتەرێکی سەرەکی لەو گۆڕانکارییەدا باس دەکرێت؛ گوایا کۆنترۆڵی دەوڵەت بەسەر لایەنە سەرەکییەکانی ئابووری‌و ژیانی کۆمەڵایەتیدا، پێش مەرج‌و زەمینەی ئاسایی سۆسیالیزمە با ئەو دەوڵەتەش پابەندی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکانیش بێت. تەنانەت لەم ڕوووە بۆچوونی وەها هەیە دەوڵەت لە ناوڕۆکی چینایەتی خۆی جیا دەکاتەوەو پێشبینی ئەوە دەکات ڕۆژێك لە ڕۆژان دەوڵەت وەك ناوبژیوان لەنێوان سەرمایەداران‌و کرێکاراندا ڕابوەستێت‌و توندو تیژی ململانێی نێوانیان کەم بکاتەوە تا لەئاکامدا ڕۆژێك دێت سەرمایەداران بەخواست‌و ئارەزووی خۆیان شانۆی مێژوو بەجێ دەهێڵن‌و دەسەڵات بەدەست چینی کرێکارەوە دەدەن!

هەر لەم ڕوانگەیەوە تەواوی ئەو سیستەمانەی حزبە سۆسیال-بۆرژواکان بەڕێیانەوە دەبردن لەسەر بنچینەی سەرمایەداری دەوڵەت دامەزرابوون. گرنگترین کارەکانی ئەم دەوڵەتانەی بە سۆسیالیزم ناویان دەبردن خۆماڵی کردنی پیشەسازی‌و کانەکان‌و پیشەسازی کردنی سەنگینی‌وڵات‌و دەست خستنە ئابووری‌و کارکردەکانی بازاڕو پێکهێنانی ئابوورییەکی چڕو بەرنامە ڕێژکراو بوو لەژێر سایەی دەزگایەکی بیرۆکراسی دەوڵەتیدا کە لە ترۆپکیدا حزبی دەسەڵاتداری بەڕووکەش سۆسیالست و کۆمۆنیست ڕاوەستابوو.

## ١/٥ سۆسیالیزم وەك ئامانجێكی نەتەوەییو خۆجێیی ( محلي )

ئەمە تێزێكی دیكەیەو زیاتر لە ولاتانی جیهانی سێیەمدا، واتە لەو ولاتانەی جارانولاتانی كۆلۆنیو نیمچە كۆلۆنییان پێ دەگوترا باوە. خالی دەست پێكردنو تێگەیشتن لە سۆسیالیزم لەم بۆچوونەدا لە بەرژەوەندیو باری سەرنجی نەتەوەییەوە دستنیشان دەكرێت. سۆسیالیزم لەم روانگەیەوە بە مەسەلەی رزگاری نەتەوایەتیو بەجێهێنانی ((عەدالەتی كۆمەلایەتی)) لە ئاستێكی خۆجێییدا بەستراوەتەوە. سۆسیال بۆرژوای نەتەوەیی خاوەنی ئەم تێزەیەو لەسنووری ولاتی نەتەوەدا تێی دەروانێتو بڕوایوایە توانای بەدیهێنانی ئەم سۆسیالیزمە، بەدەر لەگەشەكردنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی جیهان، هەیە. بۆ ئەم مەبەستەش رەوتی گەیشتن بەم ئامانجە بە دوو قۆناخ دیاری دەكات: قۆناخی یەكەم، قۆناخی رزگاری نیشتمانیو نەتەوەییەو، سۆسیالیزمیش وەك قۆناخی دووەم بەدوایدا دێتو بنیاد دەنرێت.

رەخنەی ئەم جۆرە سۆسیالیزمە، بەتەنها، ئاراستەی جیاوازی چینایەتی ناوخۆو كاركردەكانی سەرمایەداری ناوخۆ، نەك سەرمایەداری وەك سیستەمێكی جیهانی، دەكرێت. خەبات لە پێناوی سۆسیالیزمدا بەئەركی چینە شۆڕشگێڕەكانی ((گەل)) دادەنرێتو گوایا كەمی كرێكارانو گەشەنەكردنی سەرمایەداری بەرادەی پێویست بۆ پێكهێنانی بزوتنەوەیەكی كرێكاری خاوەن توانا، رابەرایەتی ئەم ئەركە بەزەحمەتكێشانی بیرو بازوو دەسپێرێت.

لە ڕابردووی بزوتنەوەی سۆسیالیستی جیهاندا تێزی بینا كردنی سۆسیالیزم لەیەك ولاتداو خەباتی سەربەخۆیی خوازی دژە ئیمپریالیزم و گەشەپێدانی ئابووری نەتەوایەتیو پاراستنی سەروەرێتی (سیادە) ی نیشتمانی چەند نموونەیەكی ئەو شێوە تێگەیشتنە سۆسیالیستییەن كە شێوەی نەتەوەییو خۆجێییان بەخۆیانەوە گرتبوو.

سۆسیالیزمی نەتەوەیی لە جیهانی ئەمڕۆدا لەڕەوتی سەروسیما دانەوە بەخۆیدا، بیری ناسیۆنالیستیو ریفۆرمیستی دیموكراتیزم، بەشێوەی جیا جیا، وەك ئالای بزوتنەوەی خۆی بەرزدەكاتەوەو خۆی ئاوێتەو موتوربەی ئەو بیرانە كردووەو دەیكات.

## بەشی دووەم / گەوهەری سۆسیالیزم

باشترین ڕێگایەکی مەنهەجی بۆ لێکۆڵینەوەی چەمکە فیکریو ڕێبازە سیاسییەکان ئەوەیە بۆبنەما بنەڕەتییەکانو سەرچاوە ڕەسەنەکانی ئەو چەمک و ڕێبازانە بگەڕێینەوە؛ بۆ ئەوەی توێژینەوەکان شەقڵی مێژوویی بەخۆیانەوە بگرنو ئیمرۆی بابەتەکان لە ڕابردوویان دابڕ نەکرێن، تا کاری چەواشەییو لادانو لێکدانەوەی خودیانە مێژووی سەرهەڵدانو گەوهەری بابەتەکان نەشێوێنن. بۆیە هەر توێژینەوەیەکی باوەڕ پێکراو لەسەر سۆسیالیزم، بێ گەڕانەوە بو سەرچاوە کلاسیکییەکانی فیکری سۆسیالیستی لاسەنگ دەردەچێت، هەر ئەنجام گیرییەکیش بەوشێوەیە بەدەست بهێنرێت لە ڕووی زانستی ... ە لاواز دەبێتو ڕەخنەی زانستیانە مەنهەجی توێژینەوەکە هەڵدەوەشێنێت. ئەگەر باسیش لە سۆسیالیزمی زانستی بکرێت، واتە ئەو سۆسیالیزمەی مارکسو ئەنگلز لە ڕووی تیۆرییەوە تانوپۆیان پێ بەخشی، ئەوە دەبێت لەڕوانگەی تیۆریو پراکتیکی ئەوانەوە باسی لێوەبکرێت. ئەزموونی ڕابردووی بزوتنەوەی سۆسیالیستیش بەگەوهەری فیکری ئەوان پێوانە بکرێتو پاکوپیسی تێدا لەیەکتری جیابکرێتەوە. لەم باری سەرنجەوە هەموو ئەو چەمکو ئایدیا باوانەی لەمەڕ سۆسیالیزم لە ئارادایەو لەبەشی یەکەمدا خستمانە ڕوو، دەیدەینە بەر تیشکی سۆسیالیزمی زانستی مارکس و تەنها ئەو سەرچاوانە وەك سەرپشکی ڕاستیو چەوتی بۆچوونە جیاجیاکانوەردەگرین. (٤)

### ١/٢ فەلسەفەو تیۆری سۆسیالیزم

...((یان ئایدیۆلۆژی بۆرژوازیوەیان ئایدیۆلۆژی سۆسیالیستی. بەهەر ڕێگەیەك لەسۆسیالیزم کەم بکرێتەوە، یان بەهەر پلەیەك لێی لابدرێت، مانای بەهێز کردنو پاڵپشت کردنی ئایدیۆلۆژی بۆرژوازییە-لینین)) (٥)

مەسەلەی ((عەدالەتی کۆمەڵایەتی))، وەك چەمکێکی فیکریو سیاسیو بزوێنەری ململانێی کۆمەڵایەتی، چەندین سەدە بەر لەنەبوونی مارکسو ئەنگلز هەبووە. هەر لەو کاتەی کۆمەڵگا شێوەی چینایەتی بەخۆوە گرتووە تا ئێستا، عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەشێوەی جیاجیا لەڕووی ناوەرۆکو دەربڕینەوە، لەلایەن چینە بندەستەکانەوە خراوەتەڕوو، لەپێناوی ئەم ئامانجە مرۆییانەدا مێژووی بەشەرییەت لەلایەن چینە سەردەستەکانەوە شەلاَڵی خوێن کراوە. لەدوای شۆڕشی بۆرژوازی فەرەنساشەوە بەردەوام ئەم فیکری عەدالەت خوازییە لەشێوەی جۆراوجۆری سۆسیالیستیدا خۆی نواندووە.

مەیلی سۆسیالیستی هەمیشە لایەنێکی ئەو ململانێیە چینایەتییە بووە کە سەرجەمی مێژووی پتر لە نیو سەدەی دوای ئەو شۆڕشە بۆرژوازییەی تەنیوە. بەڵام سنووری مەیلی سۆسیالیستی لە پیاو چاکیو مرۆڤ دۆستیو بەزەییو سۆزو دیدگای یۆتۆپی دەرنەچووە. بەهەشتی یۆتۆپیانەی فورییەو سان سیمۆنو ئۆین گرنگترین ئەو تەرزە سۆسیالیزمە بوون کەبەر لە مارکسو ئەنگلز وەك هیوایەکی بەشەری بۆ بنەبڕکردنی چەوساندنەوەو دابین کردنی ئازادیو یەکسانی راستەقینە لەکایەدا بوون. سۆسیالیزمی زانستی کە مارکسو ئەنگلز لەناوەڕاستی سەدەی پێشوودا تانو پۆی فەلسەفیو ڕێسای تیۆرییان بۆدارشت مێژووی ئادەمیزادی لە بواری خەباتی عەدالەت خوازیدا بەهێڵێکی گەورە لەیەکتری جیا کردەوە. بەکردەوە سەردەمێکی نوێیان لەمێژووی خەباتی چینە بندەستەکاندا تۆمار کردو رەوتێکی نوێ لە مێژووی خەباتی چینایەتی بۆ جیهانێکی نوێی دوور لەچەوساندنەوە بەرێکەوت.

مارکسو ئەنگلز پەروەردەی واقیعی سیاسی پروسیای ئەو سەردەمە بوون. لە ئەوروپایەکی سەرمایەداریدا دەژیان. دوولاوی شۆڕشگێرو چالاکی ئەو بزوتنەوە فەلسەفیو فیکرییە بوون کە هیگلو پاشان فیۆرباخ رابەرییان دەکردو تەواوی ژیانی فەلسەفی ئەڵمانیایان بۆ ژێر رکێفی راکێشابوو. بەکردەوە تێکەڵی واقیعی سیاسیو ململانێی چینەکانو بزوتنەوەی کرێکاریی ئەو رۆژگارە بوو بوون. بۆیە لەخودی ئەو واقیعە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەوەو بەپشت بەستن بەفەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانیو ئابووری سیاسی ئینگلیزیو میراتی سۆسیالیزم لە فەرەنسا چاویان بەسەرجەمی ئایدیاکاندا خشاندەوەو چەکی رەخنەیان ئاراستەی سەرتاپای سیستەمی سەرمایەداریو ئایدیۆلۆژیای باوی بۆرژوازیو سۆسیالیزمی یۆتۆپیو گشت سۆسیالیزمە دەرەبەگیو وردە بۆرژوازیوبۆرژوازییەکانی سەردەمی خۆیان کردو فەلسەفەیان لە میتۆد (منهج)ی میتافیزیکیو دیالێکتیکیان لە قەوارەی ئایدیالیستی رزگارکردو بنەمای فەلسەفەی ماتەریالیزمی دیالێکتیکییان دارشتو ترۆپکی کارەکەشیان بە پراکتیکی فەلسەفەکەیان لە بواری لێکدانەوەو گەشەسەندنی مێژوودا بەگەڕ خستو ڕوویەکی زانستییان بە مێژووی کۆمەڵگەکان بەخشیو ماتەریالیزمی مێژووییان بەشێوەیەکی زانستیو پتەو دارشت. لەرووی تیۆرییەوە خەباتی چینایەتییانوەك دینەمۆی رەوتی بەرەو پێشەوە چووی مێژوو سەلماندو ئاکامی ئەو رەوتەشیان بە سۆسیالیزمو کۆمۆنیزم دەستنیشان کرد.

سۆسیالیزمی زانستی، هەموو رەخنەکانی پێش خۆی کەلەسەرمایەداری

گیرابوون، رەتکردەوە. ئەو رەخنانە لەروانگەیەکی ئایدیالیستی یەوە ئاراستەی سەرمایەداری کرابوون و شەقڵێکی رەوشتییان هەبوو.

رابەرانی سۆسیالیزمی زانستی رەخنەی رەوشتییان نەدەکرت. ئەوان سۆسیالیزمیان لەسەر بنەما ماتەری و دیالێکتیکییەکان دارشتبوو نەك وەك ئایدیایەك لەئەقلی خۆیانەوە بۆچارەسەر کردن و نەهێشتنی هەژاری دەری بهێنن؛ واتە خاڵی پەیرِوکردنی رێبازی سۆسیالیستییان لە سۆزو بەزەیی هاتنەوە بە کرێکاران و زەحمەتکێشانی چەوساوەی دەستی سەرمایەداری نەبوو. ئەوان ((عەدالەتی کۆمەڵایەتی)) وەك پێشنیازو ئارەزووی تایبەتی خۆیان بۆ بنەبرکردنی هەژاری و چەوساندنەوە نەدەخستە روو. ساویلکانە لەیەکسانی نەدەدوان و یەکسانیی ئیرادەگەریانەی پیاو چاکانیان پەسەند نەدەکرد. یەکسانی لای ئەوان بەنیازی چاك نەدەهاتە دی، بەڵکو پێویستی بەهەلومەرجی تایبەتی خۆی هەبوو.

سۆسیالیزمی زانستی بەشێوەی بەرنامەیی و زانستی، لەشێوازی بەرهەم هێنانی سەرمایەداریدا، بنەماو ناوەرۆکی چەوساندنەوەی هەڵهێنجا. سۆسیالیزمی زانستی مێژووی ئادەمیزادی بە مێژووی خەباتی چینایەتی و ململانێی نێوان چینەباڵادەستەکان و چینە چەوساوەکان لەقەڵەمدا. گۆرانکارییەکانی مێژووشی بەو گۆرانکارییە بنەرەتییانە لێکدایەوە کە لەپێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ پێکهاتەیەکی نوێ ترو باڵاتر هەنگاوی ناوەو دەینێ.

لە دیدگای سۆسیالیزمی زانستییەوە فەلسەفەو تیۆری و ئایین و یاساو هونەرو رەوشت و هەموو شێوەکانی هۆشی کۆمەڵایەتی دەکەونە سەر خانی کۆمەڵەوەو لەسەر ژێرخانێکی ئابووری دیاریکراو راوەستاون. ئەوەی کرۆکی ئەو لایەنانەی سەرخان، واتە هۆشی کۆمەڵایەتی، پێکدەهێنێت بوونی کۆمەڵایەتییە، بوونی ئادەمیزادەکانە لە سیستەمێکی بەرهەم هێناندا کە هەریەکەیان، وە هەر چینە، جێو رێی تایبەتی خۆیان لە سیستەمەکەی بەرهەم هێناندا وەردەگرن. لەبەر ئەوە هەر لە نیازی چاك و خێرخوازی و پاکی و سۆزو بەزەییەوە تا دەگاتە سەر سیاسەت و بەرنامەی سیاسی و بەڵێن و پەیمانی سیاسەتمەداران و نوێنەرانی چینە کۆمەڵایەتییەکان پابەندی ئەو بوونە کۆمەڵایەتییەن و لە دوو توێی ئەو رەفتارو هەڵوێست و گوتەو بەڵێن بەرنامەو رەخنەو بیرو بۆچوون و تیۆرییە جیاجیاکاندا، ناسنامەی چینایەتی خاوەنەکانیان دەست نیشان دەکرێت.

راستە هەژاریو نایەکسانیو برسێتیو چەوساندنەوە لە دزێوترین ڕووخسارە ڕەشو ناڵەبارەکانی مێژوویی ئادەمیزاد دەژمێردرێن، بەڵام ڕەچەڵەکی ئەو بارە گشتییە لە پەیوەندییەکانی بەرهەم هێناندا شاردراوەیەو دەبێت پەی بەو لایەنە شاردراوەیە ببرێتو هوشیارانە یاسای جوڵانەوەی لە ڕەوتی جوڵانەوەی مێژوودا بناسرێت. چارەسەرکردنی ئەم روخسارە دزێوانەش بە پەیرەوکردنی رەخنەیەکی زانستی قووڵو ڕوو بەڕوو بوونەوەی راستەوخۆ دەست پێدەکاتو هەتا گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانەی تەواوی بنەما سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا درێژە دەکێشێ. عەدالەتی کۆمەڵایەتی، بەمانا سۆسیالیستییەکەی بەم رێگەیە بەدەست دەهێنرێت.

رەخنەی سۆسیالیستی لەم جیهانە پڕ چەوساندنەوەیەی ئیمڕۆ رەخنەیەکە لە تەواوی ئەو سیستەمەی بەسەر جیهاندا باڵادەستەو بەنیازی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییە لە بنچینەو ڕەورەوەی ئەم جیهانەدا نەک کەمڕەنگ کردنەوەی باری هەژاریو کەمکردنەوەی بێکاریو هاوتایی کردنەوەی یەکسانیو پەیرەو کردنی رێبازێکی ریفۆرمیستی، کە پۆپۆلیستەکان بۆ پڕوپاگەندەی سیاسیو خڕکردنەوەی خەڵکی ڕەشو ڕووت بەکاریان هێناو ئێستاش بۆ ((پووچەڵ کردنەوەی)) سۆسیالیزم بەکاری دەهێنن.

رەخنەی سۆسیالیستی لەبنەڕەتدا رەخنەیەکە لە نامەشروعییەتی سیستەمی سەرمایەداریو هەڵتەکاندنی بەندوباوی تاهەتایی (أبدیە) بوونی سەرمایەداریو پووچەڵ کردنەوەیەتی.

رەنگە هەژاریو برسێتی، تارادەیەک، بەهۆی زێدەباییو کەڵەکەی لەئەندازە بەدەری سەرمایە، لەژێر سایەی سەرمایەداریی پێشکەوتووی ئەم چەرخەدا چارەسەر بکرێت. هەر لەو قازانجەی سەرمایەداری لەزێدەبایی کاری جیهانیی کرێکارانو زحمەتکێشانی جیهان دەستی دەکەوێ، بەشێکی لەخۆیاندا خەرج بکرێتەوەو هێزی کاری جیهانی بەتێروتەسەلی بهێڵێتەوە بۆ ئەوەی چەرخی بەرهەم هێنانی سەرمایە ڕانەوەستێت.

رەنگە نایەکسانیو بێکاری لەڕێی پتر کردنی ئازادییە حقوقییەکانو بەرز کردنەوەی کرێو دانی بیمەی بێکارییەوە چارەسەرێکی ریفۆرمیستانەی باری گوزەرانی کرێکارانی پێ بکرێت. ئەم چارەسەرکردنانە دەشێتو دەکرێت هەر لەژێر سایەی سەرمایەداریدا بکرێن، بەتایبەتی لەلایەن حزبو رێکخراوە سۆسیال بۆرژواییەکانەوە کاتێک دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە دەگرن. بەڵام

سۆسیالیزم ئامانج و ئاواتێك نییە لەدەوری ئەم ریفۆرمانە بخولێتەوە.

سۆسیالیزم ئەڵتەرناتیڤێك نییە بۆ جێگرتنەوەی نایەکسانی قوتکرابێتەوە، بەڵکو تیۆری و ڕێبازو چارەنووسی کۆمەڵگاکانی ئادەمیزادەو گەشەکردن و پەرەسەندنی مێژووی کۆمەڵگاکان بەدوا مەودای خۆیان دەگەیەنێ. ناکۆکییەك کە ناوەڕۆکی سەرمایەداری و بنەمای چەوساندنەوە پێکدەهێنێ، واتە ناکۆکی کارو سەرمایە، هەر دەمێنێت و تەنها سۆسیالیزم ئەو ناکۆکییە چارەسەر دەکات و نایهێڵێت. بەزمانی ئابووری سیاسی: ناکۆکی نێوان شێوەی کۆمەڵایەتی بەرهەم هێنان و شێوەی تایبەتی خاوەندارێتی، کە پرۆلیتاریاو بۆرژوا لە دوو سەنگەری بەرامبەرو ململانێی دژ بەیەکدیدا ڕادەگرێت، هەر دەمێنێت و هەموو ئەو ریفۆرمانەی سەرمایەداری کە ئاماژەمان بۆ کردن توانای یەکلایی کردنەوەی ئەو ناکۆکییەیان نییە و ئەوە تەنها بە سۆسیالیزم دەکرێت.

هەر لەم باری سەرنجەوە چاك بوونی باری گوزەرانی خەڵکی لە وڵاتانی دواکەوتوودا و بەرزبوونەوەی ئاستی ژیانی کرێکاران لەوڵاتە سەرمایەدارییەکاندا ئەگەر وەك گریمانێك (فرضیە) بتوانرێت هەردوولا بەهاوتایی پێکەوە چاك بکرێن و هەژاری و کوێرەوەرییەکانی یەکەمیان مەرجی چاکبوونی ئاستی ژیانی دووەمیان نەبێت، ئەوا دیسان بەهیچ شێوەیەك و هەرگیز نابنە بەهانە بۆ بەلاوە نانی ڕێگای سۆسیالیزم و خەباتی سۆسیالیستی ڕەت ناکەنەوە، بەڵکو ڕوخساری ململانێ چینایەتییەکەی پرۆلیتاریاو بۆرژوا لەنێو تەمومژی فیکری باوی سەردەمدا بەڕوونی دەکەوێتە ڕوو. سۆسیالیزم وەك چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکی و گرێکوێرەیەی نێوان کارو سەرمایە سەروەری فیکری و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆی دەپارێزێت.

تیۆری سۆسیالیزمی زانستی زادەی کارکردەکانی یاساکانی پەرەسەندنی سەرمایەداری و چارەنووسی ئەم سیستەمەیە. ئیستقرائێکی مێژوویی گەشەکردنی شێوازەکانی بەرهەم هێنان و دوا ئاکامیەتی. بەرەنجامی بەیەکدادانی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی پرۆلیتاریاو بۆرژوازییە. تیۆرییەکە، هەتا سەرمایەداری هەبێت و مابێت، دەمێنێت و پێ بەپێی ئەم سیستەمە دەڕوات و هەمیشە وەڵامی نوێ بەهەلومەرجە نوێیەکانی سەرمایە دەداتەوە.

سۆسیالیزمی زانستی تیۆری و ڕێبازی شیکردنەوەی مێژووەو هەموو

مەیدانەکانی چالاکی ئادەمیزاد شیدەکاتەوەو بنج و بناوانە ئابووریو کۆمەلایەتییەکانی دەردەخاتو رێو شوێنی جولانەوەی دوارۆژی گەشەکردنی ئەو چالاکییانە دەستنیشان دەکات.

هەر کاتێ قسە لەبنەبڕ کردنی چەوساندنەوە دەکرێتو عەدالەتێ خوازیو داواکاری یەکسانیو نەهێشتنی هەژاری مایەی ململانێکان دەبێت، ڕستێك پرسیار سەر هەلدەدەن: عەدالەت لەنێوان کێو کێ دا؟ لەنێوان چ چینێك چ چینێکدا؟ بنەبڕی چەوساندنەوە لەلایەن چ چینێکەوەو لەسەر کام چینو دژی کام چین؟ کێ چەوساوەیەو کێ چەوسێنەرە؟ یەکسانی مانای چییە؟ یەکسانی کام چین لەگەڵ کام چیندا؟

بۆرژواکانو سۆسیال بۆرژواکان بەگشتیو بەشێوەیەکی تەمو مژاوی وەلامی ئەم پرسیارانە بەجێ دەهێلن. ئەو تەنها فەلسەفەو تیۆری سۆسیالیزمی زانستیی مارکسە وەلامی پڕ بەپڕی لۆجیکیو زانستیو توندو تۆلو دارێژراوی ئەو پرسیارانە دەداتەوە.

## ٢/ سەردەمی زانستو تەکنەلۆژیاو چەمکی ئابووریی سۆسیالیزم

یەکێك لەو چەمکە باوانەی لەجیهانی ئیمرۆدا دەکرێتە بەهانەی لە سۆسیالیزم پاشگەزبوونەوە، بنبەستی ئابووری سیستەمە بەناو سۆسیالیستەکانو پێشکەوتنی بێ ئەندازەی ئابووری سەرمایەدارییە. بەپێی ئەم شێوە تێگەیشتنە گەشەنەکردنی ئاسایی سەرمایەداری لەڕوسیاو ولاتانی دیکەی بلۆکی ڕۆژهەلات هۆی کاریگەری تێشکانی سۆسیالیزم بوو. بە پێی ئەم بیرکردنەوەیە گەشەکردنی زانستیو تەکنەلۆژی مەرجی سۆسیالیزمە.

لێکدانەوەی سەرپێییو میکانیکی لەپەیوەندی دیالێکتیکی نێوان هێزەکانی بەرهەم هێنانو ئەو شێوە تێگەیشتنە لە سۆسیالیزم دەخوازێ. ئەوەی سەرلێشێوان لەم بوارەدا دروست دەکات ئەوەیە، ئەو نموونەیەی لە روسیاو ولاتانی دیکەی ڕۆژهەلاتی ئەوروپاو ئاسیادا بوون بە سۆسیالیزم دەزانن! بڕوبیانووی پاشگەز بوونەوەش لە سۆسیالیزم وا دەخوازێت سوور بن لەسەر سۆسیالیست بوونی ئەو ڕژێمانەی لەژێر پەردەی سۆسیالیزمو کۆمۆنیزمدا شێوەیەکی دیکەی سەرمایەدارییان پەیرەو دەکرد.

لەڕاستیدا سۆسیالیزم پیشەسازی کردنو گەشەکردنی ئابووری نییە، چونکە ئەم گەشەکردنە دەشێت لەژێر سایەی سەرمایەداریدا ڕوودات. ئەوەی

سەرمایەداری لە سۆسیالیزم جیا دەکاتەوە بەرانبەرکێی گەشەکردنی ئابووریو پیشەسازی کردنی ولات نییە. سۆسیالیزم بە چەند کردارێکی ڕووتو قووتی ئابووری دیاری ناکرێت. ئەوەی چەوساندنەوە بنەبڕ دەکات پیشەسازی هەرە پێشکەوتووی هاوچەرخ نییە؛ ئەوەتا لە جیهانی سەرمایەداری ئیمڕۆدا پیشەسازی هەرە پێشکەوتوو، تەکنیکی بالاو سەردەمی کۆمپیوتەرو رۆبۆت دەستی پێکردوە، کەچی ناکۆکی نێوان کارو سەرمایە هەر بەردەوامە، ناکۆکی نێوان هۆیەکانی بەرهەم هێنانو پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان فراوانتر دەبێ، خاوەنداریی تایبەتی هۆیەکانی بەرهەم هێنانو کۆمەلایەتی بوونەوەی بەربلاوتری بەرهەم هێنان رۆژ لەدوای ڕۆژ ڕوو لەزیاد بوونە. لەگەڵ ئەوەیشدا ئاسۆی وەدیهێنانی سۆسیالیزم لە پێشکەوتووترین ولاتی سەرمایەداریدا هێشتا مەودایەکی مێژوویی گەورەی لەبەردەمدا ماوە. ئەگەر بەو تێزە باوەی ئەم ڕۆژانە بوایە دەبوو هەر ئێستا شۆڕشی کۆمەلایەتی سۆسیالیزم لە دەرگای ئەو کۆمەلگایانەی بدایە بەتایبەتی بەهۆی ئەوەوە سەرمایەداری تیایاندا گەشەی کردووەو دەورانی کامڵ بوونی بەسەر دەبات. ئەمە راستییەکە خۆی لەخۆیدا ئەو بۆچوونە ئۆتۆماتیکییە پووچەڵ دەکاتەوە کە سۆسیالیزم بەئەنجامی حەتمیو میکانیکی کامڵ بوونو گەشەکردنی ئابووری سەرمایەداری دەزانێ. هەر لەم بوارەدا دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە خۆمالّی کردنی سامانی سەرزەویو بن زەویو ئامرازەکانی بەرهەم هێنان لە هەموو هەلومەرجێکدا هەنگاوێکی سۆسیالیستی نییە سەبارەت بەوەی شێوەی کەڵەکەی سەرمایە چۆنایەتی ئەو خۆمالّی کردنە دیاری دەکات.

کاتێک چینی بۆرژوازیولاتێکی کشتیاری یان لەڕووی ئابوورییەوە دواکەوتوو، کەڵەکەی سەرمایەی بەو ڕێگەیە بۆ دابین ببێت، ئەوا خومالّی کردن بۆ کەڵەکەی سەرمایە دەبێتو ئەم کردارە لەخزمەتی بازاڕی سەرمایەو سیستەمی سەرمایەداریدا دەبێت. پیشەسازی کردنی ولات مەرجێکی گرنگی ئابوورییەکی بەتوانایەو هۆکاری زامن کردنی کەڵەکە کردنی سەرمایەیە بۆیە هەر ئەو کاتە پیشەسازی هەرە پێشکەوتوو خزمەتی بنیادنانی کۆمەڵگای سۆسیالیستی دەکات کە ڕۆڵێکی بەرچاوی لەکەڵەکەی داهاتی سۆسیالیستیدا هەبێت. ئەم دینامیزمەی سەرمایەو پیشەسازیوکەڵەکەی سەرمایە، سیاسەتی بەرنامە ڕێژی، بە سۆسیالیزمی ناکات؛ واتە بەرنامەڕێژی شێوازی تایبەتی سۆسیالیزم نییەو مەرج نییە بەرنامەڕێژی بە سۆسیالیزم بشکێتەوە بەڵکو دەگونجێ بۆ دابین کردنی هەردوو کەڵەکە لەیەک جیاوازەکەی سەرمایەداریو سۆسیالیستی بەکاربهێنرێت.

هەڵبەت گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەم هێنان بەتایبەتی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان دەبێت سەرەنجامی ئاسایی سۆسیالیزم بێت. هێزەکانی بەرهەم هێنان لەژێر سایەی سۆسیالیزمدا لە خاوەندارێی تایبەتییەوە بەهێزێکی کۆمەڵایەتی رزگار بوو لەکار کردەکانی ئابووری سەرمایەداری دەبن. کومەڵایەتی بوونی کار وزەی لەبن نەهاتووی هێزەکانی بەرهەم هێنان دەتەقێنێتەوە؛ بەڵام ئەوە لەژێر سایەی کۆمەڵێك مەرجدا ڕوودەدات کە هەتا ئێستا لەمێژووی بەشەرەییەتدا نەهاتوونەتە پێشەوە وەکوو بەرپا بوونی شۆرشی سۆسیالیتی لە ئاستێکی جیهانیدا بەو مانایەی ئەزموونەکە ناوچەیی نەبێتو لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ بدرێتو لەمەنگەنەی کێ بەرکێیەکی ناهاوتا لەلایەن سیستەمی سەرمایەداری خاوەن مێژووی سەد ساڵەوە بدرێت؛ هەروەها ناوەندی سەرکردایەتی ئەزموونە سۆسیالیستییەکە بەدەستی خودی کرێکارانەوە بێت لە ڕێی شورای کرێکاری خۆیانەوە، کە ئەگەر ماوەیەکی ئێجگار کورتی دوای شۆرشی ئوکتۆبەری لێ دەرکەین، تا ئێستا کرێکاران لەهیچ یەکێك لەو وڵاتانەی ناوی سۆسیالیستیيان لەخۆیان نابوو ڕۆڵی سەرکردایەتیو جڵەوی بیناکردنی سۆسیالیزمیان لەدەستدا نەبووە. بۆیە ئاساییە ئەم تەقینەوە زانستیو تەکنەلۆژییە لەهێزەکانی بەرهەم هێناندا ڕوونەدات چونکە لەبنەڕەتدا سۆسیالیزم لەکایەدا نەبووە.

سۆسیالیزم سیمای تایبەتی یان تایبەتمەندی خۆی هەیە لەبەر ئەوە مەسەلەی بیشەسازی کردنو گەشەکردنی ئابووری بەرەنجامی ڕادەی گەشەکردنی سیستەمە سۆسیالیستییە کە دەبێت بە پێی ئاستی گەشەکردنی زانستو تەکنەلۆژیای سەردەم، کە زادەی سەرمایەداری دەبێتو سۆسیالیزم بەمیرات بۆی دەمێنێتەوە.

سۆسیالیزم دابەش کردنی عادیلانەی سامان نییە. لەڕووی مێژوویيەوە چەمکی ((عەدالەتی کۆمەڵایەتی))، وەك هیوایەکی ئایدیالیستی، نایگرێتەوە بەڵکو قۆناخێکی گەشەکردنی مێژووەو ڕوودانی بە هیوا ئایدیالیستەکانەوە نەبەستراوەتەوە؛ قۆناخێکە دوای بڕینی قۆناخەکانی چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە، ماکی هەموو شێوە چەوساندنەوەیەکی تێدا، لەڕێی سڕینەوەو هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێی تایبەتیيەوە، بنەبڕ دەبێت.

مەشروعییەتی سۆسیالیزم پەیوەندی بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە نییە. ئەو گۆرانکاریانەی بەسەر هێزەکانی بەرهەم هێنانو ئامرازەکانی بەرهەم هێناندا هاتوون، ئەگەر چی جیهانی ئیمڕۆی بەتەواوی لەڕابردووی جیهان

بەچەندین هەنگاو جیاکردۆتەوە، بەڵام سۆسیالیزمی هەر بەرێگای چارەسەرکردنی ناکۆکی خودی ئەو ڕژێمەی ئەم ئامرازانەی بەدەستەوەیە هێشتۆتەوەو مەشروعییەتی ئەم سیستەمە بۆ دوارۆژی بەشەرییەت لە ناوەندی ململانێ مێژووییەکەی پرۆلیتاریا و بۆرژوادا داناوە.

سۆسیالیزم لەکایەی ئابووریدا بەرپاکردنی کۆمەڵگایەکە لەسەر بنچینەی خاوەنداری کۆمەڵایەتی، واتە لەسەر بنەمای نەهێشتنی خاوەنداری تایبەتی‌و کاری کرێ گرتە دادەمەزرێت. یاسای دابەش کردنی داهاتیش پابەندی پرنسیپی (هەر کەس بە بەپێی توانای خۆی‌و هەرکەس بەپێی کاری خۆی) دەبێت.

سۆسیالیزم پلەی خوارەوەی قۆناخێکی مێژووییە بەناوی کۆمۆنیزمەوە. ئەم کۆمەڵگایە ئابووری هەرە پێشکەوتووی گەرەکە چونکە بەرهەم هێنانی فرەی گەرەکە تا هەموو کۆمەڵ لەسەر بنچینەی پێداویستییەکانیان لە کاڵای بەرهەم هێنراو بەهرەمەند بن. لەبەر ئەوە گەشەکردنی ئابووری‌و پێشکەوتنی زانستو تەکنەلۆژیا بەهەر پلەیەك بگەن، گۆڕانکاریی لەم جیهانەدا بەهەر رادەیەك ڕووبدات، ئەم دووخاڵە ئابوورییەی گەوهەری سۆسیالیزم پێك دەهێنن: نەهیشتنی خاوەنداریی تایبەتی‌و کاری کرێ گرتە، وەکوو خویان دەمێننەوەو سۆسیالیزم هەر ئەم واتایانە دەگرێتەوەو بێ وەبیهێنانیان سەرەتای بنیادنانی سۆسیالیزم دانامەزرێ.

ئەم دوو خاڵە ئابوورییە گەوهەری ئەو گۆڕانکارییەن سیستەمی سەرمایەداری نەفی دەکەنەوەو تایبەتمەندی ئەلتەرناتیڤە مێژووییەکەی‌واتە سۆسیالیزم پێکدەهێنن. ئەم دوو خاڵە گەوهەرە، دوو مەرجی مێژوویین‌و بەشێوەیەکی ئۆرگانیکی بەیاسای پەرەسەندنی مێژووەوە بەستراون. خودی سۆسیالیزمی زانستی مارکس لەم دوو خاڵە گەوهەرەدا چڕ دەبێتەوە، چ لەو قۆناخەی سەرمایەداری لەئاستی پەیوەندییە دەرەبەگایەتییە دواکەوتووەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا شێوەو ڕەنگ و ڕووی خۆی گرت، وە چ لەو قۆناخەی لینین بە قۆناخی ئیمپریالیزمی لەقەڵەم داوەو، چ لەم قۆناخەشدا کە سەرمایەداری دەستی بەخۆیدا هێناوەتەوەو یەکدەستی‌ی لە ئاستی جیهاندا دەستگیر بووەو بەنیازە لە ڕێی سیستەمێکی ئیمپریالیستی جیهانگیری نوێوە تا هەتایە بمێنێتەوە.

سۆسیالیزم لەئاستی هەر قۆناخێکی ئەم مێژووەدا تەنها چارە بووەو ئەلتەرناتیڤی دیکە لەبەردەمی بەشەرەییەتدا نەبووەو نییە.

تەنها سۆسیالیزمی زانستی مارکسە مەسەلەی هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێی تایبەتی‌و ئەمانی کاری کرێ گرتەی‌وەك هێڵێکی ئەستوور بۆ سنوور بەندی راکێشاوەو سەنگەری سۆسیالیزمی راستەقینەی لەسۆسیالیزمی درۆینەی بۆرژوا جیاکردۆتەوە. هەر وەك خۆیان (مارکس‌و ئەنگلز) دەڵێن: (( شێوەی خاوەندارێتی هاوچەرخ لەنێوان هەردوو لایەنی دژ بەیەك: سەرمایەو کار دەبزوێ......بەڵام خاوەندارێتیی تایبەتی تا ئێستا واتە خاوەندارێتی بۆرژوازی تەواوترین‌و دوا دەربرینە لە شێوازی بەرهەم هێنان‌و خاوەندارێتی یەك کە پشت بە دوژمنایەتیی چینایەتی‌و چەوساندنەوەی کەمایەتی بۆ زۆرینە، دەبەستێ. لەبەر ئەوە کۆمۆنیستەکان دەتوانن تیۆری خۆیان لەم رووەوە تەنها بەم شێوە دەربرینە چڕ بکەنەوە: هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێی تایبەتی )) (مارکس-ئەنگلز.- مانفێستی حزبی کۆمۆنیست).

## ٢ سۆسیالیزم تیۆری‌و بەرنامەی بزوتنەوەی کرێکارانە

راستە دوا رۆژی مرۆڤایەتی سۆسیالیزمەو کۆمەڵگای سۆسیالیستی بەهەشتی تەنها چینێك نییە چونکە سۆسیالیزم لە پلەی بالای خۆیدا، واتە کۆمونیزم، ململانێی چینایەتی تێدا نابێت‌و رێکخستنی کۆمەڵ خزمەتی سەرجەمی کۆمەڵ، کە کۆمەڵی بەرهەم هێنرانە، دەکات. بەڵام لەنێوان واقیعی سەرمایەداری ئیمرۆو ئەو دوا رۆژەدا ماوەیەکی مێژوویی هەیە. لەمَ ماوەیەدا، کورت بێت یان درێژ، خەبات لەپێناوی سۆسیالیزمدا هەر بەکاری سەرەکی‌و راستەوخۆی چینی کرێکار دەمێنێتەوە.

لە جیهانی سەرمایەداریدا، بەو وڵاتانەشەوە کە هێشتا هەندێك لە پاشماوەکانی پێش سەرمایەدارییان تێدا ماوە، تاکە چینێکی شۆرشگێری هەتا سەر، هەتا دامەزراندنی سۆسیالیزم، هەر چینی کرێکارەو هیچ چینێکی دیکە بەرژەوەندی راستەوخۆی لەوەدیهاتنی سۆسیالیزمدا نییە، تەنانەت ئەو چینانەش کە لەبەرامبەر سەرمایەداری دا راوەستاون‌و باری ژیانی ماددییان، بەناچاری، بەرەو سەنگەری بەربەرەکانی سەرمایەداری بەکێشیان دەکات، لەبەر ئەوەی پابەندی بەرهەم هێنانی بەرتەسك‌و بچوکن، نەراستەوخۆ بەرژەوندییەکانیان بە سۆسیالیزم دێتە دی‌و نە جێورێی چینایەتی‌و واقیعی ماددیان شایستەی خەباتێکی ئاوەهایان دەکات‌و دەتوانن رۆڵی سەرکردایەتی تێکۆشان بۆ رووخاندنی سەرمایەداری ببینن. ئەوە راستییەکە نکولی لێ ناکرێت کە چینی کرێکار تاکە چینێکە بتوانێت رابەریی خەباتی هەموو زەحمەتکێشانی دیکەی ئەم جیهانە بۆ لەناوبردنی سەرمایەداری‌و بەدیهێنانی سۆسیالیزم بکات. لەم باری سەرنجەوە تێکۆشانی سۆسیالیستی هەر دەبێت

لەناوەڕۆكی خۆیدا تێكۆشانێكی كرێكاری بێت. كەسانی سەر بەچینەكانی دیكەی كۆمەڵگا لەم خەباتەدا وەك كریكارانی سۆسیالیست دەبێت هاوبەشی ئەو تێكۆشانە بكەنو لەباری سەرنجی فەلسەفەو تیۆرو بەرژەوەندی بزوتنەوەی واقیعی‌ی كرێكارانەوە ئەم جیهانە ببینن‌و بۆ گۆڕینی بجەنگن. هەرلەم دیدگایەوە كۆمەڵگای سۆسیالیستی دوا ڕۆژ كۆمەڵگایەكە بەخەباتی كرێكارانە دێتە دی‌و مرۆڤایەتی بە گشتی لێی دەحەسێتەوەو چینی كرێكار بەرزگار بوونی خۆی تەواوی بەشەرییەت رزگار دەكات.

سۆسیالیزم تیۆری چەند كەسێك نییە ئارەزوو مەندانە بیریان لێ كردبێتەوە یان خۆیان جیهانیان چۆن دەوێت بەو جۆرە یاساو شێوەو چۆنایەتییەكەیان دارشتبێ. سۆسیالیزم وەك بزوتنەوە لە واقیعی كۆمەڵایەتی چینی كرێكاردا بە مانەی تێكۆشان لەپێناویدا هەیە چونكە بزوتنەوەیەكی كۆمەڵایەتی واقیعی‌یەو زادەی سیستەمی سەرمایەداری‌و پەیوەندییەكانی بەرهەم هێنانی سەرمایەدارییە. لە دواكەوتووترین وڵاتی ئەم جیهانەدا، لە خودی پەیوەندییە چینایەتییەكاندا تۆو یان كۆرپە (جنین)ی ئەم بزوتنەوە كۆمەڵایەنییە كرێكارییە هەیە، ئەگەر چی بەبەرچاویشەوە نەبێت. ماركس‌و ئەنگلز لەمانفێستدا ئەم راستییە دەستنیشان دەكەن‌و دەڵێن: ((چەمكە تیۆرییەكان، لای كۆمونیستەكان، بەهیچ شێوەیەك پشت بەبیروباوەڕ یان ئەو پرنسیپانە نابەستێت كە پیاو چاكێك لە پیاو چاكەكانی جیهان دۆزیبێتەوە یان دایهێنابێت. ئەو تیۆرییانە دەربڕینێكی پوختی بارودۆخێكی واقیعی خەباتێكی چینایەتی‌و جوڵانەوەیەكی مێژوویین كەهەن‌و بۆ خۆی بەبەرچاومانەوە پەرە دەسێنن)). لەبەر ئەوە بزوتنەوەی سۆسیالیستی یان خەباتی كرێكاران لەپێناوی سیۆسیالیزمدا خەباتێكی واقیعی‌یەو هەتا كرێكار وەك چین بوونی هەبێت واتە سەرمایە لەسەر ئاستی جیهاندا بمێنێت، ئەم بزوتنەوەیە بەناچاری بەردەوام دەبێت؛ ئەگەر خەفەش بكرێت یان پاشەكشەیەكیشی بەسەردا بێت، ئەوا دیسان هەر بەناچاری وەك تاكە رێبازی جوڵاندنەوەی پەرەسەندنی مێژوو سەرهەڵدەداتەوەو رەوتی خۆی دەگرێت. لەبەر رۆشنایی ئەم راستییە سۆسیالیزم ئەركی مرۆڤێكی دیاری كراوی خاوەن ناونیشانی چینایەتییەو بێ خەباتی ئەم چینەی مرۆڤ بەدی ناهێنرێت. لەهەمان كاتیشدا سیستەمێكە بۆ بەرژەوەندی هەموو مرۆڤایەتی‌و ئەركیانە هاوبەشی چالاكانەی تێدا بكەن؛ بەڵام ئەو هاوبەشی كردنە لەسەنگەری چینایەتی كرێكارانەوە، نەك لەسەنگەری چینایەتی چینەكانی دیكەوە. بەم پێیە سۆسیالیزم ئەركی هەموو چینەكان نییە ئەگەر چی فەڕی بۆ هەموو بەشەرییەتە.

ئەو تێزە فیكرییانەی ساڵانێكی دوورو درێژ وەك پرنسیپو هێڵی

ستراتیژی بزوتنەوەی سۆسیالیستی بانگەشەی بۆ دەکراو لەبەرنامەی حزبەکانی سەر بەم بزوتنەوەیەدا بە ناوی حزبی گەلو جەماوەرو حزبی کرێکارانو جوتیارانو رۆشنبیران...هتد دارێژرابوون، هیچ پەیوەندییەکیان بەستراتیژی بزوتنەوەکەوە نەبووەو یەك سیمای پۆپۆلیستی بەرێکخراوو حزبەکانی نێو ئەو بزوتنەوەیە بەخشیوەو ئەنجامەکەشیان بەتێشکاندن گەیشتووە.

رووی ئەو دیوی ئەم شێوە بیرکردنەوە ئاڵۆزە ئەوەیە: رۆڵی پێشرەوی بەتەکنیکاران دەداتو باوەڕیوەهایە کرێکاران رۆڵی سەرەنگریێ کردنی سەرمایەدارییان نەماوە، گوایا پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا ئەم پێشرەوییەی لەکرێکارانوەرگرتۆتەوەو بەتەکنیکارانی داوە.

ئەم تێڕوانینە لەو هەڵەیەوە دەست پێ دەکات کە هەردوو لایەنەکەی پەیوەندی سەرمایەداری وەك چین تەماشا ناکات، سەیری گشتێتی پەیوەندییەکان لە دیدگای چینایەتییەوە ناکات، سەرمایەو کار وەك دوو لای چینایەتی بەرامبەر یەکتری نابینێ؛ چاو لەو راستییە دەنووقێنێ کە ناوەرۆکی سیستەمەکە مەسەلەی شێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکەیەو ئەم پەیوەندییەش لە ململانێی نێوان ئەو دوو چینە دژ بەیەکەدا بەرجەستە دەبێت. بنچینەی ئەم پەیوەندییە هەبوونی کاری کرێ گرتەو زێدەباییە.

سەرمایەداری بەم هۆکارانەی پەیوەندی لێکدەدرێتەوە بۆیە هەتا کاری کرێ گرتە هەبێت، هەتا زێدەبایی هەبێت، کەڵەکەی سەرمایەش دەبێتو پەیوەندییەکان شەقڵی سەرمایەداری بەخۆیانەوە دەگرن. هەموو چینو توێژە کۆمەڵایەتییەکان لەم پەیوەندییەدا شوێنی تایبەتی خۆیانوەردەگرنو لە سنووری یاساو دینامیزمی سیستەمی سەرمایەدا دەبن.

کاتێ مانیفێست باس لە بەشبوونی کۆمەڵ بۆ دوو چینی سەرەکی دەکات: ئەو راستییە دەخاتە روو کە لەنێو پەیوەندییەکانی سەرمایەداریدا شوێنی ناوەراست نامێنێتەوە، یان سەرمایەو خاوەندارێتی بۆرژوایانەی هۆیەکانی بەرهەم هێنانو کەڵەکەی هەرچی زیاتری سەرمایە، یان کاری کرێ گرتەو زێدەباییو هێزی کار تالان کردن. دیارە لەم پرۆسەیەدا ئاستی شارەزاییو زانیاری کرێکارانوەکو خۆی نامێنێتەوە. هەڵبەت گۆرانکارییەکی بنەڕەتیو پەرەسەندنێکی بەرچاو بەسەر ئەم دوو ئاستەی کرێکاراندا دێت. خودی کرێکاران دەبنە کەسانی پسپۆرو شارەزاو کارامەی ئەوتۆ، سەر لەبەرهەم هێنانی نوێترین ئامرازەکانیوەك کۆمپیوتەرو رۆبۆت دەربکەن.

بەلام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو بەرزبوونەوەیە لەئاستی شارەزایی‌و کارامەیی‌و زانیاری‌و تەکنیکییە، لەکارکردەکانی یاسا ئابوورییەکانی سەرمایە رزگاریان ناکات. پەیوەندییەکان بەم هۆیەوە بۆ دەرەوەی پەیوەندی نێوان کارو سەرمایە ناگوێزنەوەو ناکۆکی سەرەکی هەر بەناکۆکی نێوان خاوەنداریی تایبەتی هۆیەکانی بەرهەم هێنان‌و کۆمەلایەتی بوونی زیاتری بەرهەم هێنان دەمێنێتەوە. دیارە لابەلاکردنەوەی ئەم ناکۆکییەش هەردەبێت بە لەناوچوونی سەرمایەو دەست پێکردنی قۆناخی دەسەلاتی بەرهەم هێنەرەکان کۆتایی بێت. ئەوەی ئەم قۆناخەو قۆناخی پێشوو لەیەکدی جیا دەکاتەوە، بەپلەی یەکەم، هەلوەشاندنەوەی کاری کرێ گرتەو خاوەنداریی تایبەتییە. ئەم دوو ئەرکەی ناسنامەی کۆمەلگای سۆسیالیزم لەجێ بەجێ بوونیاندا دیاری دەکەن، بەردی بناغەی گۆرانکاریی بنەرەتی ژیانی بەشەرییەت دادەنێن‌و بێ لەناوچوونیان هیچ شتێك بۆ ناسینی سەروسیمای سۆسیالیزم نامێنێتەوە. ئا لەم گۆشە نیگایەوەیە بەدیهاتنی سۆسیالیزم بەسەرەتای پێکهێنانی بەهەشتی مرۆڤایەتی لەم سەر زەمینەدا دادەنرێت.

تەکنیکی نوێ‌و پێشکەوتنی زانست هەتا بەرەو ئاستی بالاتر بروات، مەسەلەی خاوەنداریی تایبەتی‌و زێدەبایی‌و کەلەکەی سەرمایە زیاتر زەق دەکاتەوە؛ تەنانەت ئەگەر لەهەندێ لایەنی بەرهەم هێناندا هێزی کاری کرێکاران‌و رەنجی جەستەییان رۆلێکی ئەوتۆی نەمێنێ، ئەوا ناراستەوخۆ هەر هێزی کاری ئەوان زێدەبایی دروست دەکات‌و کەلەکەی سەرمایە پتر دەکات. هەر گۆرانکارییەك لەم بوارەدا بەسەر زێدەباییدا بێت گۆرانکارییەکی چەندایەتی بۆ بەرژەوەندی سەرمایە دەبێت، سەبارەت بەوەی نوێترین داهێنانی تەکنەلۆژی لە ئێستاو داهاتوودا هەر بەکار بەرهەم دەهێنرێت؛ نە لە ئاسمانەوە دەبارێت‌و نەبە بوونی خۆرسك پەیدا دەبێت، هەر دەبێت کاری تێدا بکرێت تا بەبەرهەم بێت‌و ئادەمیزاد بەکاری بهێنێت.

ئەم ئامرازە نوێیانە خاوەنیان هەیەو کارێك بەم ئامرازانە هەلبسورێت‌و جێی کرێکاران بگرێتەوە زێدەبایی زیاتر بەدەست دەهێنێت‌و دەبێتە وە سامان‌و لە گیرفانی خاوەنەکانیاندا کەلەکە دەبێت. زاناکان‌و پسپۆرانی شارەزای زانست سنووری کارکردنیان لە داهێناندا تا رادەی پێکهێنانی یەکەم نموونەی ئەو داهێنانە دەبێت-ئەگەر چی ئەو ماددانەی لەپێکهێنانی نموونەکەشدا بەکاری دەهێنن هەر بەرهەمی کارن- بەلام ئەوان بۆ بەکارهێنانی تایبەتی خۆیان ئەو ئامرازانە دروست ناکەن بەلکو بۆ بەکارهێنانی گشتی دروستی دەکەن. وەك کالا بەرهەم دەهێنرێن، دەخرێنە بازارەوەو کرین‌و فرۆشتنیان پێ دەکرێ و هەوڵ دەدەن رەواجیان هەبێت‌و

قازانج بکات. ئەمە لە ڕووی چەندایەتییەوە گشتی دەکرێتەوە، بۆیە دیسان بەرهەم هێنانەوەی بەکار دکرێتو بەرهەمی کاریش دەفرۆشرێتو زێدەبایی بەشێکی ئەم کردارە دەبێتو سەر پارەی کەڵەکە بووی سەرمایە دەچێتەوە. کەواتە کاری بەرهەم هێنان هەر دەمێنێت بەو پێیەش کرێکاران هەر دەمێنن. بوونی ئەم چینە دانەبڕاوە لە ئامرازەکانی بەرهەم هێنان بەتوندی بەبوونی سەرمایەدارییەوە بەندە لەبەر ئەوە ناشێت سەرمایەدار هەبێتو لەبری کرێکاران وەك مەرجی بوونی سەرمایە چینێك یان توێژێکی دیکە وەك تەکنیکاران دابتاشینو بیروڕاو بۆچوونو قسەی هەلەقو مەلەقی لەسەر بینابکەین. ((مەرجی سەرمایە کاری کرێگرتەیەو مەرجی کاری کرێ گرتە سەرمایەیە، هەر یەکێکیان مەرجی ئەوەی دیکەیانەو هەر یەکێکیان ئەوی دیکەیان دەخولقێنێ)). (مارکس-کاری کرێ گرتەو سەرمایە). کەواتە ئەم دوو چینە هەنو لەیەکگرتنێکی ئۆرگانیکیدان بەدرێژایی تەمەنی سەرمایەداری. یەکگرتنەکەیان لە دوو بەرژەوەندی جیاواز پێکدێتو لەبەرامبەری یەکتریدا راوەستاون. بەرژەوەندی جیاواز سەنگەر لەیەك گرتنیش ناکۆکی دروست دەکات. ناکۆکیش لەبواری بەرهەم هێناندا شێوەیەکی چینایەتی راستەوخۆ وەردەگرێتو بە ململانێی نێوان چینەکان دەشکێتەوە. مێژووی کۆمەڵگاکانیش، لەو کاتەوەی دابەشبوونی کار پەیدا بووە، مێژووی ئەو ململانێ چینایەتییەیە. بەرژەوەندی کرێکاران لەم ململانێیەدا، دوێنێو ئیمرۆو تا ئەو رۆژەی سەرمایەداری بە پێوە بێت، لەوەدایە بەدوای پێکهێنانی کۆمەڵگای سۆسیالیستی خۆیانەوە بن چونکە بێ سۆسیالیزمو لەژێر باڵو سایەی سەرمایەدا نەهاوبەشیکردنیان لەپەرلەمانی بۆرژوازیداو نەبیمە کۆمەلایەتییەکانو نە چوونە سەرەوەی کرێیانو کەم کردنەوەی سەعاتی کارکردنیان، سەروەرێتیی چینایەتی خۆیانیان پێ نابەخشنو چەوساندنەوەیان لەسەر لانابەن. لەسایەی سەرمایەداریدا، هەرچی خزمەتگوزاری هەیە بۆیان دابین بکرێت، هەرچی ریفۆرمە بە شێوەیەك لە شێوەکان بیانگرێتەوە، هێشتا هەر رزگاری بۆ ئەوان تێدا نابێت. رزگاری راستەقینەی ئەم چینە لە نەهێشتنی خاوەنداریی تایبەتیو هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی کاری کرێ گرتەو بنیادنانی سۆسیالیزمو پاش ئەوە هەڵوەشاندنەوەی خۆشیانە وەك چینێك.

## ٤/٢ سۆسیالیزمو هوشیاریی چینایەتی

سۆسیالیزم حەتمییەتێکی مێژووییەو پەرەسەندنی کۆمەڵگاکانی ئادەمیزاد بەرەو ئەم پێکهاتە کۆمەلایەتییە دەچێت. بەڵام بێ تێکۆشانی هوشیارانەی کرێکارانو زەحمەتکێشان، مەودای مێژوویی وەدیهاتنی کۆمەڵگای سۆسیالیستی درێژە دەکێشێو کۆیلەیەتی کاری کرێ گرتە

دەخایەنێت. گەشەکردنی ئاسایی بە شێوەی ئۆتۆماتیکی سۆسیالیزم پێکناهێنێت. چینی بالادەستی کۆمەڵگای سەرمایەداری بە ئاسانی شانۆی مێژوو بەجێ ناهێڵێت. لە مێژووی هەزاران ساڵەی کۆمەڵگاکاندا بۆ یەك جاریش بێت ئەوە ڕوونەداوە چینێکی بالادەست بەئارەزووی خۆی پەلی چینی بندەستو چەوساوەی سەردەمی خۆی گرتبێتو دەسەلاتی سیاسی خۆی دابێتێ. مێژووی پەرەسەندنی کۆمەڵگاکانو گۆرانکارییە بنەڕەتییەکانی مێژوو لەکاتی گوێزانەوەی کۆمەڵگادا لەپێکهاتەیەکەوە (تشکیلە) بۆ پێکهاتەیەکی دیکە هەروا بەئاسانیو بێ توندو تیژی شۆڕشگێرانەو لەئەنجامی رەوتێکی ئاسایی گەشەکردن روویان نەداوە. سەرجەمی مێژوو ئەو راستییە دووپات دەکاتەوە کە ململانێی چینایەتیو تێکوشانی چینە ژێر دەستەکان هۆکاری بنەڕەتی گۆرانکارییەکان بوون. ئەم گۆرانکارییانە پەیوەندییان بەچەندایەتی چینە چەوساوەکانەوە نەبووە. بۆیە لەدوا ڕۆژدا ئەم پرۆسەیەی گۆڕانکاری، لەسەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزم مەرج نییە ئەنجامی گەشەکردنێکی ئاسایی دوورو درێژی سەرمایەداری بێت؛ هەروەها ئەم گۆرانکارییە پەیوەندی بەزۆر بوونی کرێکارانەوە نابێت. چەندایەتی کرێکاران لەخۆیدا هۆکاری گواستنەوە بۆ سۆسیالیزم نییە. هەر ئێستا لەولاتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکاندا چەندایەتی کرێکاران بەسەر چەندایەتی چینی سەرمایەداردا زاڵە، کەچی یاساکانی سەرمایەو پەیوەندییەکانی سەرمایەداری کۆمەڵگاکان بەڕێوە دەبەنو، هەرچی زیاتر زێدەبایی لەبەری رەنجو کاری کرێکاران زەروو مژ دەکرێت. لەبەر ئەوە دوا ڕۆژی سۆسیالیزم بەبوونی زۆرینەیەکی کرێکار لە کۆمەڵدا دیاری ناکرێت. ئەوەی لەم بوارەدا کارکردەی دەبێت، بوونی چینێکی کرێکاریی رێکخراوو جیهانیو خاوەن هوشیاری چینایەتی سۆسیالیستیە، کە زەمینەی قڵپکردنەوەی سەرمایەداریو بنیادنانی سۆسیالیزم خۆش دەکاتو مەرجی خودی شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەسازێنێ. هەموو ئەو گۆرانکارییە چەندایەتییەی بەرە بەرە لەبنەمای ئابووریو کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا دیموکراتییەکەی سەرمایەدا روو دەدەن، کەڵەکە دەبنو شۆڕشی کۆمەڵایەتی کرێکاران گۆرانکارییە چۆنایەتییەکە دەخولقێنێ؛ چونکە ئەم چۆنایەتییە بەپێی پرۆسەیەکی مێژوویی لەژانی خەباتی چینایەتیو شۆڕشی کۆمەڵایەتیدا دەپشکوێو گەشەدەکات. لەم پرۆسێسە مێژووییەدا دەوڵەتی دیموکراتی سەرمایە ووردو خاش دەکرێتو دەوڵەتی سۆسیالیستی کرێکاران شوێنی دەگرێتەوە. دەوڵەت وەك دەسگای سەرکوتی چینایەتی لەم ململانێیەی کاروسەرمایەدا ناتوانێت بێ لایەن بێت سەبارەت بەوەی دەوڵەت ئامرازی دەستی چینەکانەو خۆی لەخۆیدا ڕسکاوی کۆمەڵگای چینایەتییە. دەوڵەتی بێ لایەن لە نێوان چینەکاندا یان دەوڵەتی هەموو چینەکانو هەموو گەلو گشت

نەتەوە نە لە مێژووی رابردووی کۆمەڵگاکاندا دروست بووەو نە لە مێژووی ئایندەشدا دروست دەبێت، بۆیە ئەو گۆڕانکارییە چۆنایەتییە دەوڵەتی سەرمایە دەپێچێتەوەو بەمۆزەخانەی مێژووی دەسپێرێو دەوڵەتی کار دەهێنێتە ژیانەوە. ئەم دەوڵەتە وەك ناچارییەکی مێژوویی بۆ سەرەتای پێکهێنانی سۆسیالیزم دروست دەبێتو لەگەڵ گەشەکردنی سۆسیالیزم لە ئاستی جیهانیدا بەرەو نەمان دەچێت. ئەرکی ئەم دەوڵەتە نەبەرنامە ڕێژیو نەپیشەسازی کردنو نەخۆماڵی کردنی دەسگاو دامەزراوە جۆراو جورەگشتییەکانە چونکە ئەم ئەرکانە دەشێت سەرمایەداری لەگەشەکردنی خویدا جێ بەجێی بکاتو لەسایەی سیستەمی سەرمایەدا دەکرێت ئەم ئەرکانە بەدی بهێنرێن. ئەم ئەرکانە تایبەتمەندی سۆسیالیزمی بەتەوێڵەوە نییە. ئەوەی ئەم تایبەتمەندییە دەکاتە ناسنامەی دەوڵەتە نوێیەکە، دەوڵەتی سۆسیالیتی کرێکاران: هەڵوەشاندنەوەی خاوەنداریی تایبەتیو کاری کرێ گرتە و پایەداری دەسەڵاتی سیاسی راستەوخۆی شوورا کرێکارییەکانە کە بۆ مەودایەکی مێژوویی حزبی پێشرەوی کرێکاران رابەری دەکات تا هەلومەرجی نەمانی دەوڵەتو حزبو خودی چینی کرێکاریش دەڕەخسێت.

مەسەلەی گەشەکردنی زانستو تەکنەلۆژیاو بەرهەم هێنان رەوتی خۆی لەزەمینەیەکی لەبارترو پێشکەوتووتردا، لەسایەی ئازادی کارو کومەڵایەتی بوونەوەی ئامرازەکانی بەرهەم هێنانو دابەشکردنی سۆسیالیستانەی بەرهەمی کارەوە، دەگرێت. سۆسیالیزم وەك دوارۆژی کۆمەڵگاکانی مرۆڤ لەم سەرزەمینەدا بەخەباتێکی چینایەتی رێكو پێكو هوشیارانەی چینی کرێکار دێتە دی.

سەرمایەداری توانای دەست بەخۆدا هێنانەوەی هەیەو ناکۆکییەکانی خودی ئەم سیستەمە چەندە کاریگەریش بن ، بێ هۆشیاریی کرێکارانو رێکخراو بوونو تێکۆشانی شۆڕشگێرانەیان ناتەقنەوەو کۆتایی بەتەمەنی سەرمایەداری ناهێنن.

چاوەڕێ کردنی گەشەی ئاسایی سەرمایە، پێچانەوەو وازهێنان لەخەباتی سۆسیالیستی بەنیازو بیانووی دیموکراسی بوونو بەدیهاتنی تەواوی ئەرکە دیموکراسییەکان لەژێر باڵو سایەی سەرمایەدا، مەسەلەی سۆسیالیزم بەدەست ((قەدەر)) و بزوتنەوەی پەرەسەندنی عەفەوی مێژووەوە دەداتو ڕۆڵی فاکتەری هوشیاری لەمێژوودا دەسڕێتەوە.

## ٥/٢ چەمکی ئینتەرناسیۆنالیستی سۆسیالیزم

ئەگەر ئەو راستییە بسەلمێندرێت کە سۆسیالیزم ئەلتەرناتیڤی سەرمایەداری‌یەو دەوڵەتی سۆسیالیستی کرێکاران ئەلتەرناتیڤی دەوڵەتی دیموکراتی بۆرژوایە، ئەوا چەمکی ئینتەرناسیۆنالیستی سۆسیالیزمیش دەبێت وەك راستییەکی لۆژیکی بسەلمێندرێت.

سەرمایەداری لەگەشەکردنی خۆیدا چوارچێوەی ناوچەیی بەزاندو شەقڵی جیهانی بەخۆیەوە گرت. ئەم پرۆسەی گەشەکردنە هەموو کونو کەلەبەرێکی ئەم جیهانەی گرتۆتەوە. ئیمڕۆ سەرمایەداری وەك سیستەمێکی پڕ توانای چەکدار بەدەستکەوتەکانی زانستو تەکنەلۆژیای هەرە پێشکەوتووی سەدەی بیستەم تەشەنەی کردووەو، نەك هەر وەك پەیوەندی کۆمەڵایەتی‌و سیستەمی ئابووری‌و سیاسی لەجیهاندا باڵا دەستە، بەڵکو بەدواکەوتووترین گۆشەیەکی ئەم جیهانە گەیشتووەو لە هەموو سەردەمەکانی پێشووتر زیاتر شێوەی جیهانی بەخۆیەوە گرتووە. چینە بۆرژوازییە ((نیشتمانییەکان)) کە بۆ دەیان ساڵ لەهەڵوێستی ((بەربەرەکانی)) کردنی سەرمایەداری جیهاندا بەنیازی پیادە کردنی جێوڕێیەکی سیاسی‌و ئابووری لە وڵاتانی خۆیاندا بوون، ئێستا بەتەواوەتی بەلای ئەم سیستەمەدا وەرچەرخاون‌و سیفەتی ((نیشتمانی)) ئەوسایان، کە خۆی لەدژایەتی کردنی ئیمپریالیزمدا دەنواند، بەلاوە ناوە.

ورد بۆرژوای‌وڵاتانی جیهانی دواکەوتووی ئاسیاو ئەفەریقیاو ئەمەریکای لاتینیش، بەهۆی هەرەسی دەوڵەتە بەناو سۆسیالیستەکان‌و یەکدەست بوونەوەی جیهان بۆ وڵاتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکان، وەك سروشتی هەمیشەییان بەپەلە جێ گۆڕکێیان کردووەو نائومێدی بەلای راستدا پەلکێشی کردوون.

هەواداری سۆسیالیزم یان خۆ بە سۆسیالیست زانین لەم وڵاتە دواکەوتووانەی جیهاندا بۆ بۆرژوازی‌و وردە بۆرژوازی‌ی نەتەوەیی هیوایەکی ئابووری‌و سیاسی بوو بۆ ئەوەی دەسەڵاتی بیانی لەوڵاتەکانیاندا کۆتایی پێ بهێنن‌و خۆیان دەسەڵاتی سیاسی‌و ئابووری بەدەستەوە بگرن. ئەم چینانە بەپشتگیری دەوڵەتە سۆسیال-بۆرژواییەکانی ئەو سەردەمەو لەسەروو هەموویانەوە یەکێتی شۆرەوی جاران خەونی شێوەیەك سۆسیالیزمی نەتەوەییان دەدی. بەرنامەکانیان تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ بەرنامەی دەوڵەتە سۆسیال - بۆرژواییەکاندا جووت بوون. دیدگای سۆسیالیزمێك لەم وڵاتانەدا سەری هەڵدا، دیدگایەکی نەتەوەیی ڕووت بوو. ئامانجی سۆسیالیستیان لەروانگەی پەرەسەندنی ئابووری‌ی نەتەوەیی‌و سیادەی نیشتمانی‌و رزگاری نیشتمانی‌و نەتەوەییەوە دەدی. عەدالەتی کۆمەڵایەتی‌و شێوە جۆراو جۆرەکانی سۆسیالیزم لەم دیدگایەوە تیۆریزە دەکران.

ئەم سۆسیالیزمە نەتەوەییە، کە سۆڤیەتو چین دوو نموونەی دیارو ناسراوی بوون، جولانەوەیەکی سۆسیالیستی نەتەوەیی فراوانیان لە جیهانی ((سێیەم)) دا لەشێوەی جوڵانەوەی بەربەرەکانیو دژایەتی ئیمپریالیزم لێ ڕسکا. هێزو حزبو دەسەڵاتە بەناو سۆسیالیستەکانی سەر بەم ڕێبازە، خاڵی دەست پێ کردنیان مەسەلەی رزگاری نیشتمانیو نەتەوەیی بوو بەو واتایەی بزوتنەوەی سۆسیالیستیی جیهانی لەگەڵ ئامانجە نیشتمانیو نەتەوەییەکانیاندا یەکبگرێتەوە. بۆیە هەر لە ناوەرۆکدا پەیوەندی نێوان گەوهەری سۆسیالیزمو دیدگای ئەم بۆچوونە نەتەوەییانە ناکۆکی تێدا بوو؛ لەلایەك ئامانجی رزگاری نیشتمانیو نەتەوەیی لە سنووری خاكو نیشتمانی نەتەوەدا دروشمی ئەم سۆسیالیزمە بوو، لەلایەکی دیکەوە خەباتی سۆسیالیستی شێواندنی بەسەردا هاتبوو. چیدیکە لە سنووریوڵاتێکدا توانایوەدیهێنانی سۆسیالیزم نەمابوو بەڵکو پێویستی بەجیهانیکردنەوە هەبوو هەتا بتوانێت لە گرەوی خۆڕاگرتنو سەرکەوتن بەسەر سەرمایەداریی جیهانگیردا دەربچێت.

گەورەترین چواشەییەك لەم بوارەدا ئەو هێڵە پیرۆزە حەددییە بوو لە نێوان قۆناخی نیشتمانیو دیموکراتیو قۆناخی سۆسیالیزمدا کێشرابوو. بەدرێژی ئەم سەدەیە شیکردنەوەی تایبەتی کۆمەڵگای روسیای بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەرو سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی چین لە بیستەکاندا وەك نموونەیەکی گشتی بووەوەی جیهانی بەباڵای کۆمەڵگاکاندا بڕا بوو؛ لەکاتێکدا دوای بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو پاشەکشەو تێشکانی ئەزموونەکەی ئەو ڕاستییە ئاشکرابوو کە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی لە سنووری تاکە وڵاتێکدا ناتوانێت بەشێوەیەکی ئاساییو بێ گوشاری ئیمپریالیزمی جیهانیو بەدەر لە کارکردەکانی گەشەکردنی سەرمایەداریو جیهانی بوونەوەی، بەئامانجە ستراتیژییەکەی شۆڕش بگات. ئامانجە دیموکراتییەکان یان ئەرکە دیموکراتییەکان نەك هەر بۆرژوازی لەڕولاوازی پابەندی هەزارو یەك کۆتو پێوەندی پەیوەندییەکانی پێش سەرمایەداری لە وڵاتانی دواکەوتووی جیهان ناتوانن بەدی بهێنن بەڵکو لەوزەی گۆشەگیرانەی ناوچەیی هێزو حزبە سۆسیالیستەکانیشدا نییەو ستراتیژی شۆڕشی جیهانیی کرێکاران لەخەباتێکی ئینتەرناسیۆنالیستیدا بەدی دەهێنرێت. ئامانجی ئەم خەباتە پیادەکردنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستییە کە پلەی یەکەمی بنیادنانی، بەمانا یەکەم هەنگاوەکانی گواستنەوە لەسەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزم، بە تەواو کردنی ئەرکە دیموکراتییەکان دەست پێ دەکات.

سۆسیالیزمی نەتەوەیی پێی وەهایە دەکرێت سۆسیالیزم لەم جیهانەی ئیمڕۆدا بێتە دی ئەگەی رزگاری نیشتمانیو نەتەوەییو ئەرکە دیموکراتییەکان هێدی هێدی لەگەشە کردنێکی ئاسایی ژێر سایەی سەرمایەداریدا وەدیهێتران. ئەوە خۆی لە خۆیدا ناکۆکییەك دەخاتەوەو لۆژیکی پەرەسەندنی کۆمەلایەتی لەبەر رۆشنایی شیکردنەوەیەکی زانستییانەیواقیعی ناکۆکییە چینایەتییە ناوچەییو جیهانییەکان رەتی دەکاتەوە چونکە ئەو راستییە لەئەزموونی خەباتی رزگاری نەتەوەییو نیشتمانیو خەباتی سۆسیالیستیدا سەلمێندراوە کە گرنگترین ئەرکە دیموکراتییەکانی قۆناخی بەر لە سۆسیالیزم پابەندی بەرژەوەندییەکانی سەرمایەداریی جیهانییە.

مەسەلەی بنەبڕ کردنی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی، بە تایبەتی لەرووی سەروەریی ئابوورییەوە، مەسەلەی سیادەی نیشتمانی لەرووی سیاسیو ئابوورییەوە، مەسەلەی نەهێشتنی هەموو شێوە چەوساندنەوەیەکی نەژادیو جنسی لەژێر سایەی جیهانێکی سەرمایەداریدا؛ لە بارودۆخێکدا کە جیهان بۆ جەمسەرە ئیمپریالستییەکان تا قۆناخێکی دیکە یەکلایی بۆتەوە، لە تواناد نییەو خەونێکە وەدینایەت. بۆیە بەناچاری رێگای خەباتی ئینتەرناسیۆنالیستیو یەکگرتنو یەکبوونی خەباتی سۆسیالیستانەی کرێکارانی گشت ولاتانو ناوچە جیاجیاکانی جیهان رێگای مێژوویی هەلوەشاندنەوەی هەمووشێوە چەوساندنەوەیەکو ریشەکێش کردنێتی. نە خەباتی نەتەوەیی دابڕاوو گۆشەگیر لە ولاتێکداو ، نەریفۆرمی بۆرژواییو نە فراوانترین دیموکراتیی حقوقیو سیاسی، کێشەکانی ژیانی کرێکارانو بەشەرییەتی چەوساوە لەبنەڕەتەوە چارەسەرناکەن، ئەگەر چی دەبێت خەباتی نەتەوەییو ریفۆرمو کارپێکردنی ئەوپەڕی دیموکراسی درێژە پێ بدرێتو لەدەستی بۆرژوازی جیهانی بسێندرێتەوەو لە خەباتی دژی سیستەمی سەرمایەداریدا بەکار بهێنرێن.

## سەرەنجام

گۆرانکاریو پێشکەوتنێك بەسەر جیهانی ئیمرۆدا هاتووە حەقیقەتێکە نکوولی لێ ناکرێت. ئەو پێشکەوتنە زانستیو تەکنۆلۆژییە ئاسۆی دوارۆژێکی مەزنی لەبەردەمی بەشەرییەتدا رووناك کردۆتەوە. پێشبینی گۆرانکاریو پێشکەوتنێکی هێندە کاریگەر لەچەرخی بیستو یەکەمیندا دەکرێت، هەرگیز نەوەی ئەم کۆتاییەی سەدەی بیستەم، نەبەبیریاندا دێتو نە بۆیان لە چوارچێوەی خەونەکانیشیان دەخرێت.

سەرمایەداری گۆڕانکاریو پێشکەوتنەکان بۆ خۆی تۆمار دەکاتو بە بەڵگەی سەرکەوتنی ژیاری خۆی دەزانێت. بەهۆی سەروەرێتی ئەم ژیارەوە، سەرمایەداری بانگەشەی ئەبەدی بوون بۆ سیستەمەکەی دەکات. ئەم تیف تیفە تەکنۆلۆژییە روخساری سەرمایەداریی جیهانیو گەوهەری سیستەمەکەی داپۆشیوەو وەك ڕووکەشێك دیوی دەرەوەی رازاندۆتەوە. ئەم زەرکەفتە بۆتە مایەی شەوارەی تیۆریو چەواشەیی لەفیکرو سیاسەتدا خستۆتەوە. بەڵام ئەو حەقیقەتەش فەرامۆش ناکرێت کە گەوهەری ژیارە سەرمایەدارییەکەو هەر دەستکەوتێکی زانستو تەکنۆلۆژیا بەدەستی مرۆڤ هاتبێت بەرەنجامی ڕەنجو خەباتو ئارەقەو خوێنی چینە ژێردەستەکانی مێژووی کۆمەڵگای بەشەری بووەو دەستکەوتە کەڵەکە بووەکانی دەستی کار ئەم ئاستەی پێشکەوتنی خولقاندووە. ژیاری ئەم سەردەمە، هەرچەندەسەرمایەداری مۆرکی خۆی پێوە ناوە، لە گەوهەردا بەرەنجامی کاری چینێکە سەرمایەداری بەبوونی ئەوەوە راوەستاوەو ژیاری سەردەمەکەش لەسەر شانی ئەو چینە ڕووەو دوا ڕۆژ مل دەنێت. پێشکەوتووترین داهێنانەکانی زانستو تەکنۆلۆژیا بە کۆمپیوتەرو ڕۆبۆتەوە، بێ دەستی کاری ئەو چینە، هەر لەمێشکی زاناکانو دووتوویی کتێبەکاندا دەمێننەوە. کەواتە ئەم پێشکەوتنە شاباشی سەرمایەداری بۆ مرۆڤ نییە، بەڵکو ناچارییەکی پەیوەندی کاروسەرمایەیەو مەرجی مانی سەرمایەو خۆراگرتنێتی.

سەرمایەداری ناچارە داهێنان لە هۆیەکانی بەرهەم هێناندا بەرپا بکات جۆنکە گیرفانی ئەوەی دەوێت. راوەستاندنی داهێنان بۆ یەك ڕۆژیش لەفەرهەنگی سەرمایەداریدا نییە بۆیە ئم سیستەمە بۆهەرچی زیاتر کەڵەکە کردنی سەرمایە پێویستی بە داهێنانو پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی هەیە. ئا لەم حەقیقەتە سادەیەوەیە، داهێنانو پێشکەوتن چەوساندنەوەی زیاتر لەسایەی سەرمایەداریدا بۆ جینی کرێکار دەهێنێتو پتر لەبەرهەمەکانی رەنجی خۆیان بێ بەشیان دەکات. واتە ناکۆکی نێوان بەرهەمی کۆمەڵایەتی ئەوانو خاوەندارێتی تایبەتی ئەو ئامرازانەی بەرهەم هێنان فراوانتر دەکات. ئەم ئاڵۆزکاوییە پێویستی بە ساخکردنەوە هەیە، ئەوەش تەنها بەنەمانی سەرمایەو سەرکەوتنی کار دەکرێت. مارکس دەربارەی گشەکردنی ئەو ناکۆکییە وەك هۆکاری شێوەی لابەلاکردنەوەی دەڵێت: ((گەشەکردنی ناکۆکییەکان لە نێوان شێوەیەکی مێژوویی بەرهەم هێنان تاکە ڕێگای مێژوویی چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکییانەو دەرکەوتنی شێوەیەکی نوێی پەیدا بوونیەتی))، (مارکس ـ سەرمایە).

ئەو خەونەی بەشەرییەتی چەوساوە لەسەرەتای مێژووەوە بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی‌یەوەی دەبینی ئیمڕۆ لەخەباتی سۆسیالیستیدا بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی کاری کرێ گرتەو نەمانی خاوەنداریی تایبەتیدا بەرجەستە دەبێت. پێشکەوتنو گۆڕانکارییەکان ئەو ئامانجە ناسرنەوە بەڵکو ڕێکوپێک خستنەوەو توندوتۆڵ کردنەوەی خەباتی سۆسیالیستی دەخوازن.

سەرمایەداری ناکۆکییەکانی نێوان کارو سەرمایەی هەرگیز پێ چارەسەر ناکرێت، هەر لەبەر ئەوەیە بەحەتمی دەبێت کۆتایی بێتو خەونی ئەبەدییەتی خۆی لەگەڵ خۆیدا بۆ مۆزەخانەی مێژوو بەرێت.

سۆسیالیزم ئەڵتەرناتیڤی سەرمایەدارییەو پێکهاتەیەکی سیاسی- ئابووری- کۆمەڵایەتییەو بەدوای سەرمایەداریدا دێت. ئەم قۆناخەی مێژووی کۆمەڵگای بەشەری، کاتێک لەئاستێکی جیهانیدا دەبێتە خاوەنی ژیاری سەردەمی خۆیو هەموو کۆمەڵگاکان دەگرێتەوە-نەک کۆمەڵگایەک یان چەند دورگەیەکی سۆسیالیستی لەدەریالووشێکی سەرمایەداریدا-چیدی گەڕانەوە بەرەو سەرمایەداری وەک خەونی گەڕانەوەی سەرمایەداری بەرەو دەرەبەگایەتیو کۆیلەیەتی لێ دێت. سۆسیالیزم فەلسەفەو جیهانبینیو رەخنەی چینی کرێکارە لە ململانێی چینایەتی نێو کومەڵدا.

سۆسیالیزم تیۆریو،بەرنامەی بزوتنەوەی کرێکارانی جیهانییە. ئەم تیۆریو سەرچاوەیە ناوەرۆکێکی زانستی هەیەو مارکسیزم ئاڵاو رابەرێتی.

سۆسیالیزم بزوتنەوەیەکە دژی سیستەمی سەرمایەداریو لە پێناوی هەڵتەکاندنی ئەو سیستەمەو وردوخاش کردنی ئۆرگانە دەوڵەتییەکەی تێدەکۆشێت.

سۆسیالیزم کۆتایی هێنانە بە هەموو شێوە چەوساندنەوەیەکی چینایەتیو نەتەوایەتیو جنسیو ...هتد.

سۆسیالیزم قۆناخی گواستنەوەی مرۆڤە لە جیهانی ناچاریی کۆمەڵایەتییەوە بۆ جیهانی ئازادیی کۆمەڵایەتی. قۆناخێکی پێویستە بۆ گوێزانەوەی کۆمەڵگا بەرەو کۆمەڵگایەکی نوێ کە چینەکانو دەوڵەتو حزبی تێدا نەبێت.

گەوهەری سۆسیالیزم وردوخاشو هاڕینی پەیوەندییەکانی سەرمایەداریو هەڵوەشاندنەوەی خاوەنداریی تایبەتی بۆرژوازیو کۆیلەیەتی کاری کرێ گرتەیە.

سۆسیالیزم ڕێگایەکی مێژوویی بنیادنانی کۆمەڵێکی بەڕاستی ئازادو یەکسانە کە هەر کەس بەپێی توانای خۆی کاربکاتو هەرکەس بەپێی پێداویستی خۆی لەبەرهەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵ بەهرەمەند بێت.

## پەراوێزەکان

(١) جیهان بۆ دەورانێکی دیکە بۆ سەرمایەداری یەکدەست بۆتەوە. هەوڵێك کە ئێمرۆ لەڕوسیاو هەندێ وڵاتانی دیکەی بلۆکی ڕۆژهەڵاتی جاران بۆ گێڕانەوەی سیستەمە کۆنەکە دەدرێت، ئەو ڕاستییە نەفی ناکاتەوە. ئەوە هەوڵێکە بۆ گێڕانەوەی سیستەمی سەرمایەداریی دەوڵەتو هیچ خزمەتێك بەمەسەلەی خەباتی سۆسیالیستی کرێکاران لەڕوسیاو وڵاتانی دیکەی جیهاندا ناکات مەگەر ئەوە نەبێت حەقیقەتی سیستەمی سەرمایەداریی بازاڕی ئازادو خێرو بێری ئیمپریالیزمی جیهانی بۆ کرێکارانو گەلانی ستەمدیدەی جیهان دەر دەخاتو بۆ جارێکی دی مەشروعییەتی سۆسیالیزم دەسەلمێنێ.

(٢) ئەو ئایدیاو چەمکە باوانەی سۆسیالیزم کەلەم بەشەدا خراونەتە ڕوو، هەموو ئەو چەمکە جوراو جۆرانەی لەڕۆژانی دوای هەرەسی شۆرەویو وڵاتانی بلۆکی ڕۆژهەڵات سەری هەڵداوە، ناگرنەوە. بەزۆری پوختەی ئایدیاو چەمکێکن لەڕۆژنامەکانی کوردستاندا، لەتوێی ئەو گوتارانەی دەربارەی سۆسیالیزم و چەپ نوسراون، بڵاوکراونەتەوە.

لە کوردستانی دوای ڕاپەڕینیش، دەنگدانەوەی ئەو پەتا جیهانییەی دژی سۆسیالیزم تەشەنەی کردووە، لەڕۆژنامەکاندا دەبیسترێن. ئەم گوتارە وەڵامی پەتا گشتییەکەیەو، بەتایبەتی ڕوو لە هیچ کەسێك لەوانەی بانگەشەیان بۆ ئەو چەمکانە کردووەو لەڕۆژنامەکانی کوردستاندا قەڵەمی خۆیان تاقیکردۆتەوە، ناکات؛ چونکە ململانێکە مۆرکێکی جیهانی پێوەیەو دەبێت لەو ئاستەدا سەیر بکرێت. لەبەر ئەوە ئاماژەم بۆ گوتاری هیچ یەکێك لەو نووسەرانەو ئەو ڕۆژنامانەش نەکردووە. ئەگەر پێویستی کرد لەکاتی چاپکردنەوەی ئەم گوتارەدا ئاماژە بو نووسەرەکانو گۆڤارەکان بەژمارەو بەرواری دەرچوونیانەوە دەکەم.

(٣) پەندێکی پێشینانە. دروستکراوی چینە چەوسێنەرەکانە. حەقیقەتی چەوساندنەوەی چینایەتی ئاوەژوو دەکاتەوە. کرێکارانو زەحمەتکێشان چەواشە دەکاتو ئەو ڕاستییەیان

لێدەشارێتەوە کەهەمیشە دەستی ماندووی ئەوان لەسەر زگی برسییانەو دەستی کارنەکردەو تەوەزەلی چەوسێنەرەکانیان لەسەر زگی تێرە.

(٤) سەبارەت بەوەی رەخنە لە سۆسیالیزم بەنیازی (گوایا) سەلماندنی ناراستیو هەڵەی تیۆرییەکانی (مارکس‌و لینین) دەگیرێت؛ وەلەبەر ئەوەی تەواوی ئەزموونێکی مێژوویی کە بەناوی سۆسیالیزمەوە هەیە، لادانێکی ئاشکرای لەتیۆرەیو چەمکە بنەرەتییەکانی سۆسیالیزم تێدایە، بۆیە بە پێوەندانگی سۆسیالیزمی زانستی مارکس بیرو بۆچوونە جیاجیاکان سەر دەسگای شیکردنەوە دەخەین.

(٥) لەنێوان ئەو هێرشە بۆرژوازییە جیهانییەی دژی سۆسیالیزم دەکرێت، هەردەمێکی رابەرانی سۆسیالیزم بهێنرێتەوە یەکسەر تۆمەتی پیرۆزی کردنو بەئاین کردنی سۆسیالیزم دەدەنە پاڵ نووسەرەکەی. ئەم شێوازە لەگەڵ نوێترین شێوازو مەنهەجی لێکۆڵینەوەدا ناگونجێت. ئەگەر هەمان پێوەندانگ بەرامبەر توێژینەوە زانستییەکان بەکاربهێنین دەبێت هەموویان بڕوانامەی زانستییان لێ وەربگیرێتەوە، چونکە کۆڵەکەیەکی توێژینەوەی زانستی بەکارهێنانی سەرچاوەیەو توێژەرەوە لەبەر تیشکی ئەو سەرچاوانەو واقیعەکەی لێی دەکۆڵێتەوە بە سەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەی دەگات.

## سەرچاوەکان


١-مارکس-ئەنگلز، مانفێستی حزبی کۆمۆنیست.
٢-مارکس، کاری کرێ گرتەو سەرمایە.
٣-مارکس، رەخنە لە بەرنامەی گۆتا.
٤-ئەنگلز، سیستەمی کاری کرێ گرتە.
٥-ئەنگلز، سۆسیالیزمی یۆتۆپیو سۆسیالیزمی زانستی
٦-لێنین، دەوڵەتو شۆرش
٧-بوخارین، ئەلفوو بێی کۆمۆنیزم.

# جەنگی کەنداوو گەمارۆدانی ئابووری لەسەر عێراق

نووسینی : فاروق مستەفا رەسووڵ

دوا رۆژ

**جەنگی کەنداو دەیان هەزار مرۆڤی عێراقی‌ی لە زەریای خوێن‌و فرمێسکدا نقوم کرد. سەرتا خواری ئابووری‌و ئەو شارستانێتی‌یەی داروخاند کە بە دەیان ساڵ دروست کرابوون. شوێنەوەرەکانی ئەم جەنگە مۆتەکە ئاسا بەسەر سنگی گەلانی عێراقەوە بە شێوەیەک چۆکی داداوە کە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ هەناسەیان لێ ببڕێ‌و باری ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌ی ئێستاو دوارۆژیش بشێوێنێ‌و لە بنەڕەتدا هەڵی بتەکێنێ.**

لەبەر تیشکی ئەم ڕاستی‌یەدا هەموو لێکۆڵینەوەیەکی نوێ و بەردەوام بوون لە لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە سوود بەخش دەبێ بۆ زانینی ئەو هۆیانەی ئاگری ئەم جەنگە خوێناوی‌یەیان خۆش کرد، کە ئەنجامەکانی ئەم جەنگەو جەنگی کەنداوی یەکەم لە نێوان عێراقو ئێراندا وێران کردنی عێراقو ئێرانو داڕوخانی ئابووری‌ی هەموو ناوچەکەی لێکەوتەوەو تەنها بە سوودی

دەسەڵاتو دەست بەسەراگرتنو جێ پێ خۆش کردنی وڵاتە سەرمایەدارییە گەورەکانی جیهان شکایەوە. پێشەکی دەمەوێ ئەوە بڵێم کە سیاسەتی کوشتنو برینی گەلانی عێراق بە کوردو عەرەبییەوەو وێران کردنی کوردستان، هەر لە کاولکردنی دێهاتو شارۆچکەکانیەوە هەتا کوشتنی بە کۆمەڵو کیمیاوی ڕژاندنو قڕ کردنی کورد لە ژێر ناوی ئەنفالدا لە لایەن بەعسەوە، کردارێکی ئەمەندە دڕندانە بوو کە جێگای دیاری ببێت لە لاپەڕە ڕەشەکانی مێژووی مرۆڤایەتیداو بۆ جارێکی دیکە ئەو ڕاستییەی چەسپاند کە ڕژێمە دیکتاتۆریو فاشستییەکان چەپەڵترین دوژمنانی شارستانێتیو جوانیو خۆشەویستیو ڕاستین.

دکتۆر ئیبراهیم عەلاوی لەسەرەتای هەفتاکاندا لە کۆڕێکدا وتی:
"بەهەرچ جۆرێك وەسفی حیزبی بەعس بکەینو لە پێناسەی نیشتمانیو چینایەتیی بکۆڵینەوە یەك ڕاستیی دیارو ڕوون لەبەر دەمماندا خۆی پیشان ئەداتو دەڵێ "ئەم حیزبە لەوە دەچێ تاقمێکی بێگانە بنو ئەرکی سەرشانیان کوشتنو برینی گەلی عێراق و وێرانکردنی هەموو دام و دەزگاکانیو کاول کردنیوڵاتەکەو کردنی بە کەلاوەیەکی گەورەو ئنجا بەجێ هێشتنی بێت".

لەگەڵ ئەم ناسینەی ڕژێمی بەعسداو هەڵوێستیش بەرامبەری لەم ڕوانگەیەوە، دەبێ شیکردنەوەو لێکدانەوەی هۆکارو ئەنجامەکانی جەنگی کەنداو زانینمان قوڵترو بۆچوونمان فراوانتر بکاتو بەشێوەیەکی زانستانەی تەواو لەو ڕاستییانە بدوێین.

لەکاتێکدا ئامانجی سیاسەتی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا ڕووخاندنی بێ قەیدو شەرتی ڕژێمی بەعس نییەو کاتێك ڕووخاندنی پێ باشە کە جێگرەکەی لە ئێستا پێ باش یا باشتر بێت. ڕژێمی بەعسیش کە دەستەمۆو جێ بەجێ کەری سیاسەتی ئەمەریکاو ڕۆژ ئاوا بوو لە ناوچەکەداو پارسەنگی تەرازوی هێزە هەرێمییەکان بوو بۆ بەرژەوەندیی هێزە گەورەکانی جیهانو ناو بە ناو بۆ مانەوەی دەسەڵاتی شلۆقیو بێ پایەی جەماوەری خۆی بازبازێنێکی لە ناو ئەم بازنەیەدا دەکرد، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا بە تەواوی خۆی خستە ژێر چەتری ئەمەریکاوەو ویستی لە بارودۆخی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێراندا خەونی گەورەی بۆ بهێنێتە دیو لە ڕێی بەدیهێنانی سەرکەوتنێکی گورج بەسەر ئێراندا ببێ بە ئیمپراتۆری ناوچەکەو وەك جەندرمەی ئەمەریکا لە ناوچەی کەنداودا، جێو ڕێی سیاسیو ئابووریو سەربازی حکومەتی شاهنشاهی بگرێتەوە.

بەڵام ئەو شکاندنانەی لە جەنگدا بەسەر سوپای عێراقدا هاتو لە پاش ئەوەی دەوری دەوری ئەمەریکاو میرەکانی کوێت لە گرتنی فاودا لە لایەن ئێرانەوە ئاشکرا بوو، پێش ئەوەش جەزرەبەی کاریگەرانەی لێ درابوو بە بۆردوومان کردنی بنکەی ئەتۆمی عێراق لە ساڵی ١٩٨١... ئەمانە باوەڕی سەددام حسەینیان بە ئاغاکانی کز کرد. وە کە پەچە لە ڕووی فەزیحەی "ئێران-گێت" هەڵماڵدرا ئەو ڕاستی‌یە بەتەواوی دەرکەوت کە ئەمەریکا سەری سەددام بە گەڕانەوەی تاران بۆ نێو ڕیزەوی پاشکۆیی ئەمەریکاو ڕۆژئاوا لە سیاسەتی نوێی جیهانی خۆیاندا دەگۆڕێتەوە.

لە ئەنجامی ئەمانەدا هەمووی‌و بە زانینی ئەو ڕاستی‌یەش لەم ڕووەوە سەبارەت بەوەی ئەمەریکا شەڕی ئێرانی پێ کردو سەرکەوتنی بۆ نەهێنایە دی، سەددام ترسی تەواوی لە نیازەکانی ئەمەریکا لێ نیشت، بۆیە پلانی هەڵوێستێکی تری لە لا دروست کرد. دوای ڕاگرتنی جەنگ لەگەڵ ئێراندا، عێراق ڕووبەڕووی گێرو- گرفتێکی سیاسی‌و ئابووری‌و عەسکەری ئێجگار گەورە بووەوە. قاسیە شۆومەکەی بێجگە لە خوێن ڕشتنی سەدان هەزار لاوی عێراق‌و نابووت کردنی خەزێنەی دەوڵەتو قەرزاری زۆر هیچی تری پێ نەبەخشی. گەلی عێراق بووە قۆچی قوربانی‌ی نەبوونی‌و قاتو قڕی‌و برسێتی لە ناو وڵاتێکدا کە بەیەکێك لە هەرە وڵاتە دەوڵەمەندەکانی دنیا دائەنرێ.

جەنگ لەگەڵ ئێراندا پارەو پوولی لە خەزێنەی عێراق بڕی، تووشی قەرزاری‌ی‌وڵاتە عەرەبیەکان‌و بێگانەکانی کرد. کە شەڕ ڕاوەستا قەرزدان بەعێراقیش ڕاگیرا. ئابووری عێراق لە پەلو پۆ کەوتبوو، ڕژێم لە ژێر باری قەرزێکی زۆرو سوپایەکی زۆری گەورەو گیرفانێکی بەتاڵدا ئەیناڵاند.

قەرزەکانی دەرەوە کە بۆ جەنگ وەرگیرابوون بریتی بوو لە ٨٠ ملیار دۆلار، لەمە ٣٥ ملیاری هی کوێتو سعودیە بوو.

ڕژێم دانی بەوەدا نا کە جەنگ لەگەڵ ئێراندا ١٠٠ ملیار دۆلاری تێ چووە، هەوڵی‌دا قەرزەکانی کویتو سعودیە دوا بخات یا هەر نەیداتەوە.. لەم کاتەدا تەماشای کرد ناچارە قازانجی قەرزەکانی‌وڵاتە بێگانەکانی ڕۆژ ئاوا بداتەوە کە ساڵی لە نێوان ٥-٧ ملیار دۆلار ئەبوو.

ڕژێم بۆ ڕزگار بوون لەم تەنگوچەڵەمەیە بیری لە چەند ڕێگایەك کردەوە:
یەکەمیان: بچووك کردنەوەی سوپا کە ئەمە هەر خەرجی‌ی بۆ کەم ئەکردەوەو

نە ئەبوو بە چارەسەرێك بۆ ئاوەدانکردنەوەی شوێنە کاول کراوەکانو دۆزینەوەی کار بۆ ئەو ژمارە گەورەیەی لە سوپا بەرەڵا دەکرێن. جگە لەوەی مەترسیی هەڵگیرسانەوەی شەڕ لەگەڵ ئێراندا لە نێوانیاندا مابوو.

دووهەم : هێشتنەوەی سوپا بەو قەبارە گەورەیەو بەهێز کردنیشیو هەوڵدان بۆ دواخستنی قەرزو دۆزینەوەی سەرچاوەی تر بۆ پارەو قەرز پەیدا کردن.

سەرچاوەکانی ناوەوە زۆر کەم بوون، حکومەت زۆر لە پرۆژەکانی خۆی هەراج کردو بوون بەبەشێك لە پرۆژە تایبەتییەکانو زۆربەی زۆریان لە لایەن خێزانی دیکتاتۆر خۆیەوە هەڵگیرانەوە، لە هەمان کاتدا شتومەك هێنانی بێگۆڕینە "استیراد بدون تحويل"ی بەرەڵا کرد. ئەم دوو کردارە بوون بە هۆی بەرزکردنەوەی نرخو کەم بوونەوەی خواردەمەنیو پەرەسەندنی تاوان لە شارە گەورەکانداو جەماوەری گەل بە گشتیو چینی کرێکارو زەحمەتکێشانو خاوەن داهاتە مام ناوەندییەکانی بە تایبەتی بێزار کرد. سەرچاوەی دەرەوەش بۆ پارە پەیدا کردن، تەنیا ئەو بانقانە بوون کە پاڵیان بە عێراقەوە نا بۆ وەرگرتنی قەرزی تازە بە سوودی بەرزو بە کەفالەتی نەوتی هەرزان بەها، ئەمەش ئەوەندەی تر باری عێراقی گران کرد.

سەرەڕای ئەم بارە ئابوورییە ناهەموارەی عێراقی تێکەوت، یاری کردن بە نرخی نەوتیش لە جیهاندا ئەمەندەی تر کێشەکەی قورس تر کرد. نرخی یەك بەرمیل نەوت کە لە ساڵی ١٩٨٠ گەیشتە (٤) دۆلار، لە ساڵی ١٩٨٦ دا، بە هۆی ئەوەی بەرهەمی نەوتی زەریای باکوور زیادی کرد، بۆ نزیکەی ١٠ دۆلار دابەزی. هەرچەندە رێکخراوی ئۆپێك زۆری تەقەلادا نرخ بگەیەنێتەوە ١٨ دۆلار، بەلام هەوڵەکەی بێسوود بوو.

لە ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ یشدا نرخی یەك بەرمیل گەیشتە ١٣ دۆلار، وە پێش تەقینەوەی مەسەلەی کوێت لە لایەن رژێمی سەددامەوە نرخ لە ١٤ دولاردا راوەستا.

ئا لەم بارو دۆخە تەواو ئاڵۆزاوەدا سەددام ویستی چارەیەکی تر بدۆزێنەوەو لەم قوڕاوە دەربچێ.

هێرشی ڕاگەیاندن بۆ سەر ئەمەریکا دەستی پێ کردو لە شوباتی ١٩٩٠ دا داوای کرد وڵاتە عەرەبەکان پارەکانیان لە بانقەکانی ئەمەریکا رابکێشنەوەو بیخەنە ناو بانقەکانی یەکێتی سۆڤێتو وڵاتانی ئەوروپای رۆژ هەڵاتەوە بە

بیانووی ئەوەوە کە دژی سیاسەتی ئەمەریکان لە دۆستایەتی ئیسرائیلدا! ئنجا لە کۆنگرەی سەروکو پاشا عەرەبەکان لە بەغدا داوای کرد هەنگاوی ئابووریی دژ بەئەمەریکا بنرێ.

پاش ئەوە لە ١٧ ی تەمووزی ١٩٩٠ دا سەددام حسێنوتارێکی خوێندەوەو تیایدا هەرەشەی لە کوێتو سعودیەو ئەمارات کردو داوای ئەو خوێنەی لێکردن کە لەجەنگی عێراق-ئێراندا بۆ مانەوەی سەروکو پاشاکانی ئەو ولاتانە لە سەر کورسی‌یەکانیان لێی ڕژاوە. شان بە شانی ئەم بیرکردنەوانەو هەلویستی تازەی رژێمی عێراقو هەولدان بۆ رزگار بوون لە زەلکاوی پڕ تەنگوچەلەمەی هەمەچەشنە بۆ مانەوەی لەسەر کورسی حوکم، ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانیشی بەو هەموو ئەزموونە گەورەیەی هەیانەو بەو هەموو کارەوە کە کردوویانەتە سەر ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستو کەنداو، لە بارێکی تری جیا لە سەددامەوە پلانیان بۆ قۆناغێکی تردا ئەنا. کرۆکی پلانەکەش ڕووتکردنەوەی دەولەتە نەوتی‌یەکانی ناوچەکەو داتەکاندنی دوا پولی گیرفانیان بوو. بۆیە قۆناغی دوای تەواو بوونی جەنگی ساردیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان قۆستەوەو بۆ دەست بەسەرا گرتنی ئەو شوێنانەی زۆر گرنگن لە جیهانداو لە سەرووی هەمووشیانەوە ناوچەی کەنداوی پڕ لە نەوت رەنگیان رشت.

ئا لەم بارە تەواو ئالوزاوەدا رۆژئاوا بە هەموو جۆرێك پالیان بە سەددامەوە نا هەلەیەکی گەورە بکاتو لەسەر کێشەی سنووری عێراق-کوێت بە داگیرکردنی هەندێ ناوچەی کوێت هەلی بخلیسکێننو بیکەن بە بیانوو بۆ لەشکر بەکێش کردن بۆ ناوچەکە تا تەواوی پلانە دارێژداوەکانیان لە ناوچەکەدا بەدی بهێنن.

بەلام هەلەی سەددامی سەرکێشو سەر لێ شێواو لەم ئاستەدا نەوەستاو هەنگاوی گەورەترو ترسناکتری ناو قومارێکی گەورەی بە ژیانو دوارۆژی گەلانی عێراق کرد.. چیش لەو و لە خێزانی دێت کە نرخی هەلەشەیی‌و نۆکەریی خۆیی‌و حیزبەکەی گەلی عێراق بیدات. ئاوەها بڕیاری‌دا کوێت داگیر بکات:

سەددام لە داگیر کردنی کوێت دا وەك دەر ئەکەوێ ئەم خالانەی لەبەر چاو گرتبوو :

یەکەم : بە داگیر کردنی کوێتو هەردوو دورگەیوربەو بۆبیان ڕێگایەکی

چاکترو بەکەڵکتر پەیدا دەکات بۆ هاتو چۆو ناردنی شتومەك لە عێراقەوە بۆ دەرەوە. بەمەش دەسەڵاتداری بەسەر "شەتول عەرەب" دا نرخی نامێنێ و سەددام دەتوانێ بەم وەزعە تازەیەوە موساوەمە لەگەڵ ئێراندا بکات.

دووهەم : داگیر کردنی کوێت گیرو گرفتی ئابووریی عێراق چارەسەر دەکات.

رۆژنامەی "فاینەنشال تایمس" لە ژمارەی رۆژی ١٠ / ٨ / ١٩٩٠ دا ئەڵێ:
"ئیستیسماراتی کوێتی لەدەرەوە کە بە ٢٠٠ ملیار تەقدیر کراوە، ئەگەر دەستی بەسەرا بگیرێ، بەشی دانەوەی قەرزەکانی عێراق دەکات".

سێیەم : داگیر کردنی کوێت بە خەیاڵی سەددام و هاوکارەکانی دەبێتەهۆی شاردنەوەی رووی رەشی خۆیان و رژێمەکەیان لای جەماوەری گەلی عێراق، بە تایبەتی، کە باسی عێراقێتی کوێت لە سەردەمی شۆڕشی ١٤ ی تەمووزو پێش ئەویش دا هەر لەکایەدا بوو.

بەڵام هیچ کەس لە رۆڵەکانی گەلی عێراق بەوە نەخەڵەتان کە سەددام بۆ ئەنجام دانی کارێکی نیشتمانی یا سەروەری عێراق ئەوجەنگەی هەڵگیرساندبێ..چونکە کودەتای شووباتی ١٩٦٣ رێگای چوونی کوێتی بۆ ناو رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان خۆش کردو ئەو کارە یەکێك بوو لەو موساوەمانەی لەکاتی خۆیدا کودەتای رەش و شوومی ٨ ی شووبات لەگەڵ رۆژئاوادا کردی.

جەنگی عێراق-کوێت لایەنی زۆری تێدایە کە هێشتا زۆر کەس و زۆر لا بەسادەیی و ساکاری تێی دەڕوانن و بە پلان و ستراتیژی ئەمەریکاو هەموو هێزە سەرمایەدارەکانی جیهانیەوە نابەستنەوە کە دەیانەوێت دەست بەسەر کانگا هەرەگرنگەکانی نەوت لە جیهاندا بگرن.

شوارزکۆف لە یادداشتەکانیدا دان بەوەدا ئەنێ کە پلان دانان بۆ بەرپا کردنی جەنگ دژی عێراق بۆ تەمموزی ١٩٨٨ دەگەرێتەوە، واتە ماوەیەك پێش راوەستانی جەنگی عێراق-ئێران، هەروەها دەڵێ:

کۆتایی پێهاتنی جەنگەکە لە ئابی ١٩٨٨ دا وای کرد عێراق یەك ملیۆن سەربازو ئابوورییەکی لاوازی بەسەردا بکەوێ کە نەتوانێ لە سوپاوە بیانگێرێتەوە ژیانی مەدەنی. شوارزکۆف دەڵێ: وەزیری بەرگری ئەمەریکا ( کارلوتشی ) یش ئەو مەترسییەی بەرامبەر عێراق هەبوو.

لە لاپەڕە (٢٨٣) یشدا شوارزکۆف دەڵێ: سەفیرەی ئەمەریکا لە بەغدا، لە چاوپێکەوتنێکدا لە کوێت لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٩ دا وەسفی هێزی عێراقی کرد وتی: ئەوەی مەترسی ئەو هێزە دەخاتە پشت گوێ وەك ئەوە وایە ئەخۆشی سەرەتان فەرامۆش بکات. هەروەها شوارزکۆف لەیادداشتەکەیدا (لاپەڕە ٢٨٩-٢٩٠) پەردە لەسەر نهێنیی تر لادەباتو دەڵێ: مەشقە ساڵانەیی‌یەکانی جەنگ لە چوار چێوەی کار پێکردنی (سەرکردەی ناوەندی) دا کە ئەو لە تەمووزی ١٩٨٨ دا وەری گرت، لە ساڵی ١٩٨٩ وە کەوتە پلان دانان لەسەر کۆمپیوتەر لەباتی ئەوەی لەسەرەتادا بڕیار درابوو لە تەمووزی ١٩٩٠ دا دەست پێبکرێ. لەبەر ئەوە ئەو کاتە هاتە پێشەوە مەشقەکان لەگەڵ هاتنە پێشەوەی ڕووداوی هاوجۆری تەواویاندا بەناو یەکدا چوونو لەسەر زەمینیواقیعیی جەنگی ڕاستی دژی عێراق، بەجۆرێك لەیەك جیا کردنەوەی نێوان هەردووکیان کارێکی گران بوو.

لەم یادداشتانە ئەوە دەرئەکەوێ کە فروفێڵی دیبلۆماسیو ڕاکێشانی سوپایی ئەمەریکا ئەمەندە وردو بەهێز بوو کە بە تەواوی دەستی بەسەر بەری عێراقیدا گرتبوو. لێرەدا ئەوە دەرئەکەوێ، کە جەنگی کەنداو ڕووداوێکی کتوپڕی چاوەڕوان نەکراو نەبووە، بەڵکە تەڵەیەك بوو وەستایانە نرابووەو نێچیرەکەی بەئاسانی گرت. لێرەوە بەئاسانی لەئامانجی دوایی ئەم پرۆژە تێك ئاڵۆزانەدا دەگەین کە بە پلانی پێچاو پێچی سەیر تەنراون. شوارزکۆف لە لاپەڕە (٢٨٠) دا وە بەراشکاوەیی‌یەکی نا ئاسایی‌یەوە دەڵێ: "هۆی ئەمانە نەوتە" و لە قسەکانیدا بەردەوام دەبێو دەڵێ: "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سێ بەش دووبەشی ئیحتیاتیی نەوتی زانراوی هەموو جیهانی تێدایە. ئەم نەوتە ئیحتیاتە کاری ناردنە دەرەوەی نەوت بۆ دووسەد ساڵ دا ئەپۆشێ. لە کاتێکدا کە بیرە نەوتەکانی تری جیهان لە بیست ساڵی تردا ووشك دەکەن، ئەمەش دەبێتە ململانێیەکی توند لە نێوان هێزە پیشەسازی‌یەکاندا لەسەر ئەم مادەدە بەنرخە. کەواتە چارەسەرکردنی ئەم گیرو گرفتە بە دەست بەسەرا گرتنی ڕاستەوخۆی ئەمەریکا بەسەر سەرچاوەکانی نەوتدا دەبێ. وە لەبەر ئەوەی عێراق کلیلی هەموو ناوچەکەیە، وە "لەسەر کەناری سەرووی ئەو بیرە نەوتانە چەقیوە کە بەرهەم هێنانیان مەرجی سەرەکی مانەوەی جیهانی پیشەسازی"یە، بۆیە هیچ سەیر نەبوو بۆ مسۆگەر کردنی ئەم ئامانجە توانای عێراق لەناو ببرێ و دەسەڵاتی تەواوی سوپاییو سیاسیی بەسەردا بگیرێ". (یادداشتەکانی شوارزکۆف لاپەڕە ٢٨٦)

ئەم جەنگە ئەگەر وێرانکارییەکی گەورەشی کرد لە ئابووری داو زیانی زۆر گەورەی لەدانیشتوان دا بەڵام وەك دەر ئەکەوێ هەموو ئامانجە سەرەکییەکانی خۆی بەدی نەهێنا کە: دەسەڵات گرتنی تەواوە بەسەر عێراقداو دانانی حکومەتێکیویستراوی تەواوی تازەی خۆیان بێ. ئەوەی دیار بوو" بۆش" هیوایوا بوو سەرکەوتنێکی سوپایی زۆر گورج بەدی بهێنێ کە ببێتە هۆی سەرکەوتنی تەواو لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکادا. بەڵام ئەوەبوو سەرنەکەوتو ئەو ئاواتەی نەهاتە دیو لە هەڵبژاردندا دۆڕاندی، ئەگەر چی ئەم دۆڕاندنە تەنیا هۆی ئەوە نییەو دوورو درێژو قوڵترە.

ئەوەی بەدی ئەکرێ ئێستا ئەمەریکا کەوتۆتە گیروگرفتێکەوە کە لەهەندێ ڕوویەوە لە گیروگرفتی یەکێتی سۆڤێتی جاران دەچێ: ئەمەریکا ئێستا توانای ئابووری ئەوتۆی نییە لە سیاسەتی فراوان بوونی سوپاییو هەڵگیرساندنو چوونە ناو شەڕی ناوخۆییوڵاتانی تردا بەردەوام بێت. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هێزەکانی ئەمەریکا نەچنە ناو شارەکانی عێراقەوەو لە خاکی عێراق بکشێنەوە.

شوارزکۆف دان بەمانەدا دەنێ و لە لاپەڕە (٤٩٨) دا دەڵێ:
"لەو ماوە کورتەی دوای جەنگ لەناو خەڵکی عێراقدا بەسەرمان برد، بۆم دەرکەوت ئەگەر هەموو عێراقمان داگیر بکردایە، زۆر بەتەواویوەك حەیوانی داینە سوورمان لێ دەهات کە لە ناو گۆمێکی قیردا نقووم بوو بێ"

ئەمە وێنەیەکی زۆر مانا بەخشو وردە کە ڕەنگە جەنەراڵ شوارزکۆفی ئەمەریکایی هەموو مەبەستو مانا مێژووییەکانی لێك نەدابێتەوە، ئەم وتەیە وێنەی سیستەمی نوێ پیشان ئەدات کە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا باڵی بەسەردا کێشاوەو خۆیانو هاوپەیمانەکانیان لە جیهانی سەرمایەداریو ئیمپریالزمدا بە هەموو توانای تەکنەلۆژیای گەورەیانەوە دەیانەوێ حوکمی دنیا بکەن، کە ئەو شێوە دەست بەسەرا گرتنە لەسەر ڕووی زەمیندا حوکمی بەسەر چوونی بەسەردا دراوە.

ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی توانیان کوێت لە ژێر چنگی سوپای عێراقدا دەر بهێنێنو ئەم سوپایە ڕاونێنو بەشێکیش لە خاکی عێراق داگیر بکەن، گەورەترین ئامانجی ئەمەریکا کە هاتبێتە دی ئەوەیە کە توانی چ جۆرە چەکو چەند جۆری سوپا بیەوێ لەم ناوچەیەدا جێگیر بکاتو بە کورتی لە باتی هەوڵو کۆشش بۆ ئەوەی سعودیە یا کوێت ڕێگای بدات بنکەیەکی سوپایی

دامەزرێنێت، وا هەموو خاکیان بوو بو بنکەی خۆیو بەو شێوە سوپاییو ئابووری‌یەی خۆی ئەیەویو بەچەپڵە ڕێزانی زۆربەی ئەم دەوڵەتانەو بگرە بەچەپڵە ڕێزانی گەلانی کوێتو عێراقیش هەر یەك بۆ مەبەستی خۆی: کوێت بۆ ڕزگارکردنیان لە سوپای عێراقو خەڵکی عێراقیش دیسانەوە بەهیوای رزگار بوون لە ڕژێمی خوێنڕێژو شەڕ هەڵگیرسێنەری سەددام.

ئەو پلانە هەرە گرنگەی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی بۆ دەستگرتن بەسەر "ئیحتیاتی نەوت" لەم قوناغەدا کاری خۆی‌کردو لە ژێر سایەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشدا بە هێزی سوپایی خۆشیان ناوچەکە دەپارێزنو ئەو وڵاتانەی مەترسییان لێ دەکرێ چەکیان لێ دا ئەماڵرێ، لەژێر پەردەی داوای ئەو وڵاتانەو پاراستنیان لە مەترسی سەددامو ئێران گەورەترین بنکەی سوپایی‌یان دامەزراند تا لەو ڕێیەوە دەست بەسەر تەواوی ئابووری هەموو ناوچەی کەنداودا بگرنو توند بە ئابووری‌و بازاڕی وڵاتە سەرمایەدارو پیشەسازی‌یە گەورەکانەوە، لە سەروو هەموویانەوە بەئەمەریکاخۆیەوە گرێی بدەن.

ئەمەریکا کە ماوەیەکە کەوتۆتە بەر مەترسی گەورەوە لە بەرامبەر هێزی ئابووری یابانو ئەڵەمانیاو دەست گرتنی ئەم دوو نەهەنگە بەسەر بەشێکی زۆری بازاڕی جیهانداو بەردەوامی‌و گەشەکردنی پیشەسازی‌یان لەسەر تازەترین بنەڕەتی* تەکنەلۆژیا، لە کاتێکدا تەنگوچەڵەمەی ئابووری‌ی ئەمەریکا ڕوو لەزیاد بوونەو بیرە نەوتەکانیشی ڕوو لە وشك بوونن. ئەم بارە بووە هۆی هەنگاو نانی بەپەلەی بۆ داگیر کردنی دەوڵەمەندترین ناوچەی جیهان تا لاسەنگی‌ی باری ئابووری خۆی هەڵبسێنێتەوە.

بەم شێوەیە سەرەتای بارودۆخێکی نوێ دەستی پێ کرد.. کە پڕە لە ئاڵوزانو بەیەکاچوونی کۆمەڵێکی زۆر بیرو ڕاو بەرژەوەندی‌ی جیاوازو ناکۆکی‌ی شاراوە بە پەردەی هاوکاری‌و دۆستایەتی‌ی سەیر، کە هیچیان ئەگەر بخرێنە بەر ڕووناکی بیری تیژو تاقیکردنەوەی زۆری هەموو بەرەکانو لایەنەکانی ئەم زۆرانبازی‌یە گەورەیە، تەمیان بەسەرەوە نامێنی‌و ڕاستو دروست لەچەوتو چەوێڵی بە ئاسانی جیا دەکرێنەوە.

*　　*　　*

لەگەڵ بەدی هاتنی ئەو ئامانجە گەورەیەی ئەمەریکا لە سەر تاپای ناوچەکەدا ئەوەی بەدی ئەکرێ ئەوەیە ئەمەریکاو هاوپەیمانان سەرکەوتنی تەواوی سوپاییان لە جەنگدا بۆ نەهاتە دی..

لە کاتێکدا سوپای "حەرەس جمهوری" ی سەددام لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە دەوری گیراو، تەماشا کرا وا خەریکە باری عێراق خەریکە بە جۆرێك ئەشێوێ کە لە چوارچێوەی ڕەنگ کێشراوی ئەماندا دەچێتە دەرەوە. ئەوە لە لایەك کوردستان لە ژێر دەستی بەعسیەکان رزگار کرا، دەست بەسەر زۆربەی کوردستاندا گیراو تەنانەت شاری گرنگی خاوەن نەوتی وەك کەرکوکیش کەوتە ژێر دەسەڵاتی جەماوەری کوردەوە. زۆربەی شارەکانی ناوەڕاستو خوارووی عێراق لە لایەن ئۆپۆسزیۆنی عێراقەوە رزگار کرا کە لە ڕاستیدا کەوتنە ژێر دەستی جوڵانەوە ئیسلامی یەکانی عێراقەوە، ئەو جووڵانەوانەی کە سەرکردایەتیو بنکەکانیان لە خاکو لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئێرانی ئیسلامیدا بوون.

ئەگەر ئەمەریکا فەرمانی نەدایە بەشکاندنی ئەو ئابڵووقە سوپایی یەی بەتوندی بەدەوری سوپای "حەرەس جمهوری" ی سەددامدا درابوو، ئەگەر ئەمەریکا ئەو سوپایەی بەرەڵا نەکردایەو یارمەتی یانی نەدابایە تا هەڵبسنەوەو لەو جوڵانەوەیەی دەستی گرتبوو بەسەر شارەکانی ناوەڕاستو خواروودا بدەن..ئەگەر سیاسەتی ئەمەریکا بەو جۆرە نەبوایە، لەچەند رۆژێکدا رژێمی سەددام لە بەغداشدا تەفرو تونا دەکراو بەشێوەیەك لێی ئەدرا هەڵسانەوەی نەبووایە.

بەڵام :

ئایا گۆڕانی رژێمی سەددام بە ڕژێمێك کە کۆماری ئیسلامی ئێران سەرچاوەی بیرو مەڵبەندی فەلسەفەی بێ لە بەرژەوەندیی هاوپەیمانانو هێزە هەرێمی یەکان بوو؟

بێ گومان ئەمە لە بەرژەوندی ئەمەریکا نەبوو، بۆیە لەسەر بنەڕەتی دروست بوون یان دروست نەبوونی ئەم موعادەلەیە ڕۆژانی داهاتوو رووداوی نوێی تیا هاتە دیو رژێمی سەددام مایەوەو گۆڕانکاریی گەورەو گرنگ لە کوردستاندا ڕوویدا. ئەمەریکا نەیویست سەددام بروخێو حکومەتێکی سەر بەئێران دروست ببێ.. سەددامیش وەك دیکتاتۆرێکی خوێنرێژو بیزراوو لێ پرسراوی جەنگ لەگەڵ کوێتو دوژمنی مافی مرۆڤ، نابێ هاوکاری لە گەڵدا بکرێو ئەگەر حەزو ویستنێکیواش هەبێ بەو پەلە پەلە جێ بەجێ ناکرێو ئەبێ بەکاتێکی دواتر بسپێردرێت.

سیاسەتی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی لەم قۆناغەدا ئاشکرایە..درێژە پێدان بە دوژمنایەتی کردنی رژێمی سەددام بەڵام نەخستنی: تا ئەو کاتەی جێگرێکیوا دێتە پێشەوە کە بتوانێ پارێزگاری هەموو تەرازوی هێزوو ناکۆکیو بەرژەوەندییەکانی ناوچەکە وا ڕابگرێ کە بۆشایییەکی ترسناک دروست نەکاتەوە. هەر بەدرێژایی کاتو پێ بە پێی هەوڵدان بۆ جێ بەجێ کردنی گشت بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش لە لایەن عێراقەوەو نەهێشتنی مەترسی لەم ڕژێمە دڕندە بەڕەڵایە..سیاسەتی لاواز کردنی داراییو ئابووریی عێراق و پلان دانان بۆ بەستنەوەی تەواوی عێراق بە ڕۆژئاواوە بە شێوەیەکی ڕەنگ بۆڕێژراو هەر بەردەوامە.

یەکێ لەو پلانانە سەپاندنی گەمارۆی ئابووری بوو بەسەر عێراقدا، ئەم گەمارۆدانەی بۆتە هۆی لەبەر یەك هەڵوەشاندنی باری ئاسایی ژیانو تەندروستیو کۆمەڵایەتیو نەفسی هەموو گەلی عێراق بە جیاوازی نەتەوەکانیەوە، کوردستانیش کە هاوپەیمانەکان لە هێرشی سوپایی رژێمی بەعس دەیپارێزن، هەمان گەمارۆی ئابووری بەسەرەوەیەو لەمەش زیاتر گەمارۆی رژێمی خوێنڕێژیش لە سەر کوردستان بووە بە ئابڵووقەدانی دووهەمو بە هەردوولا کوردستانیان خستۆتە بارو دۆخێکی نێجگار ناخۆشەوەو ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیان پڕ پەژارەو مەینەتی کردووە.

## گەمارۆدانی ئابووری

هەر لەو ڕۆژانەوە سەرمایەداری بۆتە هێزێکی گەورەی ئابووریو عەسکەری لە جیهاندا، بۆ دەست بەسەراگرتنو تۆقاندنی گەلانی بچووكو بێ تواناو داگیر کردنی خاکیان و دزینی سامانەکانیان بە زۆر شێوە، وەك چەکێکی کاریگەرو ئامرازی گوشار پەنایان بۆ سیاسەتی گەمارۆدانی ئابووری بردووە.

گەمارۆدانی ئابووری سیاسەتێکی ئیمپریالیستییەو بەرامبەر گەلانی جیهان بەناوی دوژمنایەتی کردنی رژێمە دیکتاتۆرییەکانەوە پەیڕەو دەکرێت، لەکاتێکدا خۆیان سەرچاوەی داپڵۆسینو کوشتو بڕو هەژارییوماڵوێرانی گەلانو هەمیشە رژێمە دیکتاتۆییەکان لە کاریگەرێتی ئەو گەمارۆدانە دەرباز بوون. نموونەی گەمارۆدانی ئابووری لە مێژووی هاوچەرخماندا زۆرن ! وەك گەمارۆدانی چین، کوبا، لیبیا. تاك تاك یا چەند وڵاتێکی ئەورووپای رۆژهەڵات... ئێمەش لە کوردستانی عێراقداو لە ساڵی ١٩٦١ بەدواوە تا ئێستا بەردەوام بەم شێوەیە یا ئەو شێوە گەمارۆی ئابووریمان بەسەرەوە بووەو جار جار بەگفتو گۆی نێوان شۆڕشی کوردو حکومەتە جیا جیاکانی بەغدا

لابراوەو پاش ماوەیەکی ناکۆکی بەسەرماندا سەپێندراوەتەوە. وا ئێستاش لە ژێر باری گەمارۆی ئابووری ڕژێمی بەعس لەلایەك و گەمارۆی هەموو دەوڵەتانی جیهانەوە لەلایەکی ترەوە، دەناڵێنین. تەنانەت دەوڵەتێکی وەك کۆماری ئیسلامی ئێرانیش کە خۆی بەسەربەخۆ دائەنێتو دەڵێ من ئازادم لە پابەندی ئەمەریکاو نەتەوە یەکگرتوەکان، ئەم کۆمارەش هەر گەمارۆدانی ئێمەی بەبەشێك داناوە لەسیاسەتیداو ناهێڵێ شتومەکی زۆر پێویستی ئێمە کە نانو سوتەمەنی‌یە بەرێکو پێکی بەدەستمان بگات.

## ئامانجەکانی گەمارۆدانی ئابووری

دەتوانین ئامانجەکانی گەمارۆدانی ئابووری بەم چەند خاڵە دەست نیشان بکەین:

١- ترساندنی وڵاتە گەمارۆدراوەکە بەهێزی سوپایی دەوڵەت یا چەند دەوڵەتە گەمارودەرەکان یا خاوەن بڕیارەکان. بۆ چۆك پێدانو تۆقاندنیانو تا دوایی ملیان پێ کەچ بکەن و ژێر دەستیمان بەسەردا بسەپێنن.

٢- ترساندنی هەموو جولانەوەیەکی شۆڕش گێڕی لەو وڵاتانەدا بەوەی کە ئەگەر هەوڵی هاتنە سەر حوکم بدەن، دەوڵەتە سەرمایەدارو خاوەن سوپا گەورەکان توانای ئەوەیان هەیە نەهێڵن چارەنووسی سیاسیو ئابووری خۆیان بڕیار بدەن.

٣- بۆ وڵاتە ئابڵوقە دراوەکە بسەلمێنن کە ئەگەر لەبازاڕی گەورەی سەرمایەداری ئەوان بپچڕێن، ناتوانن بەردەوام بن لە بەرهەم هێنانو گەشە پێدانی بزووتنەوەی ئابووری وڵاتەکەیان، هەروەها بۆ بەستنەوەیان بە بازاڕی ئازادی سەرمایەوە.

٤- لەژێر باڵی ڕەشی گەمارۆدانی ئابووریدا هەندێ ڕووی کێشەی گەورەی ئابووری سەرمایەداری دەشارنەوە، ئەمەش بەقەدەغە کردنی فرۆشتنی کەرەسەی خاوو بەرهەمی وڵاتە گەمارۆدراوەکانو ڕێگادان بەو جۆرە بەرهەمانەی خۆیان لە بازاڕەکاندا. واتە: بەهێزی سوپایی ڕێگا لە سەربەستی بازاڕی ئەو وڵاتانە دەگرن بۆ ئەوەی:

یەکەم: ئابووری ئەو وڵاتانە وردو خاش بکەن.

دووهەم: مەیدان بۆ بازرگانی‌ی خۆیان فراوانترو چۆڵتر بکەن.

٥- هەندێ جار گەمارۆدان مەبەستی عەسکەری تێدایە بۆ ڕێگرتن لە چوونی چەك یا پارچەکانی بۆ ئەو وڵاتانە بە نیازی لاواز کردنو بە پاشکۆیی مانەوەیان.

## گەمارۆدانی عێراقو کوردستان :

بەشێکی زۆری ئەو مەبەستە گشتی یانەی باسمان کردن لە ئامانجەکانی گەمارۆداندا بەسەر عێراقو کوردستاندا ئەگونجێ، مەرج نی یە ئەو ئامانجانە هەر بۆ ئەمرۆ بێت، ئەوەی حکومەتی بەعسی پێ چاوترسێن دەکرێ بۆ گۆرینی یا گەرانەوەی بۆ سەر رێبازی پێشوویان، بێ گومان ئۆپۆسزیونی عێراقیو حکومەتی داهاتووی عێراقیشی مەبەستە. لێرەدا پێویستە هۆکارو ئەنجامی گەمارۆدان بەگشتیو تایبەتمەندی یەکانیش بخەینە روو...

## گەمارۆدانی کوردستان :

١- لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە :

هەرچەندە ئەوە دەبیستین کە ئەمەریکاو نەتەوە یەکگرتوەکان هەوڵی سنووردکردنەوەی تورکیا نادەن تا شتومەکی لێوە بێت بۆ کوردستان بە بیانووی ئەوەی لە کوردستانەوە بۆ عێراق دەچێ، بەڵام ئەم بیانووە هیچ راستی یەکی تێدا نی یە.

هەڵوێستی ئەوان لە گەمارۆداندا هەمان هەڵوێستە، چ بەرامبەر کوردستان وە چ بەرامبەر بەشەکانی تری عێراق و بۆ هەمان مەبەستەکانە کە شیمان کردنەوە. لە هەموو کاتو شوێنێکدا ئەوە دوو پات دەکەنەوە کە عێراق یەک وڵاتەو رێگا بەدابەش کردنی نادەنو هەمیشە تورکیاو ئێرانو سووریاش دڵنیا دەکەن کە هەڵوێستیان بەرامبەر ناوەرۆکی بنەرەتی مەسەلەی کورد مەترسی ی بۆ ئەو وڵاتانە نابێ. نەتەوە یەکگرتوەکان هەر لەرێی مەڵبەندەکانیان لە بەغداوە هاتوچۆی کوردستان دەکەنو مامەڵە لەگەڵ گشت دامو دەزگاکانی کوردستاندا دەکەن. حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵو تەقەلای زۆری داوە ئەو چەند کارگەیەی لە کوردستاندا هەیە بکەوێتەوە گەڕ بەهێنانی پارچە بۆ ئامێرە وەستاوەکان یا کەرەسەی خاو بۆ بەگەڕخستنیان، بەڵام نەتەوە یەکگرتوەکان لەباتی ئاسان کردن کۆسپ دەخاتە رێیان. هەر بۆ نموونە: هەموو رۆژێک ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێلی پڕ لەجگەرەی بەرهەم هێنراوی ئەمەریکاو بەریتانیاو شوێنانی تر ئەگەنە کوردستان، بەڵام رێگادان بە فیلتەرو کاغەزو پارچەی کارگەی جگەرەکانی کوردستان بە گێرمەو کێشەیەکی زۆر درەنگو بەکەمی رێگای پێ ئەدرێ.

## گەمارۆدانی کوردستان لەلایەن رژێمی بەغداوە :

رژێمی بەغدا بە هەڵی زانی لەو گوشارە گەورە ئابووری یەی بەسەریەوەیەتی کوردستان بێ بەش نەکاتو جێ دەست و کرداری دیار بێت

لەم ڕووەوە، بۆیە لە ١٩٩١/١٠/٢٤ دا ڕژێمی بەغدا بڕیاری دا دائیرەو دەزگا ڕەسمی‌یەکان لە کوردستاندا بکێشێتەوەو بە ئامانجی ڕاگرتنی خزمەتگوزاریی ئەو دەزگایانە بۆ هاوولاتیان سیاسەتێکی تازەی لە کوردستانی عێراقدا گرتە بەرو لە ماوەیەکی کەمدا شێوەی گەمارۆدانێکی ئابووری گەورەی وەرگرت.

گەورەترین زیانی ئەم گەمارودانە بۆ سەر گەلەکەمان، ڕێگا گرتنیان بوو لە هێنانی سووتەمەنی بە هەموو جۆرەکانیەوە، بۆ ئەوەی پیشەسازیو کشتوکالو هاتو چۆو هەموو لایەنەکانی تری ژیان پەک بخەنو بەشێوەیەکی دیکە لەڕێی سەرما چەشتنی ئاوارەو لێ قەوماوەکانەوە شەڕی کۆ کوژی کورد بکەن. لە سووتەمەنی‌یەوە بۆ ڕێگا گرتن لە هەموو خواردەمەنی‌یەکو لە سەروو هەموویانەوە گەنمو جۆو ئارد.. ئینجا ڕێگا گرتن لە هاتنی دەرمانو پێویستی‌ی نەخۆشخانەکان، بۆ بڕینی کارەبا لەم شوێنو ئەو شوێنی کوردستان کە دەسەلاتیان لە بڕینیدا هەبێت.

ڕژێم پەیوەندیی کوردستانی لە مەیدانی پۆستەو تەلەگرافو تەلەفۆن بە عێراقو هەموو جیهان پچڕیوەو بەم هۆیەوە گەڕاندوینیتەوە بۆ چەرخێکی ترو بەگشت جۆرێک لە شارستانێتی دووری خستوینەتەوە.

ڕژێمی دوژمن بەگەل هەر لەیەکەم ڕۆژی بڕیاردانی کێشانەوەی دامو دەزگاکانی دەولەت لە کوردستاندا بەماوەیەک، دەستی کرد بە ڕاکێشانی ئەو پارەو پولانەی لە بانقەکانی کوردستاندا هەبوو، بەمەش هەموو کارو فەرمانێکی ڕاستەقینەی بانقەکانی کوردستانی لە پەلو پۆ خستو گورزێکی گەورەی دا بەسەر بزوتنەوەی بازرگانی‌ی ناوخۆو دەرەوەی کوردستانداو سامانێکی زۆری خەلکی کوردستانی لە بانقەکاندا دزی.

ئەمانە هەمووی بە بەرچاوی نەتەوە یەکگرتەوەکانەوە دەکرێ و هەمووش کەڕ و لالن لەم بارە ناهەموارەی گەلی کوردی تیا دەژی. بەلێ ڕاستیان کرد: ئەو سەرکردانەی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی کە لە سەرەتای شەڕدا هەڕەشەیان دەکردو دەیانگوت عێراق بۆ چاخە بەردینەکان دەگەڕێنینەوە!

## چاو پیاخشاندنێك به :

## چەند وێنەو نموونە لە هەڵوێستی وڵاتانو وڵاتە دراوسێکان لە سیاسەتی گەمارۆدان . . .

تورکیا :
لە رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی رۆژی ٢٠/٩/١٩٩٣ دا لە ژێر ناوی:Turkey wants help for Iraq embargo واتە: تورکیا داوای یارمەتی دەکات بۆ لابردنی گەمارۆ لەسەر عێراق دەڵێ: نوێنەری تورکیا لەنەتەوە یەکگرتوەکان (ئینال باتو) ئەم مانگە داوای چاو گێرانەوەی کرد بەسەر ئەو سزایانەدا کە بەسەر عێراقدا دراونو وتی: ئەو سزایانە ئەو مەبەستانە جێ بەجێ ناکەن کە بۆیان دانراوەو ئەوە سزای گەلانی تورکیاو عێراقو ئەردەنە .

سەرۆك وەزیرانی تورکیاش (تانسۆ چیللەر) پاش کۆبوونەوەی لەگەڵ بوریس یالتسنی سەرۆکی رووسیادا وتی ( تورکیاو رووسیا هەوڵ ئەدەن گەمارۆدانی ئابووری سێ ساڵەی سەر عێراق لابەرن ) ، پاش ئەوەی هەردوولایان عێراقیان ئاگادار کردەوە کە بڕیارەکانی UN جێ بەجێ بکات. هەروەها وەزیری دەرەوەی تورکیا(حیکمەت چەتین) هەوڵ ئەدات بۆرییە نەوتەکانی نەوتی کەرکوك کە درێژییان ٦١٢ میلە بە بەندەرەکانی تورکیا بەستێتەوەو بە گەڕیان بخاتەوە، چونکە هەر لەئابی ( ١٩٩٠ )ەوە زیاتر لە چوار ملیۆن بەرمیل نەوت لە ناو بۆرییەکاندا قەتیس ماوەو تورکیا(٣) ملیار دۆلاری لە داهاتی رۆیشتنی نەوت بە خاکیدا لە کیس چووە.

نووسەری وتارەکەش جوناشان روگمان لە ئەستەموڵەوە دەڵێ:
ئەشکرێ پارەی ئەو نەوتە قەتیس ماوەی ناو بۆرییەکان لە کاروباری مرۆڤایەتی UN لە سەرووی عێراقدا بەکار بهێنرێ...هتد.

تورکیا هەموو کات باری ئێستای عێراق و ئابڵوقەدانەکەی کردووە بە دەسکەلای هەرەشەکردن لە سعودیەو کوێتو ئەمەریکا بۆ پارە کێشانەوە لێیان، ئەگینا پەرە بە پەیوەندییەکانی ئەداتەوە لەگەڵ عێراق دا، لە راستیشدا تورکیا یەکەم دەوڵەتە پەیوەندی لەگەڵ عێراق بە پلەی سەفارەت بەستبێتەوە. تورکیا بۆ بەرژەوەندیی ئابووریو سیاسیی خۆی لەم مەیدانەدا چاوێکی کردووە بە چوار و گوشاری خۆی بۆ سەر کوردستان تایبەتمەندییەکی هەیە کە لە بنەڕەتو کۆتاییشیدا پەیوەندیی بە ستراتیژی

تورکیاوە هەیە بەرامبەر مەسەلەی کورد لە کوردستانی تورکیاداو ئنجا لە هەموو کوردستاندا.

بەریتانیا :

گاردیانی لەندەنی لە ڕۆژی ١٩٩٢/١٢/١١ دا وتاریکی بڵاو کردۆتەوە لە نووسینی دیڤید هیلەرو ریتشارد نورتن: تیایدا دەڵێن ( یەکێ لە کۆمپانیا هەرەگەورەکانی شتومەك ناردنە دەرەوەی بەریتانیا گفتو گۆی لەگەڵ عێراقدا کرد بۆ چاك کردنەوی هێڵەکانی پەیوەندی کردن، کە جەنگ لەناوی بردووە. ئەم ڕێککەوتنە پاش لابردنی سزاکانی UN دەست پێ دەکاتو لەسەرەتاوە بایی ٤١ ملیۆن دۆلارە بۆ ئامێری پێویست بۆ پەیوندی کردن ).

ئێستا کۆمپانیاکانی ڕۆژئاوا، قوبرس بەباشترین بنکە بۆ ئیشوکاری دوا ڕۆژو پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا ئەزانن.

لە ڕاپۆرتی کۆمپانیای GPT کە GEC ی بەریتانیو سیمنسی ئەڵەمانی بە تێکەڵ خاوەنین ئەوە دووپات کراوەتەوە کە هەر سزاکان لە سەر عێراق لاچوو، قەبارەی عەقدەکان لەگەڵ عێراقدا لە قۆناغی یەکەم ساڵانە دەگاتە ٢٠٢ ملیۆن دۆلارو دوای ئەوە دەگاتە ٢٥٢ ملیۆن دۆلار .

فەرەنسا :

چەند ڕۆژنامەیەکی فەرەنسی لە مانگەکانی ١١ و ١٢ ی ١٩٩٢ دا باسی ڕێککەوتنامەی عێراق فەرەنسایان کرد لە هاوکاری کردن لە دەرهێنان و فرۆشتنی نەوتەوە.. هەروەها لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩٣ ەوە ڕۆژ بە ڕۆژ هەڵوێستی فەرەنسا بەرامبەر گەمارۆدانی ئابووری عێراق کاڵتر دەبێتەوە.

## ئاو : چەکێکی نوێیە دژی گەلی عێراق

بەرژەوەندیی سەرمایە دارانی ڕۆژئاوا لەم ناوچەیدا ئەمەندە گەورەیە کە شایانی گرنگی پێدانیانە لە هەموو ڕوویەکەوە، بۆ کۆتو زنجیرکردنی گەلانی ئەم ناوچەیە هەرچی خراپ بێت بەبیریاندا دێتو هەوڵی جێ بەجێ کردنی ئەدەن.

ڕۆژنامەی ئیندیپێندەنتی لەندەنی لە ژمارەی ڕۆژی ١٩٩٠/٨/٥ دا زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێ:

عێراق توانی رادەیەکی گرنگ لە دابین کردنی خۆیی (الاکتفاء الذاتي) بەدی بهێنێ لە مەیدانی سوپایی‌و پیشەسازیدا، وە ئابلۆوقەدانی رۆژئاوا کارێکی زۆر سەرنج راکێشی لەسەر ناکات، رۆژنامەکە داوا ئەکات کە "هێزەکانی رۆژئاوا پێویستە( چەکی ئاو ) لەم کێشەیەی ئێستادا بەکار بهێنن‌و دەڵێ: تورکیا بەربەستی ئەتاتورکی تەواوکرد کە دەتوانێ هەموو ئاوی فورات لە عێراق بگرێتەوەو ئێستا بیست پرۆژەی دیکە لە ئەنازۆڵی رۆژهەڵاتدا بۆ برینی ئاوی دیجلە بە عێراق، لە قۆناغی جێ بەجێ کردندایە".

ئەی ئافەرین نوێنەرانی مافی مرۆڤ‌و جیهانی نوێ بۆ خۆتان‌و پرۆژەیەک بۆ خنکاندنی گەلانی عێراق لە بەرنامەی خۆتان هاوێشتووە!!

ئەو نموونانە تەنیا بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستی‌یە یە کە گەمارۆدانی عێراق‌و کوردستان پلانێکە بۆ لاواز کردن‌و برسی کردنی گەلی عێراق.

بۆ لاواز کردنی ئابووری عێراق‌و کردنی بە بازاری ئێستاو دوا رۆژی دەوڵەتە ئیمپریالستەکان بۆ مسۆگەرکردنی دەست بەسەرا گرتنی نەوتی ئێستاو سالانێکی زۆری داهاتوو. دیسانەوە ئەڵێم: ڕاستیان کرد کە وتیان عێراق دەگەرێنینەوە بۆ چاخەکانی پێشوو..کوردستانیش لەمە بەدەر نەبوو، ئەوەتا زۆرتر لەبەشەکانی تری عێراق گەڕاوەتەوە بۆ چاخە بەردینەکان: نە کارەبا نە ئاوی تەواو، نە تەلەفون و نە پۆستە، سەرباری ئەوەش کاولکراوو پساو لە ژێر باری گرانی‌و برسێتی دا دەناڵێنێ.

ئەی ئەگەر وا نی‌یە با پێمان بڵێن: سەددام‌و خێزانی .. سەرکردەکان‌و وەزیرەکان‌و کادرەکانی حیزبەکەی هیچیان بەشێکی بچووکیان بەرکەوتووە لەم هەموو ئازارو ئێش‌و ماندوێتی‌و سەرماو برسێتی‌و گرانی‌یە؟.

## جەنگ‌و گەمارۆدان‌و هەڵئاوسانی نەقدی:

هەردوو جەنگی کەنداو کارێکی ئێجگار توند و تیژیان کردە سەر باری ئابووری عێراق، ئەو ئابوری‌یەی رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو پتەوبوون‌و رەگ داکوتانی قووڵ هەنگاوی ئەنا، بەهۆی جەنگەوە لە لوتکەوە بەتەوقی سەردا کەوتە خوارەوەو کەوتە ژێر باری کۆمەڵێ ئەنجامی پسێنەرو داڕوخانەوە،

یەکێ لەو ئەنجامە خراپانەی کێشەی ئابووریی پاش جەنگو گەمارۆدانی ئابووری بڵاوبوونەوەی فراوانی بێ کاریو هەڵئاوسانی نەقدی بوو کە هەردەم لە زیادبوونایە.

بەهۆی قەدەغەکردنی شتومەك بردنە دەرەوەو لە هەمووشی گرنگتر رێ گرتن لە فرۆشتنی نەوت، داهاتی عێراق هاتۆتە سەر ئەو کرینو فرۆشتنانەی کە لەناو وڵاتدا دەکرێو هەندێ لەو بەرهەمو کەرەسەخاوانەی بەدزی‌یەوە ناو بە ناو بە ئێرانو ئەردەندا دەبرێنە دەرەوە، کە ئەمانە هەمووی لە چاو پێویستی‌یەکانی عێراقدا رادەیەکی زۆر کەمن، قەرزاریو نەبوونی داهاتو بێ کاری وڵاتیان بە هەورێکی رەشی نائومێدی داپۆشیوە. حکومەتی عێراق لە هەوڵدانیا بۆ کەم کردنەوەی کاریگەرێتی خراپی ئەم بارەو دەستە وەستان بوونی لە ئاستی دەرچوون لەم کێشە ئاڵۆزە پەنا دەباتە بەر چارەسەر کردنی سەرپێیی دوور لە کارتێکردنی راستی، ئەم بارە ئاڵۆزە هەڵئاوسانێکی نەقدی گەورەی بەرپاکرد..

## هەڵئاوسانی نەقدی :

مانای نقوم کردنی بازارو شوێنەکانی پارە گۆرینەوەیە بە پارەی کاغەز (النقود الورقیە)..بە شێوەیەك کە زیاتر بێت لە پێویستی‌یەکانی خولی کەلو پەل (الدورە السلعیە)..مانای هاتنە خوارەوەی نرخی پارەی کاغەزە بەرامبەر کەلوپەلی نەقدی کە (ئاڵتون)ە. وە بە ئەنجامی ئەمە نرخی کەلوپەل بەرز دەبێتەوە. ئا لەم بارودۆخانەدا چینە باڵا دەستەکان هەڵئاوسانی نەقدی بۆ قازانجی خۆیان بەکار دێننو قورسایی‌یەکەی دەخەنە سەر شانی زەحمەتکێشان.

ئەوەی ئێستا لە عێراقدا روو ئەدات: رۆژ بە رۆژو بەگوێرەی پێویستی‌ی دەوڵەتو چینە دەسەڵاتدارەکەی. پارەی کاغەزی نوێ بە بری زۆر لە چاپ ئەدرێتو نرخی پارەکە دێتە خوارەوەو نرخی شتومەك بەرز ئەبێتەوە و بێ کاری پتر ئەبێت.

ئەم هەڵئاوسانە زیانێکی گەورەی لە رادەی ژیانی کرێکارانو زەحمەتکێشانو خاوەن داهاتە ناوەنجی‌یەکان داوەو هەندێکیانی تا رادەی سەر سفر هێناوە.

بەپێچەوانەوەشەوە سەرکردەکانی رژێمو لە سەروو هەموشیانەوە خێزانی حوکم بەدەستو ئەو توێژو چینە سوود وەرگرەی دەوروپشتیان، بە هۆی خاوەن دارێتیو پەیوەندی‌یان بە مەڵبەندە ئابووریو بازرگانیەکانەوە،

ئەمانە گەورەترین سوودیان لەم بارە وەرگرتووەو سەدان ملیۆن دیناری تریان خستتووەتە سەر سامانەکەیان. ئەم توێژو چینە کە لە ئازارو خوێنو فرمێسکی گەلانی عێراق دروست بوون، هیچ پەیوەندی‌یەکیان نەبە پرۆسەی بەرهەم هێنانەوە نەبە گەشەپێدانی ئابووری‌و ئاوەدانکردنەوەو بەرەو پێشچوونی ڕەوتی سەرمایەداریشەوە لەم وڵاتەدا نەبووە.

دروست بوونی ئەم چینە کە لەسەر بنەڕەتی نۆکەری‌و بازبازێن لە نێوان ئەم تاقمو ئەو تاقمی ناو ڕژێمو لە کۆتاییشدا نۆکەری هەموو کەس یا لایەك دەسەڵاتدار بێ لە وڵاتداو دەیانکاتە چینێکی دوژمن بەگەلو بەرامبەر دەوری ئابووری‌و سیاسی‌ی چینی کرێکارو هەموو زەحمەتکێشانو بگرە بۆرژوا بچوکەکانیش ڕایان دەگرێت.

## کاریگەرێتی جەنگو گەمارۆدانی ئابووری لەسەر ژنو منداڵو باری دەروونییان

تێکشکاندنی باری تەندروستی‌و دەروونی مرۆڤ یەکێك لە ئەنجامەکانی جەنگی کەنداوو گەمارۆدانی ئابووری پێك دێنێت. شێواندنی ژیانی ئاسایی منداڵو زەلیل کردنی دایكو باوکیان بەهۆی گەڕان بەدوای پارووەنانو شیرو دەرماندا بۆیان، بێ‌گومان دەیانخاتە بارێکی دەروونی پڕ ئازارەوە کە تا مردن وەك مۆتەکە چۆك لەسەر سنگیان دابداتو لێی ڕزگار نەبن. سەرۆکی تیپی هارڤەردی دەولی، زانای کەنەدایی (ئەریك هوسکنز) لە توێژینەوەیەکی‌دا لەسەر کاریگەرێتی‌ی جەنگی کەنداو لەسەر عێراق دەڵێ:

بڕیاری ٦٦١ ی ئەنجومەنی ئاسایش کە بە سزای گشت گر پەیوەندی‌یەکانی لەگەڵ عێراقدا بڕی، ئەم بڕیارە یەکەم جارە لە مێژووی نەتەوە یەکگرتوەکاندا بەم شێوەیە دەربچێو خواردەمەنی وەك چەك بەکار بهێنرێ. ئەمە کردەوەیەکی ترسناکەو هەرگیز لەوەو پێش ڕووی نەداوە.

پرۆفیسۆر ماگنە ڕاوندلن، بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەی منداڵ لە نەرویج لە بارەی تێکشکاندنی دەروونی‌ی منداڵانەوە دوای جەنگی کەنداو دەڵێ: منداڵانی ناوچەکانی بەغداو بەسرە بە هیچ جۆرێك لە بیرەوەری‌ی بۆردومان کردن کە هەردەم لەبەر چاویانە ڕزگاریان نابێت. .ئەم بۆردومانە وای کار تێکردن کە هەست بکەن ئەم جیهانە شوێنێکی ئەمین نی‌یە تیای بژین. . .ئەکرێ هەموو شت ڕوو بدات بەبێ هۆ. .وە دەکرێ هەموو خێزانەکانیان نەمێنو پێش گەورەبوونیان بمرن.

لێکۆڵینەوە لەباری ژنان لە عێراقدا، کە زانکۆی هارڤەردی ئەمەریکایی بە بەشدار بوونی پەنجا پسپۆری تەندروستیو قانونییەوە ئەنجامی داو لە تاقیکردنەوە لەسەر نموونەی ١٠ هەزار خێزان لە ٩٠٠ شارو دێی هەموو پارێزگاکانی عێراقدا، ئاوێنەی ئەو ئەنجامە چەپەڵەی جەنگی کەنداوو گەمارۆدانی ئابووری عێراق بەرچاوی کۆمەڵگای دەولی دەخات. لەیەکێ لەو راپۆرتانەدا کە گەلی عێراق بەناوی شەرعییەتی دەولییەوە بە گەلێکی بەکۆمەڵ بەدیل گیراو دا ئەنێ، دەڵێ:

بێجگە لە لێدانی وزەی کارەباو ئاوو دەزگا تەندروستییەکان . . .گەمار ۆی ئابووری شوێنەواری کوشندەی قووڵی هەیە لەسەر رادەی مردنی منداڵانو باری تەندروستیی گشتیی ژنان .

منداڵ لە بارچوونو منداڵ بوون بەرادەیەکی کەمتر، لەرادەی سروشتی ئێجگار بەرزبۆتەوە، وە زۆربەی ئەو ژنانەی لە نەخۆشخانەکاندا ئەکەون نەخۆشیی ئەنیمیا(کەمی خوێن-فقر الدم ) یان تووش بووە. نەخۆشخانەکان ئەگەر زۆر پێویست نەکات عەمەلیاتی تێدا ناکرێ، ئەوەش بەهۆی نەبوون یا کەمی بەنجو پێویستییەکانی تری عەمەلیاتەوە ., هەروەها نەبوونی دەرمانی سك پڕ نەبوونی بەکەڵك بۆتە هۆی منداڵ لەباربردن کە زۆر جار دەبنە هۆی مردنی دایکەکان.

هەروەها لە ئەنجامی باری دەروونیو جەستەیی ناتەواوەوە لە عێراقدا لە ٧٠%ی ژنان لە گیرو گرفتی تەندروستی جیاجیادا دەژین، کەیەکێ لەو نەخۆشییانە نەخۆشیی عەقلی جەستەییە، وەك خەوزڕانو کێش کەم بوونو سەرئێشە. وە ٨٠%ی ئەو ژنانەی بۆ مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوەیە بینراون باسی قورسیو گرانیی ئەرکەکانی ناوماڵیان دەکەن کە بەهۆی نەبوون یا کەمیی ئاوو کارەباوە پتر بووەو ناچار دەبن هەوڵی زۆر بدەن بۆ دابین کردنی ئاوو دار بۆ خێزانەکانیان، جگە لە کەمی خواردەمەنی کە بۆتە هۆی نەخۆشیی جۆراو جۆر.

راپۆرتی "نیوەی ساڵ"ی یونسیف دەڵێ:

ئەو رێگا بڕینەی ئەنجومەنی ئاسایش بەسەر گواستنەوەی ئاسمانیی عێراقیدا )داوە دەبێتە هۆی خراپ بوونی ئەو مەسلانەی بەرێی بیابانی ئەردەندا بۆ عێراق دێن و ماوەی ١٠٠٠ کم دەبڕن ، ئەو مەسلانە بۆ کوتاندنی مرۆڤ بەکاردێن تا بەرهەڵستی نەخۆشی بکەن ، بەڵام لەبەر دووری ئەو رێگایە تا دەگەنە جێگا لەکارتێکردن دەکەون .

ڕاپورتەکە لەسەر باسەکەی دەڕواتو دەڵێ: نەخۆشیی سوریێژە وەک پەتا بڵاو بۆتەوە...زۆر نەخۆشیی تر کە ناوی لە عێراقدا نەمابوو وەک کولێرا (ڕشانەوە) و گرانەتاو ئیفلیج بوونی منداڵ...لە هاوینی پاردا وەک پەتا سەریان هەڵدایەوە.

دکتۆر ئەریک هۆسکنز ڕێکخەری ڕێکخراوی یونسیف دەڵێ:

هەموو یارمەتییەکانی کۆمەڵگای دەولیو ڕێکخراوە فریاگوزارییەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵی پێشوودا ١٠٠ هەزار تەن خواردەمەنی بوو کە ئەمە تەنیا بەشی ( ١٠ ) ڕۆژی دانیشتوان دەکات، وە کۆی هەموو ئەو دەرمانانەی ناردویانن بۆ عێراق بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی UN تەنیا ٥% ی پێویستیی عێراق دابین دەکات.

لەم ڕاپۆرتەی یونسیفدا هەندێ سەرژمێری تێدایە گەر لێیان وردبینەوە تێ دەگەین شەڕو تەماعی دەولیو ڕژێمی فاشی چییان بەسەر گەلەکەمان هێناوە.

لەکاتێکدا چاوەڕوان دەکرا ئیفلیجیی منداڵ بە ئێجگاری بە عێراقدا ساڵی ١٩٩٥ کۆتایی بێت، کەچی لە ١١ نەخۆشی ١٩٨٩ ەوە بازی دا بۆ ١٤٠ لەساڵی ١٩٩٠ دا. وە تووش بوونی دەفتریا (خناق) لە ١٠ حاڵەتی ساڵی ١٩٩٠ ەوە گەیشتە ١٤٠ حەڵەت لە ساڵی ١٩٩١ دا.

وە بەهۆی ڕماندنی ١٥٠٠ ئێستگەی ئاو خاوێن کردنەوەو نەمانی پارچە بۆ چاککردنەوەی ئامێرەکانو تێرژانی ئاوی ئاوەڕۆکان بۆ ناو ڕووبارەکان نەخۆشیی (تیفۆئید-گرانەتا) و ڕشانەوە لە هاوینی ١٩٩١ دا وەک پەتا گەرایەوە. وەلەنێوان مایسی ١٩٩١ و نیسانی ١٩٩٢ دا (٢٩٣) نەخۆشیی وەک کولێرا ژمێردراو (٦٧٠) نەخۆشیی تیفۆئید لە چوار مانگی یەکەمی ١٩٩٢ دا تۆمار کراون.

وە بە هۆی پیس بوونی ئاوەوە، سک چوون بوو بە چوار ئەوەندەو نەخۆشیی جگەرو تای ماڵتاو بەلهارزیا سەریان هەڵدایەوەو لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٢ دا یەکەم تووش بوون بە نەخۆشیی (ئاوسانی سەحایا) بینرا.

## سەرەنجام

رەنگە هەندێ کەس بپرسێ: ئایا لەم شیکردنەوەیەدا کە هەندێ تیشکمان خستۆتە سەر نیازو بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی چ لە جەنگی کەنداوی یەکەمو دووهەمداو چ لەمانەوەی ئێستایاندا لەناو یا نزیک خاکی عێراقو دەسەلات گرتن بەسەر ئاسمانی ئەو خاکەی تا هێڵی ٣٦ ئەیگرێنەوە، مەبەستمان ئەوەیە ئەمان بو تەماعو بەرژەوەندیی خۆیان هاتوونو ئەمە دەکەنو چوونە دەرەوەیان بێ قەیدو شەرت لە بەرژەوەندیی گەلی عێراقو گەلی کوردستانە؟

من زۆر بەڕاستی دەزانم ئەو سەرکردەو حیزبانەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا کاربەدەستن، لە پێش هەموو شتێکدا بە تێگەیشتنێکی قووڵو زۆر هوشیارانە پشت ببەستن بە پلانێکی داڕێژراو لەسەر بنچینەی زانستو هەموو ڕووداوە مێژوویییەکان کە بەسەر گەلەکەمانداو هەموو گەلانی جیهاندا هاتوون، کۆنو نوێ، هەر لە دابەشکردنی کوردستانەوە تا ئەمڕۆ، بچنە ناو ئەم کۆڕو کێشە ئاڵۆزەوەی کوردستانی تێدایەو تیایدا دەژی، بە تێگەیشتنی تەواو لە هەموو کاروبارە تایبەتمەندەکانی وڵاتە دراوسێکانەوەو لە هۆکاری دۆستایەتیو ناکۆکیی نێوان هەر دوولایەك لەو لایانە، لە هەڵوێستو بەرژەوەندییان بەرامبەر ئێستاو دوا ڕۆژی کوردستان.

زۆر بە ژیریو دانایی دەزانم گەلێکی زوڵم لێکراوی وەك گەلی کورد کە لەژێر زەبرو زەنگی داپڵۆسینو چەوساندنەوەی چینایەتیو نەتەوایەتیدا ئەناڵێنێ، سوود لە ناکۆکیی ئەم هێزە تێك ئاڵۆزاوانە وەربگرێو هەڵوێستێکی وا بۆ خۆی وەرگرێ کە گەلەکەمان لە شاڵاوی فاشستەکانی ڕژێمی بەغدا بپارێزێ.

بەڕای من: بە تێگەیشتنی تەواو لە هۆکارەکانی ڕووداوی گەورەو گرنگی مێژوویی جەنگەکانی کەنداوو ئەنجامەکانی دەتوانین بگەینە بنو بنچینەی هەموو ململانێو زۆرانبازییەکانی هێزە گەورەو بچووکەکانو بە سوود وەرگرتن لەم تێگەیشتنە پلانی ئێستاو دوا ڕۆژ لە زۆر ڕووەوە دابنێین.

وڵاتە سەرمایەدارە ئیمپریالیستەکانو هێزە هەرێمییەکانی دراوسێی عێراق، هەر یەکە پلانی خۆی هەیەو پەیڕەوی تاکتیكو ستراتیژێکی تایبەتیی خۆی دەکات لە ناوچەکەدا، بۆ ئەمڕۆو دوا ڕۆژو لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆیاندا.

بەڵام مەرج نیيە هەرچی ئەوان بیانەوێ یا بیڵێن وا بێت یا بێتە دی. زۆر هۆ و هەڵوێستو گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئەم لا یا ئەو لا پەیدا دەبێ کە سەرتاخواری ئەو پلانانە دەگۆڕێ.

دیسانەوە بە پێویستی دەزانم ئەوە دووپات بکەمەوە کە مەترسیی هەرە گەورە بۆ سەر گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا تا ئێستا مەترسیی شاڵاوی درندانەی ڕژێمی بەغدایە، وە کە گەلی کوردو هەموو گەلانی عێراق لە کاتێکدا ڕوخاندنی ڕژێمی سەددام حسین بە هەنگاوی یەکەمو ئەرکی بەپەلەی خۆیان دەزانن، دەبێ لە هەوڵدا بۆ بنیاتنانی عێراقێکی دیموکراسی هەنگاونانی زۆر دیارو ئاشکرا بۆ چارە سەرکردنی مەسەلەی کورد هەموو کاتێك لەبەر چاو بێتو بێ پێچ و پەنا مافی بڕیار دانی چارەنووسی تەواوی گەلی کورد لەکوردستانێکی ئازاد دا ئامانجی سەرەکی بێت لە هەموو پلانێکدا.

گەلی کورد دەبێ لەم کاتە ناسکەی پێیدا دەڕوات بەڕوونیو دوور لەتەمو مژی سەر کێشەکانی جیهان لە جیهانی ئەمڕۆ بگاتو ریزەکانی خۆی وا ڕێك بخات کە بتوانێ بۆ ئێستاو دوا ڕۆژ ڕەنگی سیاسەتی خۆی بڕێژێ.

* * *

## سەرچاوەکان


- بەیاننامەی حیزبی شیوعیی عێراق (قیادەی مەرکەزی) دەربارەی گیرو گرفتی کوێت- ئابی ١٩٩٠.
- ڕاپۆرتی سندوقی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ چاودێری کردنی منداڵان (یونسیف).
- ڕاپۆرتی ڕێکخراوی کاری پزیشکی بۆ ئاسایشی جیهانی.
- ڕاپۆرتی زانکۆی هارفەرد لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا.
- نامیلکەی شوێنەوارەکانی جەنگی کەنداو بۆ سەر منداڵانو ژنانی عێراق (لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری الغد، ١٩٩٣، لەندەن)

# مارکسیزم هەر زیندووە

محمدأمين حسن

دوا رۆژ

دوا بەدوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت و هەرەس هێنانی رژێمەکەی، دوژمنانی سۆسیالیزم، هەموو بەیەک دەنگ و بەیەک ئاواز، دەستیان کردووە بە هێرش بردنە سەر مارکسیزم و سۆسیالیزم، بە هەموو توانایانەوە، دەیانەوێت پیشانی بدەن کە گوناهی سوسیالیزمە وای لە بارودۆخی ژیانی گەلی سۆڤێتی کرد و بوو بە هۆی هەرەس هێنانی. ئێستاش ئیمپریالیزمی ئەمەریکی و سوێندخۆرەکانی بەزەییان پیایاندا دێتەوە و سەرۆکی ئەمەریکی خۆی سینی گرتووە بەدەستەوە بۆ رژێمە شلۆقەکەی یالتسین خەریکی یارمەتی کۆکردنەوەیە. بەڵام لەواقیعدا، هەتا دێ باری ژیانی گەلی رووسی و ئەوانی تریش، سەخت تر دەبێت و رۆژ بەرۆژ، لەسایەی رژێمە تازەکەیدا خراپتر دەبێت. ترسی ئەوەیان لێ نیشتووە کە لەژێر گوشاری جەماوەری برسی گەلی روسیای یەکگرتوودا هەرەس بهێنی.

من لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە کە داکۆکی لە ڕژێمی تەحریفی هەرەس هاتووی سۆڤیەت بکەم، چونکە ئەو ڕژێمە لەوە دەرچوو بوو کە بە پێی پرۆگرام و ڕێ ڕەوی مارکسیزم لینینیزم سۆسیالیزمی جێ بەجێ بکات، بەڵکو بەهۆی حکومەتێکی بیروکراتییەوە، چینێکی خاوەن ئیمتیازات دروست بوو بوو، لە هەموو ڕوویەکەوە، ژیانی باشی بۆخۆی تەرخان کردبوو، لەسەر حیسابی جەماوەری گەل، ڕژێم، لە هەموو جۆرە چەکێك، خۆی پڕ چەك کردبوو، وەك ((سۆسیال- ئیمپریالیزم)) لەنێو دەوڵەتاندا جمو جۆوڵی دەکرد، تا ئەو ڕادەیەی کە لە نێو وولاتانی جیهانی سێیەمدا بازرگانی بە جوولانەوەی کۆمۆنیزمی دەکرد لەگەڵ ئیمپریالیزمی جیهانیدا.

پڕوپاگەندەی دەزگای ئیمپریالیزم و کۆنە پەرستان، بەڕادەیەکی ئەوتۆ بانگەشەی ئەوە دەدەن کە گوایا مارکسیزم باوی نەماوەو بەکەڵکی ئەم سەردەمە نایەت، وای لە گەلێك کەس کردووە ببن بە دەنگدەرەوەی ئەو بانگەشانە، بۆیە وای بە باش دەزانم کە کورتە باسێکی مارکسیزم بکەم. بۆ ئەوەی مستەوای ئەو بیرە بۆ ئەو جۆرە خەڵکانە ڕوون ببێتەوە، بۆ ئەوەی بزانن تا چ ڕادەیەك ماتیریالیزمی دایلەکتیکی و ماتیریالیزمی مێژوویی (المادیە الدایلکتیکیە و المادیە التاریخیە)، بیرو باوەڕێکی زانستانەن و لە خۆیانەوە نەبوونەتە ئایدۆلۆجیای چینی کرێکارو بنچینە فەلسەفییەکەی، ئەو کاتە دەردەکەوێت کە مارکسیزم هەمیشە لە تازەبوونەوەدایەو زۆر دوورە لە باونەمانەوە.

ماتیریالیزمی دایلەکتیکی و ماتیریالیزمی مێژوویی، لەخۆیانەوە نەهاتوونەتە کایەوە، بەڵکو بنچینەیەکی بابەتی (مەوزوعی) بۆ پەیدا بوونیان هەبووە، ئەگەر مارکسی بلیمەتیش نەبوایە، ئەبوایە بلیمەتێکی تر هەر پەیدا بوایە و بگەیشتایەتە هەمان ئەنجام. چونکە زەمینە واخۆش ببوو کە ئەبوایە، وەك پێویست، ئەو بانگەشە مەزنە هەڵبدرایە.

ئەو سەرچاوە بیردۆزەییانەی کە مارکس فەلسەفەکەی خۆی لێ هەڵێنجاوە بریتین لە: فەلسەفە کلاسیکی ئەڵمانی بە تایبەتی (هیگل و فیورباخ). ئابووری سیاسی کلاسیکی ئینگلیز، لە هەموویان زیاتر بۆچوونەکانی ((ئادەم سمیث و ریکاردۆ)) و سۆسیالیزمی خەیاڵی ڕەخنەگر، کە لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا هەبوون، لە سەروو هەموویانەوە بۆچوونەکانی (سان سیمۆن و شارل فۆرییەو ڕۆبرت ئۆین). مارکس بە بلیمەتی خۆی، توانی تەتەڵەی ئەم هەموو بیرو بۆچوونانە بکات و هەرچی پووچ و بێ خێر بوو لێیان جیا بکاتەوەو بیرە بەپێزەکان بهێڵێتەوە.

لەوەتی ماتیریالزمی دایلەکتیکی هاتۆتە کایەوە، چەندین جار بانگەشەی نابووت بوونی ماتیریالیزم هەڵدراوە، بەڵام جارێکیان لەلایەن ئەنگلزەوە؛ دووەم جار لەلایەن لینینەوە، بەشێوەیەکی ژیربێژانە (منطقي) لەسەر بنچینەیەکی زانستانە حەقیقەتی ئەو بانگەشانەیان دەرخستو وەو پەردەیان لەرووی نازانستانەو کۆنە پەرستانەیان هەڵماڵیوەو هەموویان بەدرۆخستوونەتەوە.

دیسان دوای ئەوان، لە ئەنجامی پەرەسەندنی زانستەکانی فیزیاو کیمیاو بایۆلۆجیو بیرکاری...هتد گەلێك دیاردەی وا هاتە کایەوە، کە سەر لەنوێ، دوژمنانی ماتیریالیزم، هەمان تەپڵ لێ بدەنەوە. بەڵام زانستە ماتریالیزمە دایلەکتیکەکان توانیویانە ئەو دیاردانە دەربخەن کە بەڵگەن بۆ ماتیریالزمی دایلەکتیکی. لەراستیدا ئەو دیاردانە بە ماتیریالیزمی میکانیکی لێك نادرێنەوە، بەڵام هەموویان بە ماتیریالیزمی دایلەکتیکی زۆر ژیربێژانە لێك دەدرێنەوەو دیسانەوە فەلسەفەی ئایدیالیستی بە درۆ دەخەنەوە.

لە راستیدا ئاشکرایە لە هەموو گەردوونو سروشتدا، وە لە هەموو بوارێکدا، یاساکانی ماددی دایلەکتیکی سەوەربن، چونکە کە دیاردەیەکی تازە دەدۆزرێتەوە، بەهۆی نەبوونی هۆیەکی گونجاو بۆ تێگەیشتن لەو دیاردەیە، وا دەزانرێت کەوا لە ماتیریالیزمی چۆتە دەرەوە؛ وە کاتێك ئەو هۆیە پەیدا دەبێت، راستی ماتیریالی ئەو دیاردەیە روون دەبێتەوە.

بانگەشەی ئەمجارەیان وەکو ئەوانی تر نییە، چونکە دوای هەرەسهێنانی سیستەمی بەناو سۆسیالیزم دراوە، سیفەتێکی تازەی هەیە ئەویش ئەوەیە، کە زۆرتر سیاسی‌یە نەك زانستی، زۆرتر رووی کردۆتە ماتیریالیزمی مێژوویی، دەڵێت: سۆسیالیزم وەك رژێمێك، ناتوانێت ململانێ لەگەڵ سەرمایەداریدا بکات، وە تەنها سەرمایەدارییە کە بتوانێت کۆمەڵ پێش بخات. هەروەها زۆرتر کۆمەڵانی چەوساوەی گرتۆتەوە، کە گوایا لەبۆر بۆرێنی ئابووریدا، سەرمایەداری بردوویەتەوە، ئیتر پێویست ناکات هەوڵ بدەن کە سیستەمی سەرمایەداری بگۆرن!

لێرەدا نامەوێت هۆکانی هەرەسهێنانی ئەو سیستەمە بەناو سۆسیالیزمی‌یە بهێنمەوە، لەداهاتوودا، بەرەبەرە، لەو هۆکارانە بەدوورو درێژ دەدوێین.

ئەوەی ئاشکرایە، لەو ڕۆژەوەی مرۆڤ بیری لە دەوروبەری خۆیو ئاسمانو ئەستێرەکانو خۆرو...هتد کردۆتەوە، دوو جۆر بیرکردنەوە، واتە دوو فەلسەفەی سەرەکی بۆ لێکدانەوەی دروست بوونی گەردوون، پەیا بووە، ئەویش فەلسەفەی ئایدیالی (مثالی) و فەلسەفەی ماتریالی (مادی) یە، ئەو دوو جۆر فەلسەفەیە هەر چەندە لقیان لێبۆتەوە، بەلاّم لەبنەڕەتدا هەر دەگێڕدرێنەوە بۆ ئەو دوو فەلسەفە سەرەکییە. وە شان بەشانی ئەو دوو فەلسەفەیە، دوو میتۆدی سەرەکیش هەن کە بریتین لە ((میتافیزیکو دایلەکتیک)) یەکەمیان بەزۆری میتۆدی فەلسەفە ئایدیالییەکانە، بەلاّم دووەمیان لەگەڵ فەلسەفەی ماتیریالیزمدا، ماتیریالیزمی دایلەکتیك پێکدێت.

لێرەدا بەراوردێك لە نێوان میتافیزیك و دایلەکتیك دەکەم بۆ ئەوەی ئاستی (مستوای) ئەو دوو میتۆدە بۆ خوێنەری بەڕێز دەربکەوێ ئەمجا با خۆی سەر پشك بێت و بزانێت کامیان لەگەڵ زانستدا دەگونجێت. هەروەها با بزانێت، ماتیریالیزمی دایلەکتیکی، کە بیری سەرەکی مارکسیزمەو ئەو پرۆگرامە فەلسەفەییە یە کە مارکس پەی پێ بردووەو حیزبە کۆمۆنیستەکان کردوویانە بە تیوریو پرۆگرامی خۆیان، چەند لەگەڵ زانستو پەرەسەندنی پەرەپێدانی کۆمەلاّنی مرۆڤدا دەگونجێت.

١- بەراوورد لە ڕووی هندێك بیروباوەڕەوە.

لە نێوان ڕێباز (مذهب)ە میتافیزیکییەکانو دایلەکتیکدا گەلێك جیاوازی سەرەکی هەیە؛ هەموو ڕێبازە فەلسەفەییەکان، لە زرووفی ژیانی ماتریالیو لەو بارە مێژوویيانەی تیایاندا دەردەکەون، خۆیان بەسەربەخۆ دەزانن، باوەڕێکی تەواویان هەیە کە هەموو بارودۆخێکی ماتریالی ئەنجامی بەرچاو هێنانێکی (تصور) ئایدیالیە، بەلاّم لای مارکسیزم ڕێبازە میتافیزییەکانیش زۆر بە توندی بەزرووفە ماتریالییەکانەوە گرێ دراونو هەر دەربڕی ئەو زرووفەشنو بەڵگەشن بۆیان. کەوابوو میتافیزیك راستییەك نییە کە لە کۆمەڵگا سەربەخۆ بێت، بەڵکو وێنەیەکی کۆمەڵگەیەو شێوەیەکە لەشێوەکانی بوونی وە بەپێی بارودۆخی ماددی ژیان دەگۆڕێت.

مارکس دەڵێت: ((هەموو بەروو بوومێکی فیکرو هێنانە بەرچاوو هەستکردن، راستەوخۆ بەیەکەم پلە، لەئەنجامی چالاّکی ماددی هەڵسوکەوتی ماددی خەڵکەکەیەو زمانی ژیانی واقیعە، هەموو بیرکردنەوەیەك رێك کەوتنێکی گیانی بە گیانی نێوان خەڵك، راستەوخۆ لە بۆچوونی ماددیانەوە دێتە دەرەوە، هەستکردن هیچ شتێك نییە، تەنها خۆیەتی کە هەست دەکات. وە هەبوونی خەڵك بریتی‌یە لە کرداری زیندووێتی راستەقینەیان ئەو شتە

جوانانەی کەمێشکیان دای دەهێنێت و نازانرێت چۆنە، هەمووی پاشەڕۆکی ئەو ژیانە مادییەیە کە دەتوانرێت بەکردەوە ببینرێت)). هەموو ئایدیۆلۆجیك لە پەتی (مطلق) ەوە نایەتە دەرەوە، هیچ بنچینەیەکی هەتاهەتایی نییەو بەڵکو ڕەگوڕیشەیان دەگاتەوە واقیعی ماددی و ژیانی کومەڵایەتی خەڵك.

بەلام میتافیزیکییەکان دەڵێن؛ بەرهەمەکانی فیکری مرۆڤ لەهەر سەردەمێکی مێژوودا و لەهەرکات و شوێنێکدا بێت، دەتوانرێت بەکاربهێنرێن، چوارچێوەی فیکرییەکان هەر خۆیان دەمێننەوە، چونکە لە (مطلق)ەوە هاتوونەتە دەرەوە، وە ئەوەی دەگۆڕرێت، ڕورکەشە فەوتاوەکان و توێکڵە درۆزنەکانن.

٢- بەراوورد لە نێوان ڕێگەی بۆچوونیانەوە :

٢/١ ڕێگەی میتافیزیکییەکان هەرچی شت هەیە لەمەرجی بوونیان جیادەکەنەوەو دەیانکەن بە شتی تاکەتاکەی ڕووت بێ پەیوەندی بەشتی ترەوە. بەلام ڕێگەی دایلەکتیك وا سەیری سروشت دەکات کە هەموو شتێكو دیاردەیەك، یەکگرتوونو لەگەڵ یەکتردا گونجاون، بەشێوەیەکی ئۆرگانی (عضوی) پەیوەندییان بەیەکەوە هەیەو هەندێکیان لەسەر هەندێکی تریان بەندن، هەندێکیشیان مەرجن بۆبوونی هەندێکی تریان.

لەبەر ئەوە دایلەکتیك سەرنجی وایە، کە ناتوانرێت لە هیچ دیاردەیەکی سروشتی بگەیت ئەگەر لەدیاردەکانی دەوروپشتی جیای بکەیتەوە، چونکە هەر دیاردەیەك لەهەر مەیدانێك لە مەیدانەکانی سروشتدا، بێ مەعنا دەبێت ئەگەر بێتو جیا بکرێتەوەو دوور لەو بارودۆخەی تیایدایە سەیری بکەیت. وە هەموو دیاردەیەك دەشێت تێی بگەیتو لێکی بدەیتەوە، ئەگەر لەگەڵ پەیوەندییە بەهێزەکانی دیاردەکانی دەوروپشتیدا سەیری بکەیت.

٢/٢ میتافیزیك بەجۆرێك سەیری سروشت دەکات کە بریتی بێت لە بارێکی وەستاوو نەگۆڕ. بەلام دایلەکتیك بە جۆرێکی دادەنێت کە سروشت بریتییە لە بارێکی جوولەو گۆڕانی هەمیشەیی، بارێکی تازە بوونەوەو تەواوکاری نەپساو، وە کەشتێك دێتەکایەوەو پەرە دەسێنێت، شتێکی تر دەپوکێتەوەو نامێنێ.

٢/٣ میتافیزیك بەتەنگ ئەوانەوە دێت کە ماونەتەوەو لەگەڵ زەمانەدا درێژە دەکێشن، بەلام دایلەکتیك، مەبەستی ئەوانە نییە کە ساتێك لە ساتەکان

وەستاو دیارن، بەڵکو گوێ دەداتە ئەوانەی کە دەست دەکەن بە نەمانو شیبوونەوە، وە لەپێش هەموویانەوە ئەوانەی مەبەستەکە لە دایک دەبنو نەشونما دەکەن. ئەنگلز دەڵێت: (( گشت سروشت ، لە بچووکترین گەردەوە تا دەگاتە مەزنترین تەن ، لە دەنکە لمێکەوە تاوەکو خۆر ، لەیەکەم شانەوە تا دەگاتە خودی مرۆڤ ، بەگورجی ، لە کردارێکی پەیدا بوونو نەمانێکی هەتا هەتاییداو لە سێلاوێکی نەپساوو لە جووڵەو گۆڕانێکی هەمیشەییدایە )).

٤/٢ میتافیزیک نەشونما کردن، بەکارێکی کەڵەکە بوون دەزانێت، کە چەندایەتییە گۆڕرانەکان هەر بە چەندایەتی دەمێننەوەو نابنە هۆی گۆڕانکاری. بەڵام دایلەکتیک، نەشونما کردن، بەکردارێک دادەنێت کەلە چەندایەتییە گۆڕرانێکی کەمی بێ قیمەتەوە، ڕووەو گۆڕرانێکی ئاشکرای بنەڕەتی دەچێت، وە لەدواییدا دەبێتە چۆنایەتییە گۆڕان (( تغیر نوعي )). بەڵام ئەم چەشنە گۆڕانانە، واتە چۆنایەتییە گۆڕان وورده وودره نییە، بەڵکو خێراو لەپڕدایە، ئەمجا بە بازدان لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر دەگۆڕرێت، وە ئەم گۆڕانە نەک هەر دەشێت، ڕوودات یان نا، بەڵکو ڕوودانی پێویستە، واتە دەبێت ڕووبدات.

بەپێی ئەم ڕێگەیە گەشەکردن لەشێوەی جووڵەیەکی بازنەیی‌دا نییە، بەڵکو جووڵەیەکە لەشێوەی زەمبەلەک (لولب) دایە، گەشەکردنێکە لە سادەوە بو ئاڵۆز، لە نزمترەوە بۆ باڵاتر.

٥/٢ میتافیزیک لەسروشتدا، زۆر بە پەرۆشەوە بەدوای کۆکیو چۆنیەکی‌دا دەگەڕێت. بەڵام دایلەکتیک، دەبێژێت: لە هەموو شتێکو دیاردەیەکی سروشتدا، دژکارییەکی (تناقض) (١) شاردراوە هەیە، لەهەر یەکێکیاندا، لایەکی سەلبیو لایەکی ئیجابی، ڕابووردووو داهاتوو هەیە، وە هەر شتێك دانەی تێدایە، یان لەگەشە کردندایە یان بەرەو نەمان دەچێت، وە زۆرانی نێوان ئەم دژانە، زۆرانە لە نێوان کۆنو تازەدا، زۆرانە لە نێوان ئەوەی دەمرێو ئەوەی لەدایک دەبێت، لە نێوان ئەوەی شی‌دەبێتەوەو ئەوەی پێك دەێت، ئەمەیە ناوەڕۆکی شارراوەی کرداری گەشەکردن، بۆ ئەوەی چەندایەتییە گۆڕان ببێت بە چۆنایەتییە گۆڕان.

دایلەکتیك لەنزمترەوە بۆ باڵاتر چوون، وەك گۆڕانکارییەکی گونجاو نابینێت، بەڵکو شێوەی دەرخستنی ئەو دژکارییانەیە کە لەناو جەرگەی ئەو دیاردانەدایە، زۆرانە لە نێوان ئارەزووە دژ بەیەکەکان کە لەبن ئەم

دژکارییانەدایە.

لینین دەبێژێ: (( دایلەکتیك بەمانای تایبەتی ووشەکە، بریتی‌یە لە توێژینەوەی ئەو دژکاریيانەی کە لەجەوهەری خودی شتەکاندایە ))*. هەروەها دەڵێت: (( گەشەکردن تەنها هەر زۆرانی ناکۆکەکانە ))*.

لەدواییدا دەڵێم: ڕەنگە ئێستا پێم بڵێن، خەڵکەکە برسێتی‌و چی داوە لەباسی فەلسەفە، زۆر راستە کە خەڵکی گەلێك داماو برسی‌یە، بەلام من دەڵێم، برسێتی‌و کوێرەوەری ئەو جەماوەرە هی ئەوەیە کە بێ فەلسەفەیە، فەلسەفەیەکی شۆرشگێڕ، کە ڕێگەی راستی رزگاری راستەقینەی پیشان بدات، وە لە هەموو سەر لێ شێواندن و چەوساندنەوەیەك بی پارێزێ.

(١) لەسەر شێوەی هاوکاری، دژکاری بۆ تناقض لە ناکۆکی بەراستتر دەزانم.

## سەرچاوەکان

١-المسأله الفلسفيه. الدكتور محمد عبدالرحمن مرحب.
٢-موجز تاريخ الفلسفه-جماعه من الاساتذه السوڤيت/دار الفارابى
٣-الموسوعه الفلسفيه-لجنه من العلماء و الاكاديميين السوڤياتيين.

# بەرنامەی کۆمۆنیستی و خەباتی ئیکۆنۆمیستی

ئامانج علی

دوا ڕۆژ

مێژووی خەباتی چینایەتی و بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لە جیهاندا ، هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی بیرۆکەی ڕزگاریخوازیی بەشەرییەت لەکۆت و بەندی کۆیلایەتی سەرمایەو ، داڕشتنی بنەما بنەڕەتییەکانی مارکسیزم لەلایەن مارکس و ئەنگلسەوە ، تووشی گەلێک لادان و ناوەڕووکردنەوە هاتووە . ڕۆژگاری ژیانی پڕ ماندوو بوونی مارکس خەباتێکی سەرسەختانەی بێوچان بووە دژی جۆرەکانی ڕیڤیژنیزم . ئەوەی لێرەدا بە پێویستی دەزانم : قامک هستنە سەر چەشنە میتۆدو فیکرێکە ئەویش ڕیڤیژنیستی ئیکۆنۆمیستییە ، کە لەکاتی خۆیدا برەوی هەبووەو لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا ( لینین ) خەباتێکی چالاکانەی لەدژیان بەرپا کردووە ؛ ئێستاش لەم دەورە نوێیەی ڕژێمی سەرمایەداری ، پاش دارمانی ڕژێمە سەرمایەدارەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ئەمانی جەنگی سارد ، بەبەرگو کاڵایەکی ترەوە خۆدەنوێنێ و لەژێر سایەی دروشمی ئێجگار سوورو توند ڕەوانەدا خۆی دەناسێنێ .

بەناچاری خەباتی مارکسیزم لەیەکەم هەنگاویدا دەبیّ ڕێك بۆسەر ئەو کۆسپە تیۆریو ئایدیۆلۆژییە بێت کە ڕێگای بەرەو پێشەوە چوونی لێگرتووەو. دەبیّ ئەو جیهانبینییە ڕیڤیژیستییە پووچەڵ بکاتەوەو هەر لەو ڕێگایەشەوە ڕەخنەی پرۆلیتاری دژی ڕیڤیژنیزمو بۆ پیادەکردنی جهانبینی مارکسیستی دەست پیّبکات. مەیلی ئیکۆنۆمیستی یەکێکە لەو مەیلە ریڤیژنیستانەی پێویستە رەخنەی پرۆلیتارییان ئاراستە بکرێتو ئەم رەخنەیە لەباری تیۆریو سیاسیو جیهانبینیو ئایدۆلۆژییەوە لەبەرامبەریدا بوونی هەبێت.

بوونی بەرنامەو فەلسەفەی هەبوونی بەرنامەی کۆمۆنیستی مەیدانی ئەم ململانێیە دەبێت، چونکە لەروانگەی کۆمۆنیستەکانەوە ئەم بەرنامەیە ڕێك بۆ ئەوەیە پێش ئەو رەوتو بزوتنەوە عەفەوییە بکەوێت، بۆ ئەوەیە تەجاوزی ئەو بزوتنەوەیە بکاتو خودی ئەو رەوتو بزوتنەوە عەفەوییە دیموکراتییە بەرەو رەوتو بزوتنەوەیەکی سۆسیالیستی-چینایەتی هوشیارانە رابەریو ریّ نوێنی بکات. لینین لەکتێبی (دەبیّ چی بکەین-ماالعمل) دا زۆر بەڕوونی رەخنەی لە ئاکسیۆنیزم گرتووە، سەبارەت بەوەی ئاکسیۆنییەکانی سەردەمی ئەو تیۆری شۆڕشگێرانەو بەرنامەی ڕیزی سەربەخۆی کرێکارانیان رەفز دەکرد؛ گوایا ئەو تیۆرییەو ئەو بەرنامەو حزبە، لەسەروو، هەروەها لەدەرەوەی بزوتنەوەی کرێکارین. بەم پیّیە تەرحی تیوری‌یان وابوو، کە دەبیّ، هەر لەناو حەرەکەتە کرێکارییەکانەوە، رێکخراوی ئاکسیونی خۆی دروست ببێت.

ئەو بۆچوونە حەرەکەتییە خود بەخودییەی لای ئێمەش سەبارەت بە چۆنیەتی هاتنەدی بەرنامەی کۆمۆنیستی، هەر ئەو بناغەو مەبەستەی هەیەو لەڕووی پراکتیکەوە خوازیاری ئەوەیە لەناو جەرگەی بزوتنەوە خود بەخودییە کرێکارییەکانەوە بەرنامە بێتەدی. ئەمە لە ناوەرۆکدا بەپێچەوانەی هەڵوێستی کۆمۆنیستەکانە کە خوازیاری بەرنامەن وەك ئەوەی بەراستی شۆڕشی چینایەتیو سەربەخۆی پرۆلیتاریا دەیخوازیّ. ئەمە خەسڵەتی کۆمۆنیستیو هوشیاری چینایەتی بەبەرنامەی کۆمۆنیستی دەبەخشیّو بەهیچ حەرەکەتێکی خود بەخودییەوە ناوەستیّو نابەسترێتەوە؛ واتا بەپێچەوانەی ئەو شێوازە حەرەکەتییەوە کەراستەو راست دەیەوێت بەرنامەی کۆمۆنیستی بەڕەوتە عەفەوییەکانەوە گریّبداو بەو جۆرەی هەرچی خەسڵەتی کۆمۆنیستی هەیە لەو بەرنامەو حزبەدا، کەلەبنەڕەتدا بەڵگەو نیشانەی سەربەخۆیی هەمەلایەنەی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریان لەهەموو حەرەکەتەکاندا بەرەو شۆڕشی

سۆشیالیستی، لەدەست بدات. ئەمە رێك ناوەرۆكی ئەو كارانەیە كە ریڤیژنیستە جۆراو جۆرەكان لەهەموو كاتو شوێنێكدا كردوویانەو دەیكەن. ئیتر ئەو جۆرە بۆچوونەی كە ئیمرۆ خەسڵەتی ئیكۆنۆمیستی پێوەیەو نێوی بەرنامەی كۆمۆنیستی لێ دەنرێتو وەها باس دەكرێت، پتر لە هەشتاو پێنج ساڵ لەمەوبەر لەلایەنماركسیستێكی شۆڕشگێڕی وەكو (لینین)ەوە دراوەتە بەر رەخنەو پووچەڵ كراوەتەوە.

هەڵوێستی حەرەكەتی، لەهەمان كاتدا، پەیوەندییەكی توندوتۆڵی بە مەیلی ئیكۆنۆمیستییەوە هەیەو لەسەرپایەی ئیكۆنۆمیزم دامەزراوە، چ لەبارەی تیوریەوە بێت یان لەباری پراكتیكەوە، كەلەبنەڕەتدا بۆ تێگەیشتنی میتافیزیكی لەپەیوەندی نێوان تیۆری شۆڕگێرانەو پراكتیكی شۆڕشگیرانە دەگەرێتەوە. واتا ئەو هەڵوێستەی كە دەڵێ: بەرنامەی كومۆنیستی بۆ ئەوەی كۆمۆنیستی بێتو ئامانجەكانی كرێكاران دەرببڕێت دەبێ لەناو خودی كرێكارانو بزوتنەوەی كریكاریەوە بێتەدی؛ لەبنەڕەتدا بۆچوونێكی ئیكۆنۆمیستییەو لەباری تیۆریو پراكتیكەوە بەمانای كەوتنە دوای بزوتنەوەی عەفەوی كرێكارانەو خوازیاری ئەوەیە بۆ ئاستی بزوتنەوەی عەفەویو ئیكۆنۆمیستی كرێكاران دابەزێت. ئەم جۆرە بزوتنەوەیەو، ئەم داخوازییانە، كە راستەوخۆ داخوازی ئیكۆنۆمیستی ڕۆژانەی كرێكارانن، بەهیچ شێوەیەك بزوتنەوەو داخوازی خەباتێكی سۆشیالیستی نین. بەرنامەی كۆمۆنیستیو حیزبی شۆڕشگیری پرۆلیتاریا بەبێ تەجاوزو نەفی ئەم بەرنامەو داخوازییە ئیكۆنۆمیستییە داناڕێژرێ، چونكە ئەركو دەوری بەرنامەو حیزب ئەوە نییە تەعبیر لە بزوتنەوە ئیكۆنۆمیستییە عەفەوییەكان بكەنو بۆ هێنانەدی ئەو داخوازییە ئیكۆنۆمیستییانە رابەرییان بكەن، بەڵكو بۆ ئەوەیە كرێكارانو بزوتنەوەی كرێكاران بەرەو شۆڕشی سۆشیالیستی رابەری بكەن. هەر ئەمەشە فەلسەفەی بوونی بەرنامەی حیزب، نەك ئەوەی دابەزین بو ئاستی بزوتنەوەی ئیكۆنۆمیستی ئیلهام بەخشی بەرنامەی حزبی كۆمۆنیست بێت.

لێرەدا ئاماژە بۆ بەندێكی ئێجگار گرنگ دەكەین: هەموو بزوتنەوەیەكی كرێكاریی ئیكۆنۆمیستی، ئەگەر چی لەلایەن كرێكارانەوە بەرپا دەكرێنو هەر چەندە بۆ هێنانەدی داخوازییە ڕۆژانەییە رەواكانی كرێكارانو بەشێكی جیانەكراوەو حەتمیە لەخەباتی كرێكاران دژی سەرمایە، بەڵام لەناوەرۆكدا خەباتی دیموكراتییانەی كرێكارانن، چونكە لەگەوهەری خۆیاندا خەباتی چینایەتی سەربەخۆی كریكاران نین بەمانای خەباتی سیاسی سەربەخۆ دژی سیستەمی سەرمایەداری بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی، بەڵكو

لەسەر بناغەی چەمكی یەكسانیی بۆرژوازیانە بەرپا دەكرێن، بەواتایەكی دیكە، لەسەر بناغەی یەكسانیی نێوان بەرهەم هێنەرانی كاڵا، یەكسانی نێوان فرۆشیارو كڕیار لەچوار چێوەی بەرهەم هێنانی كاڵای سەرمایەداریدا، واتا فرۆشیاری كاڵا (هێزی كار لەلایەن كرێكارەوە) بەرامبەر بەكڕیاری كاڵا (كڕینی هێزی كار لەلایەن سەرمایە، سەرمایەدارەوە). ئەم پەیوەندییە دوو لایەنەی نێوان فرۆشیارو كڕیار (هێز كارو سەرمایە-كرێكارو سەرمایەدار) بەپێی تێزو چەمكەكانی بەرهەم هێنانی كاڵایی (لەكۆمەڵگای سەرمایەداریدا)، لەڕووی حقووقیو یاساییەوە پێویستە لەسەر بناغەی یەكسانیی بۆرژوازی دامەزرابن. بەڵام هەمیشە وەك سروشتێكی ناخی سەرمایەو سەرمایەداری كەلەسەر بنچینەی بەرهەم هێنانی زێدەبایی دامەزراوە، ئەو یەكسانییە بۆرژوازییە پێشێل كراوەو پێشێل دەكرێ (ڕۆژگاری درێژی نائاسایی، كاری تاقەت پڕوكێن، كرێی كەم...هتد)و لەچوار چێوەی یاسای بەهەژاركردنی ڕێژەییو ڕەها (الافقار النسبي و المطلق)دا وەك بەشێكی جیا نەكراوە لەیاسای گشتی كەڵەكە بووی سەرمایەداری كاری كردووەو كار دەكات. كرێكارانیش، كاتێك خەباتی ئیكۆنۆمیستی بەرپا دەكەن بۆ هێناندی ئەو داخوازییە ئیكۆنۆمیستیو كرێكارانەیە، لەدوا لێكدانەوەدا خەباتیان بۆ هێنانەدی ئەو یەكسانییە بۆرژوازییە كردووە، كە خودی بۆرژوازی بەپێی بەرژەوەندییەكانی سەرمایەو هەرچی زۆرتر كردنی زێدەبایی-قازانج پێشێلی كردووەو پێشێلی دەكات، خەباتیان بۆ كەمكردنەوەی چەوساندنەوە لەچوارچێوەی هەمان سیستەمی بەرهەم هێناندا كردووە، نەك بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو سیستەمەو تەنانەت تەواوی ئەو داخوازییە كرێكارییانەی كۆمۆنیستەكانیش دەیخەنە بەرنامەی لانی كەمی خۆیانەوە، لەسەر هەمان چەمكو پایە دامەزراونو هەر بۆیە دەخرێتە بەرنامەی لانی كەمەوە. واتا بەرنامەی پرۆلیتاریا لە شۆڕشی دیموكراتیدا كە بەرنامەیەكی بۆرژوازییە لەڕوانگەی كۆمۆنیستەكانو پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕەوە بەو مانایە نەك بەمانای خەباتی دژی دەرەبەگایەتی. ئەوە ڕێك ئە بناغەیەیە كە بۆچوونی ئیكۆنۆمیستی ناوبراو دەیەوێ بەرنامەی كۆمۆنیستی لەسەردابمەزرێنێت. خۆ ئەگەر كەسێكی ماركسی، كۆمۆنیستی پێشڕەو لەوە نەگەیشتبێ، ئەوە هەر لەبنەڕەتدا لەماركسیزمو لەپەیوەندی كۆمەڵایەتی نێوان كارو سەرمایەو ڕژێمی سەرمایەدارییو خەباتی چینایەتی لەو ڕژێمەداو لە شۆڕشی كۆمەڵایەتی لەروانگەی بەرژەوەندییە سەربەخۆكانی پرۆلیتاریاوە نەگەیشتووەو لەڕاستیدا خەباتی دیموكراتیانەی كرێكارانی كردووە بە ئاسۆی خەباتی كۆمۆنیستیو پیادەی دەكاتو لەئاكامدا بیروبۆچوونی بۆرژوازییانەو وردە بۆرژوازییانەی تێنەپەڕاندووە لە خەباتی چینایەتیدا؛ هەڵبەت (سەرمایە)ی ماركسو (دەبێ چی بكەین)ی لینین پاڵپشتی ئەو شیكردنەوەیە دەكەنو پێویستە بۆیان بگەڕێینەوە.

خەسلەتی بۆرژوازیانەو ئیکۆنۆمیستانەی حەرەکەتە کرێکارییەکان لەرژێمی سەرمایەداریدا بۆ هێنانە دی چەند داخوازییەك، بەتایبەتی لەکاتێکدا بەرنامەی حزبی کۆمۆنیست لەمەیدانی خەباتی چینایەتیدا نەبێت، لەبارترین زەمینە سازدەکات بۆ پێدزکە کردنی ئایدیۆلۆژیای بۆرژوازی لەشێوە جۆراوجۆرەکانی ریفۆرمیزمدا بۆ ناو ئەو بزوتنەوانە، یان هەر لەناو ئەو بزوتنەوانەدا شێوەی جۆراوجۆری ریفۆرمیزم سەرهەڵبدەنو پەرەبستێنن‌و، لەئاکامدا خەباتی چینایەتی کرێکاران لەباری سیاسییەوە دەستەمۆی خەباتی دیموکراتی بکەن، کەمەیلە جۆراو جۆرەکانی ریفۆرمیستی‌و پۆپۆلیستی لەمەڕ خۆشمان هەر ئەوەیان کردووە. لەبەر ئەوە تەنها بەبوونی بەرنامەی کۆمۆنیستی سەربەخۆو ریزی سەربەخۆی چینایەتی پرۆلیتاریاو تەنها بە پیادە کردنی خەباتی سیاسی سەربەخۆی کرێکاران بەرەو بەرپا کردنی شۆڕشی سۆشیالیستی، دەکرێ ئەو بزوتنەوانە خزمەت بەئامانجە سەربەخۆکانی دوارۆژی کرێکاران بکەن.

لەراستیدا رێگاو شێوازی ئیکۆنۆمیستی، گوایا بۆ هاتنەدی بەرنامەی کۆمۆنیستی، بۆچوونێکە لەرووی تیۆری‌یەوە ناکامڵی‌و ناشارەزایی لە مارکسیزم پێوە دیارەو لەرووی هەڵوێستەوە سەلبی بوونە بەرامبەر بەرنامەی کۆمۆنیستی‌و خەباتی کۆمۆنیستی، شێوەیەکی جوگرافیایی بە بەرنامە دەدات نەك شێوەی ئایدیۆلۆژی-چینایەتی؛ چونکە ئەو کێشەیە، واتا دەرەوەو ناوەوەی بزوتنەوەی کرێکاری‌و پەیوەندی ئەو شوێنە بەبەرنامەوە، ئایا لە دەرەوە یا ناوەوەی بزوتنەوەکەیە، بەهیچ شێوەیەك گەوهەری کێشەکە نییەو لەو ڕوانگە میتافیزیکیەوە ناتوانرێ حوکم بەسەر هیچ بەرنامەیەکدا بدرێت، نەك هەر بەرنامەی کۆمۆنیستی. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر تارای سوور لەگەوهەری ئیدو بۆچوونی ئیکۆنۆمیستی داماڵین، وێنەیەکی گەشی پۆپۆلیستیمان بۆ ئاشکرا دەبێت لەژێر کارکردنی فەلسەفەی ماتریالیزمی میکانیکی (فیورباخیزم)و میتافیزیکی (دەرەوەو ناوەوە)، کە خۆی لەناوەڕوکی بەرنامەو لەئاکامیشدا لەخودی بەرنامەو لەخەباتی سیاسی دەدزێتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە، جەوهەری کێشەی بەرنامە وەك نیشانەی هوشیاری چینایەتی‌و سەربەخۆیی ئایدیۆلۆری‌و سیاسی چینایەتی پرۆلیتاریا، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە ئایا ئەو بەرنامەیە پێش بزوتنەوەکە کەوتووە یان لەدەرەوەی بزوتنەوەکەوە هاتۆتە دی یاخود دێتە دی؟

ئەگەی ناوەوەو دەرەوەی بزوتنەوەکە بکرێتە پێودانگو بنەمای

حوکمدان بەسەر بەرنامەدا، دەبێ ئەو حوکمە بەسەر (مانفێستی حزبی کۆمۆنیست) دا خنکاندن بێت، چونکە مانفێست لەبنەڕەتدا کە نووسراوەتەوە دووکەس نووسیویانە تەنها سی تا چل کەسێك لە (کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان) ئاگاداری بوون، سەرەڕای ئەوە بەرنامەی زاڵی نێو بزوتنەوە کرێکارییەکان نەبوو، کەچی وەك بەرنامەیەکی جیهانی داڕێژراوەو ڕاگەیاندراوە. مانفێست تەنها لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووداو بەتایبەتی لە هەشتاکاندا دوای ئەزموونی کۆمۆنەی پاریسو تێکشکانی یەکەم دەوڵەتی کرێکاری بوو بە بەرنامەی زاڵو ڕێ نیشاندەر لەنێو بزوتنەوە کرێکارییەکانداو ڕەوتەکانی دیکەی سۆشیالیزمی غەیرە پرۆلیتاریای تووشی مایەپووچیو تێکشکاندن بوون. ئایا لەو ماوانەدا کەمانفێست بەرنامەی زاڵی نێو بزوتنەوە کرێکارییەکان نەبوو، لەزۆر کاتو شوێنی ئەو بزوتنەوانەشدا نوێنەری نەبووە؟ بەرنامەیەکی غەیرە پرۆلیتاریای بووە؟ یان ئەو بۆچوونو پێشبینیو لێکدانەوانەی ڕاگەیەندراون نادروست بوو؟ یان لەدەرەوەی بزوتنەوەی کریکاریدا بووە؟ لەبەرامبەر ئەو تەرحو دیدو بۆچوونانە دەبێت بڵێین: ئەوە بۆچوونێکی ماتریالیستی میکانیکیە کە لەڕووی حسییەوە (واتا پەیوەندی تەکنیکی میکانیکی لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاراندا) دەڕوانێتە بەرنامەی کۆمۆنیستی؛ ئەوە بۆچوونێکی میتافیزیکییە چونکە بەچەشنێك تەماشای بزوتنەوەی کریکاریو پەیوەندی تەکنیکی لەگەڵ کرێکاراندا دەکات وەك بڵێی نەگۆڕو قابیلی گۆڕان نەبێت، کەلەڕاستیدا، هەمیشە لەگۆڕاندایە، هەمیشە لە فروان بوونو بەرتەسك بوونەوەدایە، ئەوەش بەپێی هەلومەرجی سیاسیی گشتی چەند بن هۆکاری گۆڕانەکە ئەوە دەستنیشان دەکەن. کەواتە بەو ئاکامە دەگەین کە بڵێین: ئەو جۆرە بۆچوونە حوکمێکی میتافیکییەو ئەگەر ئەوە بناغەی بەرنامەیەکی کۆمۆنیستی بێت، ئەوا دەیان بەرنامەی ریڤیژنیستی کە بەناوی کۆمۆنیزمەوە دەیان ساڵە لەناو بزوتنەوە کرێکارییەکانەوە سەریان هەڵداوە، یان لەدەرەوەی ئەو بزوتنەوانەوە بوونە بەرنامەی زاڵی ناو ئەو بزوتنەوانەو لەسەر ئاستی جیهانیشدا، کە ئێستا برەویان هەیەو زاڵن-بۆ نموونە دیدو بۆچوونی سۆشیال-دیموکرات-دەبێ ئەوانە ببنە بەرنامەی کۆمۆنیستی چونکە لەناو بزوتنەوەکەدان!!.

ئەوەی سەرەوە ئەنجامی لۆژیکیانەی ئەو بۆچوونەیە! بەلام کۆمۆنیستەکانو بەرنامەی کۆمۆنیستیو حزبی کۆمۆنیست بەو شێوە میتافیزیکیانەیە ناناسرێنو هەڵناسەنگێنرێنو جیا ناکرێنەوە. ئەگەر ئەو جۆرە مەیلانە مانفێستی حزبی کۆمۆنیست بەباشیو وردی بخوێننەوە ئەوەیان بو ڕۆشن دەبێتەوە کە چۆن بە پێچەوانەی شیکردنەوەکانی مانفێستەوە بیردەکەنەوەو چۆن لەو یەکەمین بەرنامەی کۆمۆنیستییە هەمیشە زیندووەدا،

کۆمۆنیستەکان بەوە لەلایەنە غەیرە پرۆلیتارییەکان جیا دەکرێنەوە، کە پەی بەدوارۆژی بزوتنەوەکە دەبەنو بو دوا ئامانجی بزوتنەوەکە تێدەکۆشن کە سۆشیالیزمە.

ئەرکی کۆمۆنیستەکان هەروەك لە مانفێستدا بەیان کراوە تەنها یەك شتە: رابەری کردنی هەمەلایەنەی خەباتی چینایەتی کرێکاران بەرەو بەرپا کردنی شۆرشی کرێکاریو بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسییە. ئەمە تاکە رێگاو تاکە زامنی شۆرشگێرانەیە بۆ پاراستنی سەربەخۆیی خەباتی چینایەتی کرێکاران.

بۆ کۆمۆنیستەکان سێ بناغەی ئوسووڵی هەیە دەبێت لەپێش چاوی بگرن: پەی بردن بەدوارۆژو دوا ئامانجی بزوتنەوەکە، پاراستنی هەمەلایەنەی سەربەخۆیی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریاو، ئەرکە بنەرەتیو هەمیشەیی کۆمۆنیستەکانو چۆنیەتی بەدیهێنانی ئەو ئەرکە؛ هەمەو ئەوانە لەبەرنامەدا، لەبەرنامەیەکی کۆمۆنیستیدا وە دیار دەکەون، وە هەر دەبێتە پێوادانگ بۆ حوکمدان بەسەر بەرنامەیەکی کۆمۆنیستیدا، وەك ئەوەی ئەو بەرنامەیە لەکوێو چۆن دارێژراوە. کەواتە مانفێستی کۆمۆنیست وەك یەکەمینو بناغەییترین بەرنامەی کۆمۆنیستی بۆ بزوتنەوەی کۆمۆنیستی جیهان، کە تا ئێستاو لەمەودواش هەر زیندووەو زیندوو دەمێنێتەوە، تەنها لەبەر ئەوەیە کەبە روونترین شێوە تەعبیر لەبەرنامەیەکی کۆمۆنیستی دەکات، تەعبیر لەدوا رۆژی ئامانجەکانیو رێگای سەرکەوتنی لەسەر ئاستی جیهان لە (کرێکارانی جیهان یەکگرن)دا دیاریکراوە، ئەوەش لەسەر بنچینەی رەخنەی چینایەتی مارکسیستانەیە لەپەیوەندییە مادییەکانی بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتیو سەرجەم سیستەمی سەرمایەداری. دوای ئەوە تا چەندە ئەو بەرنامەیە لەنێو بزوتنەوە کرێکارییەکاندا بووە یاخود دەبێت، تا چەندە بووە بە بەرنامەی زاڵو رێنیشاندەری خەباتی چینایەتی سەربەخۆی کرێکارانو، بۆتە ئادیۆلۆژیا لەناویاندا، ئەوەیان لەلایەك بەندە بە هەلومەرجی سیاسی گشتیو لەلایەکی ترەوە بەندە بە کۆمۆنیستەکان خۆیانەوە، بەندە بەوەی تا چەندە نوێنەرایەتی ئەو بەرنامەیە دەکەنو لەبەر رۆشنایی جیهانبینی تیۆری* ئایدیۆلۆژیایی ئەو بەرنامەیە خەباتی خۆیانو کرێکاران رێك دەخەنو تا چەندە خەباتی کۆمۆنیستانەی بۆ دەکەنو چەندە کرێکاران لەبەر تیشکی بەرنامەکەیان هوشیار دەکەنەوەو رابەری دەکەن؛ هەروەها بەندە بەوەی تا چەندە کۆمۆنیستەکان ئەو ئەرکەی لەبەرنامەکەدا بۆیان دیاری کراوە بەجێی دەهێنن.

* بروانە، لینین-مارکسیزمو مەیلی ریڤیژنیزم-لە بڵاوکراوەکانی (دار التقدم)، مۆسکۆ.

## شەن‌و کەوی زاراوەکان

**دوا رۆژ**

ئەم گۆشەیە سەکۆیەکی بڵندی بیروڕای ئازادی نووسەران، بۆ شەن‌و کەوکردنی زاراوە فیکری‌و سیاسییەکان‌و چاوپێدا گێڕانەوەیان، دەبێت. نیازی وروژاندنی مشتومڕێکی فراوانی فیکری‌و سیاسی لەدڵ گرتووە. ئامانجی قووڵکردنەوەی تێگەیشتنە لەو چەمکانەو لەو جیهانەی ململانێی تێدا دەکەین.
ئەو نووسینانەی لەم گۆشەیەدا بڵاو دەکرێنەوە بیروڕای نووسەرەکانیان دەردەبڕن، بۆیە بواری پێدا چوونەوەو لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەو بەرپەرچدانەوەی زانستیانەیان بۆ نووسەرانی دیکە هەڵدەخرێت.
هیواداریـن قەڵەمی بە برشتی نووسەران بەگشتی‌و نووسەرە سۆسیالیستەکان بەتایبەتی گۆشەکە بە ئاوەدانی بهێڵنەوە.

# نیشتمانیی

**زریان ئەمین**

دەڵێن گۆڕانکارییەکی مەزن بەسەر ئەم جیهانەدا هاتووە. هەموو بیرۆکەو زاراوەو چەمکە فیکری‌و سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیرییەکان لە ژێر کارکردەی گەشەکردن‌و پەرەسەندنی‌زانستو تەکنۆلۆژیادا واتا کۆنەکانیان بزرکردووەو ناوەرۆکێکی نوێیان هەڵگرتووەو شێوەیەکی نوێیان

پۆشیوە؛ بۆیە پێویستە هارچەرخانە تێیان بگەین‌و، بۆ ئەوەی پێ بەپێی کاروانی ئەم سەردەمە بڕۆین، دەبێت لەبەر تیشکی گۆڕانکارییە جیهانییەکانی ئیمڕۆدا هەنگاو هەڵبنێین.

ڕاستەو گەلەك ڕاستە ئەم جیهانە گۆڕانی زۆری بەخۆیەوە دیوە. ئاستی گەشەکردنی زانست‌و تەکنۆلۆژیا بەئاستی هیچ سەردەمێکی مێژوویی دیکە بەراورد ناکرێت. بەڵام ئەمە تەنها یەك دیوی حەقیقە تەکەیە، تەنها دیوێکی ڕازاوەو بریقە دارێتی‌و واقیعی ئەودیوی جیهانی شاردۆتەوە.

گۆڕانکارییەکانی جیهان بۆ بەرژەوەندی کێیە؟ زانست بەدەست چ چینێکەوەیەو لە خزمەتی کێدایە؟ تەکنۆلۆژیا چەرخی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی چ چینێکی جیهانی دەچەرخێنێت؟ زانست‌و تەکنۆلۆژیا چەندە نان‌و ئازادییان بۆ گەلانی بندەست‌و کرێکاران‌و زەحمەتکێشانی سەرانسەری جیهان دابین کردووە؟

ئەم پرسیارانە مشتێکن لە خەروارێك پرسیارو پێویستییان بە وەڵامدانەوە هەیە. هەڵبەت پرسیارەکان‌و وەڵامەکانیشیان بەچەند ووشەیەك نابڕێنەوە، بەڵکو پەل دەهاوێن‌و باوەش بەهەموو چەمکە فەلسەفی‌و سیاسی‌و ئابوری کۆمەڵایەتی‌و ڕۆشنبیری...هتد دا دەکەن‌و سەر لەنوێ شەن‌و کەویان دەکەنەوەو لەنێو جیهانە گۆڕاوەکەی ئیمڕۆدا جێ ی خۆیان بۆ دەکەنەوە.

یەکێك لەو چەمکانە زاراوەی( نیشتمانیی - الوطني - الوطنیە ) یە. لێرەدا هەوڵ دەدەین لە نێوان شیکردنەوەی ئەم زاراوە یەو هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم سەردەمە بناسین‌و دەرگای مشتومڕێکی فیکری‌و سیاسی، بۆ هەرچی زیاتر تێگەیشتنی ئەم جیهانە، بکەینەوە. وشەی( نیشمانیی )، چ بەتاکی‌و چ بە پاشکۆی هەندێ زاراوەی دیکەوە بەکار دەهێنرێت، وەك ستایش‌و ڕێزلێنانیش بە هەق‌و ناهەق بەتاك و حزب‌و ڕێکخراوو حزب‌و دەوڵەتەکانەوە دەلکێنرێت. بۆ نموونە: بزوتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی، حکومەتی نیشتمانی، سیادەو سەربەخۆیی نیشتمانی، بورژوازی نیشتمانی، مرۆی نیشتمانی‌یان نیشتمانپەروەر،... هتد، لەو زاراوانەن کەوشەی نیشتمان بەشێکیان لێ پێکدەهێنێت.

لە کۆنەوە تائیمڕۆ،( نیشتمانیی ) وەك ناسنامەیەکی باش و شانازی‌و تایبەتمەندییەکی جیاواز بەکارهێنراوەو بەکاردەهێنرێت. کاتێك ئەم وشەیە دراوەتە پاڵ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی ی گەلان، مەبەست ناسنامەی دژە

کۆلۆنیالی‌و پاشان دژە ئیمپریالستی ئەو بزوتنەوانە بووە. بزوتنەوەی نیشتمانی لە فەرهەنگی سیاسەتدا بزوتنەوەی شورشگێرانەو ڕەوای گەلانی ژێر دەستەی جیهان بووە دژی ئیمپریالیزم‌و لە پێناوی سەربەخۆیی سیاسی‌و ئابووریدا. هەر بەم پێودانگە حکومەتی نیشتمانی ئەو حکومەتە بووە کە دەسکەوتەکانی شۆڕشی رزگاری نیشتمانی پاراستووەو بەرگری لە سەربەخۆیی وڵاتەکەی کردووەو هەڵوێستی دژە ئیمپریالیستی وەرگرتووەو لایەنداریی خەباتی گەلانی دیکەی جیهانی لەپێناوی رزگاریدا کردووە. هەڵوێستی حکومەتەکان لەمەسەلەی سیادەو سەربەخۆیی نیشتمانەکەیان، بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکان لە دەستێوەردانی سیاسی کارو باری ناوخۆی وڵاتەکان‌و سەپاندنی مەرجی سیاسی لەپەیوەندییە ئابورییەکاندا، پەیرەو کردنی بەرنامەیەکی(( سەربەخۆ )) لە بینای ئابوریدا؛ ئەمانە هەمووی تایبەتمەندی‌ی (( نیشتمانیی )) حکومەتەکان بوون. لە نێو چینەکانی کۆمەڵیشدا چینێك بە بۆرژوازی نیشتمانی لەقەڵەم دەدرا. ئەم چینە لە وڵاتانی دواکەوتووی جیهاندا بەدوای پێکهێنانی دەورو دوکانێکی تایبەت بەخۆیانەوە بوون. هەڵوێستی دژە ئیمپریالیستییان بەشێکی ململانێیان بوو بۆ ئەوەی بازاری (( نیشتمانی )) بۆ بەرژەوەندی چینایەتی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن. ئەم هەڵوێستە(( نیشتمانی ))یە لە بەرنامەی سیاسی‌و ئابوری‌و کۆمەڵایەتی رێکخراوو حزبەکاندا ڕەنگی دەدایەوە. بەم پێیە حزبەکانیش نازناوی نیشتمانییان هەڵگرت. مرۆی نیشمانیش ئەو کەسەبوو لەریزی بزوتنەوەو حزبە نیشتمانییەکاندا بێتو بۆ ئامانجە نیشتمانییەکە خەبات بکات. مرۆی (( نیشتمانیی )) یان نیشتمانپەروەر بەو کەسانە دەگوترا کە نیشتمانەکەیان خۆشدەویستو لەپێناوی رزگاری‌و سەربەخۆیی‌و سیادەی نیشتمانەکەیاندا دژی ئیمپریالیزم‌و چینە کۆنەپەرستە داردەستەکانیان تێدەکۆشان.

کورتییەکەی، تێکرای ئەم چەمکە سیاسییانە زاراوەی (نیشتمانیی) یان لەبەرامبەر داگیرکردن‌و تالانکردنی نیشتماندا راگرتبوو، هەر بەو جۆرەش تێکۆشەرە نیشتمانپەروەرەکانیشیان لەسەنگەری بەربەرکانی‌و دژایەتی کردنی ئیمپریالیزمدا دامەزراندبوو. بۆیە لە ناواخنی هەر چەمکێکیاندا چەمکە دژەکەش ئاشکرا بوو. هەڵوێستی نیشتمانی لە دژایەتی ئیمپریالیزم‌و، ئیمپریالیزمیش لە دەست بە سەراگرتنی سیاسی‌و ئابووری نیشتمانی جیا نەدەکرانەوە.

ئەم چەمکانە، بەو شێوە تێگەیشتنەباوە، لە جیهانی ئیمرۆدا بەرەو نەمان دەچێت. وەرچەرخانی جیهان بەلای بازاری ئازادی رۆژئاواداو هەرەسی

سیستەمی بازاڕی کۆنترۆڵکراوی دەوڵەتی لە روسیاو وڵاتانی بلۆکی رۆژهەڵات، ئەو چەمکانەی ژیرەو ژوور کردو واتا کۆنەکانی لێداماڵین. زاراوەی (نیشتمانیی) لەمە بەدەر نەبوو، هەرچەندە هێشتا لەزانستی سیاسەتدا بەشێوەیەکی ڕێکوپێکو بەرنامەیی، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەی زانستی، پێناسەیەکی نویٚ بۆ وشەی (نیشتمانیی) دانەنراوە؛ بەڵام لە ژیانی واقعیو سیاسەتی رۆژدا سنووری ( نیشتمانیی ) بەر تەسک کراوەتەوەو لە قاڵبی نەتەوەیی دراوەو لە نێو ئەو سنوورە نەتەوەییە پەسێندراوە. رزگاری نیشتمانی تێهەڵکێشی رزگاری نەتەوایەتی بووە. ئامانجەکانی رزگاری نەتەوایەتی جێی چەمکی کۆنی (نیشتمانیی) گرتۆتەوە. تێکشکانی ئەو ئەزموونە نیشتمانییانەی بەناوی سۆسیالیزمو دیموکراتی گەلییەوە لە رابردوودا هەبوون زەمینەی لەبار بردنی بزوتنەوە((نیشتمانی)) یەکانیان خۆشکردو بەرەو بەرەی دوژمنە دێرینەکانی (نیشتمان) پەلکێشیان کردن.

ئیمرۆ وەرچەرخاندنێکی سەدوهەشتاپلەیی بەلای راستدا بۆتە سیمای سیاسەتی ئەم سەردەمەو، وەک تەوژمێک یان مۆدێلێکی سیاسی بەلای بەرژەوەندی دوژمنە راستەقینەکانی رزگاری نیشتمانیو نەتەوایەتیدا شکاوەتەوە. بزوتنەوە نیشتمانیو نەتەوەییەکان ریزی شۆڕشی سۆسیالیستی جیهانییان بەجێ هێشتووەو بە جیهانی سەرمایە دارییەوە پەیوەست بوون. ئیمپریالیزمی جیهانی، جەمسەرە ئابوورییەکانی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی خۆیان بەخاوەنو دەمڕاستی مافی مرۆڤو مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلان دەزانن‌و بەپارەو چەکی ئەوان خوێن بەئاشی کێشە نەتەوایەتییەکاندا دەکرێتو شەڕو بەیەکادانی نەتەوایەتی لە ئاستی جیهانیدا توندتر دەکرێتەوەو هەتا دێت زیاتر گەلانو چینە زەحمەتکێشەکان لەیەکدی دابڕ دەکرێنو تۆوی دوژمنایەتی لەنێوانیاندا دەچێندرێت.

( نیشتمانیی )، لە چەمکی نوێی سەردەمی سیستەمی جیهانی نوێی ئیمپریالیستیدا، هیچ واتایەک ناگەیەنێت جگەلە بەرژەوەندی نەتەوەیی لە جوغزی سیاسەتەکانی ئیمپریالیزمی جیهانیدا چونکە هەموو تایبەتمەندییە کۆنەکانی خۆی وون کردووە. لەبەر ئەوە بزوتنەوەی رزگاریخوازانە شەقڵی (نیشتمانی ) یە کۆنەکەی پێوە نەماوە، واتە بەپێی چەمکە مێژوو ییەکەی زاراوەی(نیشتمانیی)، بزوتنەوەیەکی خاوەن ناسنامەی نیشتمانیی لەجیهانی نوێدا نییە.

رەنگە هەندێ بزوتنەوە خۆی بانگەشەی ئەو (نیشتمانیی) بوونە بکات،

بەڵام لە جیهانی سەرمایەداری ئیمڕۆدا ئەو بزوتنەوە خۆجێیی (محلي) یانە، یان بەتەواوی‌و بەشێوەیەکی دڕندانەو نجڕونجڕ دەکرێن‌و دەماڕدرێن، یان چارناچار دەبێت پەلو پۆیان بەئەختەبوتی سیستەمی سەرمایەوە گرێ بدەن.

حکومەتەکانیش ناسنامەی نیشتمانیی هەر ئەوەندە هەڵدەگرن کە کارگێڕەکانی ڕۆڵەی ئەو نیشتمانە بنو بەزمانی دانیشتوانی ئەو نیشتمانە بدوێن، دەنا لە ڕووی سیاسی‌و ئابوورییەوە پابەندی ئەو یاسایانە دەبن کە سیستەمە جیهانییەکە بۆ هەڵسوڕاندنی بازاڕی جیهانی دایناوە. دینامیزمی ئابووریی نیشتمانیی، سەربەخۆ لە کارکردەیی بازاڕی جیهانی، پێکنایەت‌و بەئاسانی دەخنکێنرێت‌و پرزەی لێ دەبڕدرێت. سیادەی نیشتمانی‌و سەربەخۆیی نیشتمان دەبێتە زاراوەی نێوفەرهەنگەکان‌و بەشێك لە سیاسەتی ڕاگەیاندن؛ ئەگینا لەواقیعدا، نەسیادەو نەسەربەخۆیی‌و نە(( سنووری پیرۆزی نیشتمان)) لە بەردەم شاڵاوی مۆنۆپۆلە فرەناسنامەکاندا خۆیان ناگرن‌و پێشێل دەکرێن.

ئەو چینە بۆرژوازییانەی جاران بە(( نیشتمانیی)) دەناسران‌و خوازیاری سەربەخۆیی سیاسی‌و سیادەی نیشتمانی بوون‌و لەڕووی گوشاری کۆمپانییە مۆنۆپۆلییە جیهانییەکاندا سیاسەتی دووفاقانەی خۆبەدەستەوە دان‌و بەربەرەکانییان پەیڕەو دەکردو بانگاشەی بازاڕی نیشتمانی‌و گەشەکردنی ئابووری نەتەوەیی‌و بازاڕی سەربەخۆو پاراستنی بەرهەم هێنانی نیشتمانییان دەکرد، ئێستا لە هەموو ڕوویەکەوە خاویان کردووەتەوەو تایبەتمەندییە (( نیشتمانی)) یەکەیان بەدەست واقیعە ئابوورییە زاڵەکەوە داوە. ئەو چینانە بەپێودانگی جاران نە چینێکی نیشتمانییەوە بوونەتە چینێکی بێ ناسنامەی نیشتمانی؛ هەموو سنوورەکان، گشت بازاڕەکان، هەموو مەیدانە جیاجیاکانی ژیان لە کۆمەڵگاکانیاندا بەدەست کۆمپانییە مۆنۆپۆلەکانەوە دەدەن‌و خۆشیان دەستەبەری تێپەر بوونی بەرژەوەندی مۆنۆپۆلە جیهانییەکان دەبن. دیارە لەسەردەمێکی ئاوەهادا کە پێوانەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتبێت‌و زاراوەکان ئاوەژوو بووبنەوە، مرۆکانیش چ لە ڕووی ئایدیاوەو چ لە ڕووی ڕەفتاری سیاسییەوەو چ لەبنچینەی فەلسەفی‌و فیکرییاندا دەکەونە ژێر باری کاریگەرێتی ئەو چەمکە باوانەی سەردەمەوە؛ بۆیە بەئاسانی چەواشە دەبن‌و واتاو ناوەرۆکی چەمکەکانیان لێ دەگۆڕدرێت. مرۆی نیشتمانیش بەدەر لە خەباتی دژە ئیمپریالیستی سەروسیمای بۆ دەنەخشێندرێت‌و واتا فراوانەکە دەهێندرێتەوە یەك و لەکارێکی ڕۆژانەی ڕۆتینیداقەتیس دەکرێت.

(( نیشتمانیی)) ، وەك هەر زاراوەیەكی دیكە، كەناوەڕۆكو شێوەیەكی دیاریكراو لەژیانی تاكو كۆمەڵدا دەردەبڕێت، بۆ خۆی لە بنچینەدا ئایدیای سەربەخۆیی خوازی ئابورییەكی دیاریكراو تێیدا ڕەنگدەداتەوە. ئەم چەمكە وەك هەر چەمكو دیاردەیەكی دیكە واقیع لەگەشەكردنیدا دەردەبڕێتو پێ بەپێی ئەوە گۆڕانكاری بەسەردا دێت.

(( نیشتمانیی)) بوون، شان بە شانی سەرهەڵدانی سەرمایەداری سەری هەڵداوەو لەگەڵ گەشەكردنی پلەبەپلەی ئەم سیستەمەدا ئەویش گەشەی كردووە. ئەگەر (( نیشتمانی)) بوون لە یەكەم پلەكانی گەشەی سەرمایەدا خواستو هەڵوێستو تایبەتمەندی بۆرژوازی تازە كوورەی شۆڕشگێڕی سەردەمی خۆی بوو بێتو لەبەرامبەر سیستەمی گەندەڵی دەرەبەگایەتیدا شوێنی خۆی گرتبێت، ئەوا لە جیهانی بوونەوەی سەرمایەداریداو پەلهاویشتنی ئەم سیستەمە بۆ هەموو گۆشەو پەنایەكی ئەم جیهانە تایبەتمەندییە خۆجێییەكەی ون دەكاتو بەرگێكی دیكە دەپۆشێو شێوەو ناوەڕۆكە شۆڕشگێڕانەكە لەدەست دەدات. لە وڵاتە سەرمایەدارییە پێشكەوتووەكاندا لە مێژە ئەو شێوەیەی لەدەست داوەو بەسیاسەتی داگیركردنو تاڵانكردنی ئابووریو جەنگی كاولكارانەو كێ بەركێی چەكی ئەتۆمیو كیمیاویو بایۆلۆجی وەرگەڕاوە. لەوڵاتانی دیكەی ژێردەستەو گرێدراو بەسیستەمی سەرمایەداری جیهانییەوە، بەسیاسەتی خۆبەدەستەوەدانی نیشتمانیو وازهێنان لە (( سەروەریتی نیشتمانی)) كۆتایی هاتووە.

(( نیشتمانیی)) بوون لە ڕووی مێژوویییەوە، لەكاتو ساتێكدا سەرمایەداری باڵادەستە لە جیهانداو سیستەمو ژیاری ئەم سەردەمەی مێژوو پێكدەهێنێت، بەبنبەست گەیشتووەو ڕوو لە نەمانو توانەوە دەكات. دینامیزمی سیستەمی سەرمایە لە جیهاندا، هەر لە گەشەكردنو پەرەسەندنی بێ ئەندازەی هۆیەكانی پەیوەندی كردنو ڕاگەیاندنەوە تاسەر یەكگرتنی بازاڕی جیهانیو ئاسۆی بازاڕێكی جیهانیی سەرمایە داری یەكگرتوو كە پێشبینی لێ دەكرێو هەر ئێستا بەكردەوە ئەو بازاڕە یەكگرتووە لە ئاستی مامەڵەی مۆنۆپۆلە فرەناسنامەكاندا پێكهاتووە؛ ئەم دینامیزمە لە ڕووی مێژوویییەوە هیچ جێو ڕێیەكی ((نیشتمانیی)) بوونی، بەچەمكە باوەكە، نەهێشتووەتەوەو، هەتا جیهانیش ڕوو لە پێشكەوتنی زیاتر بێتو ئاستی زانستو تەكنۆلۆژیاش بەرەو پێشەوە بچێت، ئەم پرۆسەیە چاكتر شوێنە واری ئەم چەمكە ناهێڵێتو لە توێی مێژووی كۆندا بەجێی دەهێڵێت.

(( نیشتمانیی)) بوون نەك هەر بە پێچەوانەی گەشەکردنی سەرمایەدارییەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەم سیستەمە گورزی چاکتری لێ دەوەشێنێ، بەڵکو لە دوا ڕۆژی سۆسیالیستی جیهانیشدا جێی نامێنێتو سیستەمی سۆسیالستی لێی تێ دەپەڕێت.

لەسایەی دواڕۆژێکی سۆسیالیستیدا، نەبزوتنەوەی رزگاری نیشتمانیو نە حکومەتی نیشتمانیو نەمەسەلەی سنوورو سیادەو چینی نیشتمانیو مرۆی نیشتمانپەروەر نامێنێت. کۆمەڵگای سۆسیالیستی لەپلەی پێشکەوتووی خۆیدا کۆمەڵگایەکی جیهانی دەبێت. هیچ شێوە چەوساندنەوەو جیاوازی چینایەتیو نەتەوایەتیو جنسی تێدا نابێت. مرۆی بەڕاستی مرۆیانە جێی مرۆی نیشتمانپەروەر دەگرێتەوەو سەرگۆی زەوی دەبێتە یەك ((نیشتمان)) بەبێ ئابووری نیشتمانیو دەسەڵاتێکی سیاسی نیشتمانیو ناونیشانی نیشتمانو سۆزی نیشتمانیو کێ بەرکێی نیشتمانیو ئەقڵی یەتی نیشتمانیو...هتد. ئەو ((نیشتمانە)) ی دوا ڕۆژ کۆمۆنەکانی مرۆ ئازادو یەکسانەکانە، کە بەبێ چینو بەبێ دەوڵەتو بەبێ حزبو بەبێ نەتەوەی جیاواز جیاوازو بەبێ زمانی جیاجیاو نیشتمانی پیرۆزی لە یەکدی دابڕکراوی ئەمو ئەوو، بەبێ تەلبەندو سەنگەرو مین ڕێژکردنی سنوورەکان؛ بەبێ ئەمانە هەمووی چەندیان لەتوانادا بێت کاردەکەنو چەندیان لە بەرهەمی کۆمەڵایەتی پێویست بێ بەکاری دەهێنن.

## تەقەلایەک بۆ هەڵسەنگاندنی
## هەرەسهێنانی دەوڵەتە سۆسیالیستی‌یەکانی
## خۆرهەڵاتی ئەوروپاو یەکێتی‌ی شوورەوی

### دیداری یەکەم

# هۆیە سەرەکی‌یەکانی هەرەسهێنان

سازداری دیدار : حسین عارف

### پێشەکی ڕوونکردنەوەیەک

دوا ڕۆژ

بێگومان گۆڤاری ( دوارۆژ ) کە لەبنەڕەتدا ئەرکی بەرگری‌کردنی لە فیکرو فەلسەفەی سۆسیالیزمی لە ئەستۆ گرتووە ، هەرزوو لەلای دەستەی نووسەرانی ، ئەو فیکرەیە سەری هەڵدا کە دەبێ هێندەی لە توانادایەو بۆی دەلوێ ، بچێتە بەر مەیدانی تەقەلادان بۆ هەڵسەنگاندنی بەسەرهاتی هەرەسهێنانی دەوڵەتە سۆسیالیستی‌یەکانی خۆرهەڵاتی ئەوروپا و یەکێتی‌ی شوورەوی‌و ئەو شکستی‌یە گەورەیەی کە بەرەی سۆسیالیستی لە جیهاندا لەئەنجامیدا تووشی بوو . بۆیە بڕیار درا هەر لەم ژمارە یەکەمەیەوەو بەردەوام لەژمارەکانی داهاتووشیدا ، لەشێوەی سازدانی زنجیرەیەک دیداردا لەگەڵ بەرگریکاراندا لە فیکرو فەلسەفەی سۆسیالیزمی ، ڕێگای ئەو تەقەلادانە بگرێتە بەر .

ساوا لەم یەکەم دیدارەدا بیروڕاو باری سەرنجو بۆچوونی ئەم برا ئازیزانەتان بۆ دەخەینە بەر دیدە کە ئێمە لەلای خۆمانەوە پڕ بەدڵ سوپاسیان دەکەینو مایەی شانازیمانەو بەدەستپێشخەرییەکی دادەنێین بۆ ئەوانیشو بۆ خۆشمان...

* برادەر ئەرسەلان بایز..ئەندامی سەکردایەتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان/ئەندامی پەرلەمان/سەرنووسەری ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ).

* برادەر عبدالخالق زەنگەنە..ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان/ئەندامی پەرلەمان/خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)

* برادەر هادی محمود..ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعیی کوردستانی عێراق/سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان).

* برادەر صلاح مەزن..ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان (شیوعییە کوردستانییەکان)و سەرنووسەری ڕۆژنامەی (رزگاری).

* برادەر کاوە نادر..ئەندامی سەرکردایەتیی ڕێکخراوی تێکۆشانی رەنجدەرانو سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ڕێگای رەنجدەران).

ئەم دیدارە لەسەعات (١٠)ی بەیانیی رۆژی ١٩٩٢/١١/٩ دا سازکراو تا سەعات یەکو نیوی پاش نیوەڕۆی خایاند.

حسین: برایانی بەڕێزم..
بەر لەهەموو شتێك لەكانگای دڵەوە بەخێرهاتنتان لێدەكەمو سڵاوو ڕێزی گەرمی برایانم ئەندامانی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (دواڕۆژ) تان پێڕادەگەیەنم، لەگەڵ خۆشحاڵیو سوپاسی زۆرماندا بۆ بەدەنگەوە هاتنو بەشداریتان لەم كۆڕەدا.

ئێمە مەبەستی سەرەكیمان لەسازدانی ئەم كۆڕە كە ئەم دانیشتنەی بەڕێزتان ئەڵقەی یەكەمی پێكدەهێنێ، هەڵسەنگاندنی بەسەر هاتی هەرەسهێنانی بەشێكی گەورە لە دەوڵەتانی بەرەی سۆسیالیستییەو لە پێشەنگیانەوە یەكێتی شوورەوی وڵاتی یەكەم شۆڕشی سۆشیالیستی...وڵاتی شۆڕشی ئۆكتۆبەری ١٩١٧ی مێژوویی. دیاریشە كە نیازمان لەم هەڵسەنگاندنەو لەلایەن دەستەیەك ڕووناكبیری تێكۆشەری خاوەن ئەزموونی وەك بەڕێزتانەوە لە بوارەكەدا بكرێ، هەر دەبێ لەبەتەنگەوە هاتنی دواڕۆژی بزوتنەوەی سۆسیالیزمییەوە بێ وەك ڕەواترین ڕێگەچارەیەك بۆ ڕزگاركردنی مرۆڤایەتی لە زوڵمو زۆرو چەوسانەوەو بنبڕكردنی چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە.ئیتر وا هەر بەومەبەستە پرسیاری یەكەمم لەبەڕێزتان دەكەمو دەڵێم: [دوژمنانو ناحەزانی ماركسیزم وەك تیۆریو سۆشیالیزم وەك بەرهەمەكەی لەحاڵەتی بەدیهێناندا، بەدرێژایی سەدو پەنجا ساڵی تەمەنی یەكەمیانو حەفتاو پێنج ساڵی تەمەنی دووەمیان، بەردەوام وتوویانە هەڵەیەو خراپەو سەرناگرێو ناچێتەسەرو هەر پووچ دەبێتەوە. سەدو پەنجا ساڵ وەك فیكرو فەلسەفەو حەفتاو پێنج ساڵ لەجێ بەجێ كردندا بەكردارو كەچی دوژمنانو ناحەزان دوای ئەو هەموو ساڵانە، هەلی گێڕانی ئەو زەماوەندەیان بۆ هەڵكەوت كە بەئاواتییەوە بوونو ئێستا ئەوەتا ئەوان بەشەوقو هەوەسەوە سەرگەرمی ئەو زەماوەندەنو مەسەلە لەلایەن ببڕای ببڕ كۆتایی هاتووە. بەڵام ئەی ئایا ئێمە..ئێمەی لایەنگرانی چۆن لەمەسەكە تێدەگەینو چۆن دەشكێتەوە لەلامان؟.

ئەرسەلان: ماركسیەت وەكوو مەسەلەیكی فەلسەفیو وەكوو ئەوەی تا ئێستا چ وەك تیۆریو چ وەك پراكتیك بەرچاومان كەوتووەو خوێندوومانەتەوە، من پێم وایە مەسەلەیەكی زانستییەو قابیلی ئەوە نییە، وەك دوژمنانو ناحەزانی دەڵێن، كۆتایی هاتبێ. بەڵام دەشێ لەپراكتیكدا ئەو دەوڵەتانەی كە تائێستا ئەو فەلسەفەیەیان جێبەجێ كردووە سەركەوتوو نەبووبن. دیارە هۆیەكانی زۆرن. من گومانم لەوە نییە كەوەك مەسەلەیەكی فەلسەفی شتێكی ڕاستەو بەبۆچوونی شەخسیی خۆم، لەم ڕووەوە قابیلی موناقەشە نییە. بەڵام مرۆڤ دەبێ بیری لێ بكاتەوە كە ئایا بۆچی ئەو

فەلسەفەیە لەمەسەلەی پیادەکردنیدا لەو وڵاتانەی سۆسیالیستین شکستی ی هێنا؟!. یەکێ لەهۆیەکان بەنەزەری من کە مارکسییەت لە شوێنێکدا..لە وڵاتێکدا هاتەکایەوە کە هێشتا زەمینەی پێویستی مارکسی یەت گەڵاڵە نەبووبوو. دیارە سۆڤێت کە ئەو وەختە رووسیایان پێدەوت، یەکێك بوو لە وڵاتە دواکەوتووەکانو بە بەندیـخانەی گەلان ناسرابوو. وڵاتێك بوو جێگەی (استـثمار)ی دەوڵـەتەکانی سەرمایەداریی گەورەتر لەخۆی. کۆمەڵێك گیروگرفتی گەورەگەورەی ناوخۆیان هەبوو. ئینجا دوای ئەوەشی کە شۆڕشی سۆسیالیستی یەکەمجار لەوێ بەرپا بوو، هەندێك زەمینەی ئەوە تەواو نەچەسپێنرا بوو کە پایەگاکانی بنچینەی ئەم شۆڕشە خۆی بگرێ. بەداخەوە لینین کۆچی دوایی کردو ستالین هاتە سەر حوکم. هاتنی ستالینیش هۆیەکی گەورەی تێکشکانی ئەو فیکرەیە، بەنەزەری من لەبەر ئەوەی ستالین مەسەلەی مارکسی یەتو فیکری کرد بەمەسەلەیەکی ئیجباری. سۆسیالیزم وەك هەر مەسەلەیەکی تر مەسەلەی قەناعەتە. ئەگەر میللەتان یا کەسان بەقەناعەتەوە قبووڵیان نەکرد، لە توانادا نی یە وا بەئاسانی جێبەجێ بکرێ. هەروەها مەسەلەی سۆسیالیزمی مەسەلەی چەند نەوەیەکە. یانی بە ساڵێكو دوو ساڵو پانزەوبیست نابێ. بەڵام ئەو هات ویستی بەزۆری زۆردارەکی جێبەجێی بکا. کەواتە لەوێوە ئەو نیزامە مەسەلە دیموکراتی یەکەی پێشێل کرد. دیموکراتی یەتی نەهێشتو کردی بە دیکتاتۆرێتی یەکی بێ رواڵەت. راستە دکتاتۆری یەتی پرۆلیتاریا وەکوو نیزامێك بۆ ئەو قۆناغە پێویستی پێ هەبوو، بەڵام دیموکراتی یەتەکەی لەیاد کرد. ئەمەش یەکێك بوو لەو مەسەلانەی کە خەڵکەکە لەجیاتی ئەوەی بەقەناعەتەوە بە پیرەوەبچنو پشتیوانی لە نیزامەکەی خۆیان بکەن، بوو بەگرێیەك لەلایانو لەداهاتووشدا تەشەنەی کردو وەکوو نەخۆشی یەك..وەکوو تیراوێی لێ هات. یەکێك بوو لەو هۆیانەی وەکوو باسم کرد، بوو بەهۆی شکستی ی ئەو فەلسەفەیە. دیارە هۆیتر زۆرن. لەوانە بیرۆکراتی یەتو سەپاندنی نیزامی هەرەوەزیی کشتوکاڵ بەزۆر. ئینجا دوژمنانیش دەورێکی زۆر زۆر گەورەیان بینی لەوەداو سوودیان لەو کەموکوڕی یانە وەرگرت بۆ ئەوەی لە دەزگاکانی راگەیاندنی خۆیاندا گەورەی بکەن. بەڵام دووپاتی دەکەمەوە کە فەلسەفەی مارکسی یەت فەلسەفەیەکی راستەو ئەگەر ئەمرۆش بەرەو پاشەکشێ..بەرەو گرژبوونەوەیەك چووبێ، گومانی تێدانی یە کەفەلسەفەیەکی زیندووەو داهاتوو ئەوە دەسەلمێنێ. بەڵام ئەوە بەندە بەمەسەلەی پێشکەوتنی شارستانی یەوەو بەمەسەلەی تەکنەلۆژیاوەو بەندە بە هوشیاریی چینی کرێکارەوە بەرادەی سەرەکی کە رەنگە ماوەیەکی زەمەنی ی بوێتن.

عبدالخالق : زۆر سوپاسی ئەو دەستپێشخەریيە دەکەمو بە راستی پێویست بوو پێش ئێستا گۆڤارو ڕۆژنامەکانی ئێمە، ئەو گۆڕانکاری‌یەیان بخستایە بەر لێدوانو باری سەرنجو بۆچوونی خۆیانەوە کە لە دونیادا ڕوویدا. میللەتی کورد کە بەشێکە لە میللەتانی ناوچەکەو دنیاو ئەوەی روودەدا لە دنیادا، کار دکاتە سەر ئێمە وەك گەل یاخود وەك پێشەنگی کۆمەڵ، بەتایبەتی مارکسی‌و چەپەکان. بەلای منەوە فیکری مارکسی بەبەرهەمێکی واقیعی ئابووری چینایەتی دەزانم کە وەختی خۆی لەبەیانی شیوعی‌ی ساڵی ١٨٤٨ دا خۆی نواندو گەلاڵە بوو. ئەو گەلاڵە بوونە ئەنجامی واقیعو پێشکەوتن بوو، واقیعێکی ئابووری‌و چینایەتی‌و دەستپێشخەری‌ی مارکسو ئەنگلزو پێش ئەوانیش ڕوناکبیرە ئیشتراکی‌یەکان، بەراستی وەك زەرورەتێك هاتەکایەوەو من بەبەشێك لەزانستی‌ی ئەو ڕۆژگارەی دادەنێمو وابزانم تەنانەت فەیلەسووفەکانی سەرمایەدارییش دانیان بەوە دانا کە جێگرە بۆ فەلسەفەی سەرمایەداری کە لەو پلەیەدا گەیشتبووە رادەی پێشکەوتنی خۆی. لەبەر ئەوە بەلای منەوە ئەو فیکرە بە فیکرێکی میسالی دانانێم هاتو کۆتایی بێ. فیکرێکە وەك زانستی‌یەك..وەك زانستی‌ی مێژوو. لەم بۆچوونەوە ئەو ۆزرانبازی‌یەی لەو ماوەیەدا روویدا، واقیعی سەپاندنی..واقیعی نێوان سەرمایەداری‌و چینێکی تازە کە پەیدا بوو..چینی کرێکاران لە ئە[illegible]روپا، لەبەر ئەوەی پێشکەوتنی پیشەسازی گەیشتبووە رادەیەك کە سە[illegible]مایەداری دوای رژێمی دەرەبەگایەتی بە زۆر درووشمو بەفەلسەفەیەکی [illegible]وە هات. بەلام لەجێبەجێ کردندا دەرکەوت ئەو ئیدیعایانە پێویستی‌یەکان بەدی ناهێنن. لەبەر ئەوە فیکرو فەلسەفەیەکی تازە پەیدا بوو کە هیواو ئاواتی رەهابوو زیاتر خزمەتی چینی کریکارو زەحمەتکێشی گەلان بکا..فیکرێکی پێسکەوتوو کە مرۆڤایەتی بباتە پێشەوە بۆیە من قەناعەتم هەیە کە ئەو فیکرو فەلسەفەیە بەشێکە لە زانستی‌و زەرورەتی هەبوو. لەسەرەتاشدا کە بلاوبووەوە، فەلسەفەی سەرمایەداری زۆر هەوڵی‌دا ڕێگای لێ بگرێ، بەسەرکوتکردن بێ یا بەدەمەتەقێ. هەوڵیان دا وا لەخەڵك بگەیەنن ئەم فەلسەفەیە تۆباوی‌یەو ژیان دروستی ناکا. ئەو فەلسەفەیە لە کۆمۆنەی پاریسدا چووە جێبەجی کردنەوە. ئینجا لە شۆڕشی ئوکتۆبەردا کە دەتوانم بڵێم کۆڕەکەمان بەندە بەبۆنەی (٧٦) ساڵەی سە رکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە.

لەڕووی سەلماندنی فیکری مارکسی‌یەوە لە ولاتێکدا بوو کەدوا کەوتووترین ولات بوو لە ئەوروپادا لەبواری ئابووریدا کە لەچاو بەریتانیا یا ئەلمانیا یا فەڕەنسادا زۆر دواکەوتوو. لەو رۆژگارەدا ئەوانە لەڕووی ئابووری‌یەوە بۆ شۆڕش کردن لەباربوون، چونکە ئەو فیکرە بەندە بەچینی

کرێکارەوە. بەڵام ئەو ئەڵقە لاوازە لایەنی چاکو لایەنی خەراپیشی هەبوو. چاکەکەی لەوەدا بوو کە سەرمایەداری لەڕووسیادا وەك چینێك نەبووبووە سەروەر. پاشماوەی دەرەبەگایەتی مابوو. ئابووریەکی نیمچە دارماو، بەتایبەتی کە ڕووسیا بووە لایەن لەجەنگی جیهانی یەکەمدا. ئەو ئەڵقە لاوازە لەبار بوو بۆ هەڵگرانی فیکری مارکسی وای بۆ بچن کە دەشێ شۆڕشی ئیشتراکی لەوڵاتێکی دواکەوتوودا بکرێو بەوە پلەیەکی تازە بۆ مرۆڤایەتی رووی‌دا. رژێمی سەرمایەداریو فەلسەفەو فیکری سەرمایەداری کەوتنە پیلانگێڕان بۆ تێکشکاندنی تاقیکردنەوەکە بەئابلۆوقەدانو بەجەنگی ناوەخۆ. بەڵام بەپشتگیریی گەلانی یەکێتی سۆڤێت تاقیکردنەوەکە سەرکەوتو بەردەوام بوو. کەچی بەداخەوە لەجێبەجێ کردندا فیکری مارکسی لەدوو لایەنەوە شێوێنرا. یەکەم بە (جمودی عقائدی) بێ ئەوەی حساب بکرێ بۆ وڵاتێکی دواکەوتووی وەك سۆڤێت. مارکس کە ئەڵەمانی بوو زیاتر فەلسەفەکەی لە ئینگلترا داناو لەسەر بنچینەی وڵاتێکی پێشکەوتوو داینا..لەسەر بنچینەی تەکنۆلۆجیاو پێشکەوتنی کۆمەڵگا. لەکاتێکدا سۆڤێت لەڕووی ئابووریو کۆمەڵایەتی‌یەوە دواکەوتوو بوو. ئەوەشی زیاتر شێواندی ئەوەبوو کە سەرکردایەتی‌ی دوای لینین شێواندنێکی زۆر گەورەیان لەو فیکرەدا کردو وەك زانست تەماشایان نەکرد کە دەتوانم بڵێم ئەوە زۆر بەزەرەر گەڕایەوە لەسەر یەکێتی‌ی سۆڤێتو ئەورووپای رۆژهەڵاتو لەسەر مرۆڤایەتیش.

من دەتوانم بڵێم ئەو شتانەی لەفیکری مارکسی‌یەتدا لەساڵی ١٨٤٨ دا باس کران، دەبوو دوای شەست حەفتا ساڵ پێداچوونەوەیان تێدابکرایە، چونکە ژیان ڕاناوەستێو بەردەوامەو زۆر شت دەداتە دواوەو زۆر شتیش دەسەلمێنێ. لەجێبەجێ کردندا دەردەکەوێ کە ئەوەی وتراوە ڕاست نی‌یە. ڕەنگە لەکۆمەڵگایەکدا ڕاست بێ، بەڵام لەیەکێکی تردا ڕاست نەبێ، وەك چۆن دیمان لە زانستیو تیۆری‌ی (نسبی) دا یان لەفەلەکدا دوای پەنجا ساڵ سەد ساڵ پێدا دەچنەوە کە هەڵەبووە. لەوەختی خۆیدا هەر ئەوە لەتوانادا بووە. ئینجا لەبەر ئەوە زۆر شت هەبوو لەفیکری مارکسیدا دەبوو وەك ڕواڵەت وەرنەگیرایە. یەکێ لەوانە بەڕای من مەسەلەی دیکتاتۆرێتی پرۆلیتاریایە کەلەوەختی خۆیدا لەسەر تاقیکردنەوەی کۆمۆنەی پاریس دانرا، مەرج نەبوو لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر یا دوای جەنگی جیهانی‌ی دووەم کە زۆر شت گۆڕدرا فەرز بکرێ کە دیکتاتۆرێتی پرۆلیتریا کرا بەدیکتاتۆرێتی حیزبو لەمەوە بۆ دیکتاتۆرێتی پێشەوا. یەکێ لەو شتانە دەبوو پێدا چوونەوە لەمەرکەزی‌یەتی دیموکراتی بکرایە کە بەشێ بوو لە لینینی‌یەت بەتایبەت کە شێوێنراو نەگونجێنرا لەگەڵ واقیعی حیزبو کۆمەڵ. لەبەر ئەوە گەیشتە

حالەتێ کە مەرکەزی‌یەتی دیموکراتی لەحیزبدا بووە مەکەزی‌یەت بەتایبەتی لەسەردەمی ستالین‌و لەناو کۆمەڵیشدا بووە دیکتاتۆرێتیکی ئەوتۆ کە ئەئازادی هەبێ لەناو وڵاتداو ئەدیموکراتی‌یەت. ئەو رژێمە لەکاتێکدا شتی باشی پێشکەش بە میللەتەکە دەکرد، ئەو ئەقڵی‌یەتەو ئەو شێواندنە لە فیکری مارکسی‌یەتدا بووە هۆی پەیدا بوونی جیاوازی‌ی گەورە لەنێوان ئیدیعاکردن‌و جێبەجێ کردنداو ئەوانەی حوکمیان بەدەست بوو لەیەکێتی سۆڤێت‌و لەئەورووپای رۆژهەلات، زۆر شێواندنیان لەڕووی ئابووری‌لەبینای ئیشتراکی‌یەتدا کرد، بەتایبەتی هەوڵیان دەدا خۆیان تەوجیهی یاسا ئابووری‌یەکان بکەن. بەڵام ژیان زۆر لەوە گەورەترە کە مرۆڤ بتوانێ بەرامبەر رەورەوەی پێشکەوتن بوەستێ. دیمان کە بایەخدان بە بەتەکنەلۆجیاو ژیانی رۆژانەی خەڵکی ئەو وڵاتانە کەم بوو. بەملیارەها رۆبل سەرف دەکرا بۆ ساروخێك. لەکاتێکدا لەو وڵاتە زۆر پێویستی‌ی ژیان دابین نەبووبوو.

یەکێ لەو شتەگەورانەی سەرمایەداری دوای جەنگی جیهانی‌ی دووەم، سیاسەتی جەنگی ساردی سەپاند. بەراستی ئەو وڵاتانەی راکێشابوو بۆ خۆ پڕچەککردن. دەوڵەتەکانی سەرمایەداری توانایەکی باشیان هەبوو. کارتێلی زۆریان هەبوو کە سەرمایەیان لەوڵاتانی تردا دەخستەگەڕو دەیانتوانی پارە بۆ خۆ پڕچەککردن سەرف بکەن. لەکاتێکدا یەکێتی سۆڤێت‌و ئەورووپای رۆژهەلات پارەیان لەسەر حیسابی ئابووری‌و بینای ئابووری‌و تەنانەت لەسەر حیسابی ژیانی میللەتەکەیان سەرف دەکرد. لەو زۆرانبازی‌یەدا توانی‌یان یەکێتی‌ی سۆڤێت‌و ئەورووپای ڕۆژهەلات بۆ پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن رابکێشن، بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن‌و بەئاگابن کە چەند میللەتیان لێ ڕازی‌یە و چەند دیمەکراتی‌یەت لەوڵاتەکەیاندا هەیە.

دەتوانم بڵێم دەبوو لەهەندێ شتی فیکری مارکسی‌دا پێداچوونەوە بکرایەو بە (جمودی عەقائدی) تەماشانەکرانایەو ژیان قوتابخانەیەکی چاکەو دەبوو سوودی لێ وەربگیرایە. لەجێبەجێکردندا شێواندن زۆرکرا. لەو وڵاتانەدا هەموو شتگران بوو تەنیا ئینسان نەبێ، بەپێچەوانەی قسەکەی مارکسەوە کە دەڵێ ئینسان بەنرخترین سەرمایەیە. لە ئەورووپای خۆرهەلات‌و یەکێتی‌ی سۆڤێت هەرزانترین شت مرۆڤ بوو، بەتایبەت ئەولایەنەی بە ندە بەدیموکراتی‌یەت‌و مافی مرۆڤەوە. ئینجا رژێمە سەرمایەداری‌یەکە دەوری تێکدەرانەی هەبوو لەپاڵ کەلەبەرەکاندا لەمەسەلەکانی جێبەجێکردن‌و فیکردا.

بەهەر حاڵ رووخانی یەکێتی‌ی سۆڤێت یا ئەورووپای ڕۆژهەلات نیشانەی

ژێرکەوتنی فیکری مارکسی نی‌یەو وا ناگەیەنێ کە ئیشتراکی‌یەت هەڵەیەو راست نی‌یە. بەپێچەوانەوە، سەرمایەداری سەرەڕای گشت سەرکەوتنەکانی لەهەندێ بوارەکانی ئابووری‌و دیموکراتی‌یەتدا، ناتوانێ گرفتەکانی کۆمەڵگای خۆی چارەسەر بکا. رەنگە بۆ ماوەیەك سوود لەم پلەیەی ئیشتراکی‌یەتو مارکسی‌یەت وربگرێ. بەڵام بۆ پلەیەکی تر ناکۆکی ماوە. زۆرانبازی‌ی چینایەتی ماوەو فیکری مارکسیش لەسەر ئەوبنچینەیە بیناکراوە. لەبەر ئەوە ئێمەی مارکسی‌یە کوردستانی‌یەکان، ئیشتراکی‌یەکان، چەپەکان، پێویستە بە قووڵی لەم لایەنە بکۆڵینەوەو بەهەڵەکانماندا بچینەوە. یەکێ لەوانە کەبەزەقی دەیلێم کۆپی‌کردنی تاقیکردنەوەیە لە وڵاتانی ترەوە بۆ وڵاتێکی وەك کوردستانی ئێمە کە تایبەتمەندی خۆی هەیەو لەوڵاتانی دواکەوتوەو لەپلەی رزگاری‌ی نیشتمانیدا دەژی. یەکێ لەهەڵەکانی شیوعی‌یەکانی ناوچەکەمان ئەوە بووە هاتن بەکوێرانە بەکۆپی کردن ئەزموونی سۆڤێتو ئەوروپای رۆژهەڵاتیان بەبێ حیساب کردن بۆ تایبەتمەندێتیمان سەپاند بەسەر کۆمەڵگاکەماندا. ئینجا ئایا دەبێ ئێمە ئەزموونی سەرمایەداری لەوڵاتەکەماندا کۆپی بکەین بەتایبەتی ئابووری‌ی ئازاد کە لەزۆر وڵاتدا سەرنەکەوتووە؟!. هەروەها هەوڵێکی تر هەیە بۆ کۆپی کردنی سۆشیال دیموکرات. من لەگەڵ رێزمدا کەئەزموونی سۆشیال دیموکرات بەئەزموونێکی سۆسیالیزم دەزانمو لەسنووری چەپدایە. دەبێ سوود وەربگرین لەلایەنە باشەکانی ئەو وڵاتانەی کردوویانەو خراپەکەی وەرنەگرینو نەکەوینە هەڵەی کۆپی کردنەوە. دەبێ ئێمە تایبەتمەندی‌ی خۆمانو ناوچەکە بەباشی شی بکەینەوەو سوود لەفیکری مارکسی‌و لە فیکری سۆشیال دیموکرات، ئەوەی خزمەتی ئێمە دەکا وەربگرینو تەنانەت لەسەرمایەداریش، بەتایبەتی ئەوەی بەندە بە دیموکراتی‌یەتو مافی مرۆڤەوە...زۆر سوپاس.

حسین : ئێستا دێمە سەر فیکرو فەلسەفەکە وەك تیوری‌و رێنیشاندەرو دەپرسم: ئایا لەبنەڕەتەوە کەلێنی وەهای تێدابووە بەرەو ئەم هەڵدێرەی ببا؟!..ئێمە دەزانین کە فیکرو فەلسەفەکە لەسەر دوو کۆڵەکەی تیوری راوەستاوە کەمەتەریالیزمی دیالەکتیکی‌و مەتەریالیزمی مێژوویین. جا من دەپرسم کە ئایا دەبێ کەلێنو کەلەبەرێکی وەها لەم دوو تیوری‌یەدا هەبووبن کە بووبنە یەکێ لەهۆیەکانی ئەو بەسەرهاتەی قەوما؟!.

صلاح : بۆ لێکۆڵینەوە لەهەر دیاردەیەکی سیاسی‌و کومەڵایەتی‌و ئابووری‌و ...هتد، دەبێ لەزەمینەی ئەو دیاردەیە تەواو ئاشنا ببین. بۆ لێکۆڵینەوە لە فیکری مارکسی یا مارکسیزم، پێویستە لەسەرجەم دانراوەکانی‌و سەرجەم زەمینەو کاتو مێژووی ژیانی مارکس بکۆڵینەوە تانەکەوینە هەڵەوە. لە لێکۆڵینەوەی هەر زانستێکدا، پێویستە لە بڕیارداندا

وردبین‌و بڕیاری سەرپێیی نەدەین. مارکسیزم زادەی بیری داهێنەرانەی مارکسە کە توانیوێتی سەرچاوە لەسەرجەم بیری مرۆڤایەتی‌ی پێش خۆی وەربگرێ‌و زۆر بەزیرەکانەو وردبینانە، لەواقیعەکەی دەوروبەری خۆی بکۆڵێتەوەو دوای چەندان لێکۆڵینەوە، بگاتە ئەو ئەنجامەی بیانکا بە یاساو زانستێکی سەربەخۆ.

مارکسیزم شتێ نی‌یە ئنجیل یا قورئان بێ لە ئاسمان هاتبێتە خوارەوەو دەقاودەق وەک ئەوەی هاتووە، لەژیانی ڕۆژانەماندا جێبەجێی بکەین.

مارکسیزم زانستێکی سەربەخۆیە باوەڕی بە گۆڕان هەیەو لەسەر بنەمای دیالەکتیکی گۆڕان دامەزراوە. واتە دەکرێ مارکسیزم هەمیشە بەرەو پێش بچێ، چونکە فەلسەفەیەک نی‌یە گەیشتبێتە ئەو پەڕی کەمال، بەڵکو زانستێکە ئەگەر بۆ سەردەمی ئەمڕۆمان لێ بکۆڵرێتەوە، ڕەنگە کەموکورتی تێدا هەبێ. جا دەکرێ مارکسیزم وەک ڕێبازێک، وەک میتۆدێک لە ژیانی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئابووری خۆماندا سوودی لێ وەربگرین.

من کە دەڵێم فەلسەفەیەک نی‌یە لەو پەڕی کەمالدا بێ..بۆ نموونە ئەگەر سەیر بکەین کاتێ یاساناسەکانی ئەڵمانیای دیموکراتی ویستیان یاسایەک بۆ ئەڵمانیای سۆشیـ ـتی دابنێن، سەیریان کرد مارکسیزم لەڕووی یاساوە..لەڕووی مەسەلەکانی یاسادانانەوە لاوازە..نەیانتوانی بۆ ژیانی کۆمەڵگایەک یاسا لەمارکسیزمدا بدۆزنەوە. بۆیە سوودیان لە زۆر فەلسەفەو سەرچاوەی‌تر وەرگرت بۆ داڕشتنی یاساکە.

جا مارکسیزم زانستێکە بۆ وڵاتێکی پێشکەوتوو کە بنەمایەکی تەکنیکی‌ی تێدا هەبێ‌و چینی کرێکار هۆشیاری‌یەکی بەرزی لەو وڵاتە هەبێ‌و پارتێکی کرێکاران بێت‌و پیادەی مارکسیزم بکا. پاشان مارکس خۆی لەگەڵ ئەوەدا بوو کە شۆڕشی سۆسیالیستی لە وڵاتی سەرمایەداری‌ی بەتین لە ڕووی پیشەسازی‌یەوە بەرپا بکرێ، نەک لە وڵاتێکی پاشکەوتووی کشتوکاڵی کە ئاکامەکەی بەم وەزعە گەیشت.

ئێمە دەبێ دوو شت لەیەک جودا بکەینەوە. کە دێین دیراسەی مارکسیزم یا دیراسەی لینینیزم دەکەین، دووشتی جیاوازن. لینینیزم شتێکەو مارکسیزم وەک زانست شتێکی سەربەخۆیە. بەڕای من مارکسیزم وەک میتۆدێک..وەک زانستێک بۆ چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتی‌یەکان‌و کێشە ئابووری‌یەکان، دەتوانرێ سوودی لێوەربگیرێ. سەرنەکەوتنی ئەزموونی

سۆشیالیزمی کە بەناوی سۆشیالیزمی لە ولاتی سۆڤێتدا ناوی دەبەین، مانای ئەوە نییە کە مارکسیزم شتێکی راست نەبوو. بەڵکوو مارکسیزم وەك زانستێك هەموو کات لەگۆڕاندایەو دەبێ دەوڵەمەند بکرێ، چونکە کەموکورتی تێدایەو زۆر سوپاس.

هادی: مایەی خۆشحالیمە بەشداری بکەم لەگەڵ ئێوەی بەرێزدا لەم کۆڕەدا. خۆزگە کۆڕەکەمان شێوەیەکی فراوانتری دەبوو..تەنیا لەسەر بنچینەی حیزبایەتی نەبوایەو کەسانی دەرەوەی حیزبەکان بەشدارییان تێدا بکردایە.

ئەو پرسیارەی هاورێ کردی کێشەیەکی زۆر ناسکە وەك میحوەری کۆڕەکەمان، چونکە پەیوەندیی بەمەسەلەیەکی فیکرییەوە هەیە...پەیوەندیی فیکر بە واقیعەوەو پەیوەندیی تیوری بە پراکتیکەوە کە یەکێکە لەو مەسەلە گرنگانەی مارکسییەت خستۆێتییە بەر باسو لێکۆڵینەوەوە. بەلام پێش ئەو گۆڕانکارییانەی لە یەکێتیی سۆڤێتی جارانو ولاتە سۆسیالیستەکاندا روویدا، ئەگەر باس لەوە بکرایە کە کێشەیەك لەسۆسیالیزمدا هەیە، کارێکی خەتەرناكو قەدەغە بوو. چونکە دەووترا کە رژێمێکی سۆسیالیزمی هەیەو زۆر ئاساییەو تەواوەو گەیشتۆتە کامڵ بوون. تەنانەت لەکاتی لێکۆڵینەوەی فەلسەفەکەدا، باسی ململانێی (تناحری) و (غیر تناحری)مان دەکردو دەمانووت ئەو ململانێیەی لەناو سۆسیالیزمدا هەیە، ململانێی (لاتناحری)یەو نابێتە هۆی تێکدانی. بەلام ئەوەی لەواقیعدا لەناو خودی سۆسیالیزمیدا هەبوو ململانێیەکی (تناحری) بوو هەتا بووە هۆی تەقینەوەو هەڵتەکاندنی ئەزموونەکە. بێگومان لەهیچ حالەتێکدا بەپێی بنەماکانی مارکسیزم کە فەلسەفەیەکی دیالەکتیکیو مێژووییە، فیکر لەواقیع جیاناکرێتەوەو (نظریە) لە (تطبیق) جیاناکرێتەوە. هەر تیورییەك راستگۆیی خۆی لە پراکتیکدا رەنگ پێدەداتەوە کە هەتا چەند لەگەڵ ئەو واقیعەدا دەگونجێ. بۆیە کە باسی واقیعو پراکتیکەکە دەکەین، بێگومان ناچار دەبین کەئیشارەت بەو ئەزموونو نموونەیە بدەین کەدیاری کرانو بریتییە لە ئەزموونی سۆشیالیزمی.

بەکورتی دەڵێم: ئایا هۆیەکانی داڕووخانی چی بوو؟!. ئەوە لایەنێکی پراکتیك دەگرێتەوەو لایەنێکی فیکر. بۆ نموونە ئەگەر بە خێرایی سەیری ئەو وەزعە بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە لەفیکرو پراکتیکدا بۆچوونێکی هەڵە هەبوو لەبارەی ئابووریو موڵکیەتو پەیوەندییەکانی موڵکییەتەوە. ئەوەبوو (تأمیم) بووە شێوەیەکی هەڵەی مەرجەکانی موڵکیەت. ئەمیش بنچینەیەکی

فیکریی هەیە کە گوایە موڵکیەتی دەوڵەت یەکسانە بەموڵکیەتی گەل. لەکاتێکدا میکانیزمی هێزەکانی بەرهەمهێنانو پەیوەندیی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکانو پەیوەندیی‌یەکانی میکانیزمی بازاڕ لەبەرچاو نەگیرابوونو ئەمە وای کرد ئەو بارە ئابووریی‌یە شکستی بێنێ. بێگومان ئەو بارە لەپێشدا بنچینەیەکی فیکریی هەیە، واتە بۆچوونێك لەپەیوەندیی‌یەکانی موڵکایەتیدا کەلەجێ‌بەجی کردندا لەپێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا رەنگ دەداتەوە. ململانێی سۆشیالیزمی لەگەڵ سەرمایەداریدا بەبۆچوونی من ئەوەیە کام لەو دوو رژێمە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بەدی دێنێ..کام سیستمی کۆمەڵایەتی خۆشگوزەرانی دابین دەکا. کاتێ سۆشیالیزمی ناتوانێ پێشکەوتنی کومەڵایەتی بێنێتە دیو خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی مسۆگەر بکا، ناتوانێ شان بدا لەشانی سەرمایەداریو ببێتە سیستمێکی پێچەوانەی سەرمایەداری وەك ئەوەی مارکس دەیویست.

یەکێ لە خاڵەکانی‌تر پێشێلکردنی دیموکراتی‌یەتە کە ئەمەش وای کرد نامۆیی لەنێوان بەرهەم هێنەرو خاوەنی رێوشوێنی بەرهەم هێنان دروست ببێ.واتە پەیوەندیی‌یەکە نادیموکراسی بوو. جابەهۆی زاڵکردنی دیموکراتی‌یەتی کۆمەڵایەتی بەسەر دیموکراتی‌یەتی سیاسیدا، نەکۆمەڵایەتی‌یەکە جێ‌بەجی‌کراو سیاسی‌یەکەش پێشێل کرا. خاڵێکی تریش ئەوەیە بۆچوونێکی تەواو بۆمەسەلەی نەتەوایەتی‌و چارەسەری لەپراکتیکدا نەبوو. هیچ پێداچوونەوەیەك بەو بنەمایانەدا نەکرا کە بۆ کێشەکە دیاری کرابوونو ئایا وەك دەقێکی سۆشیالیزمی پێشکەش کراون یاخود لەبۆچوونێکی مارکسیانەوە بەرنامە وەردەگرین؟!. دەبێ ئەو بەرنامەیەمان لەبەرچاو بێو بزانین مێژووی ئەو مەسەلەیە چی‌یەو چۆنە، نەك بەشێوەیەکی ئامادەکراو بۆ چارەسەرکردنی. جگە لەوە دوورکەوتنەوە لە دەوری هۆیە رۆحی‌یەکان لەژیانی مرۆڤدا. بۆیە تێکڕای هۆیە سەرەکی‌یەکە ئەوەیە کەبۆچوونێکی هەڵە بۆ تێڕوانینی مارکسیزم هەبوو. تەماشای مارکسیزم وەك بەرنامەیەکی دیالەکتیکی کە لەگەڵ پێشکەوتنی زانستدا پێش دەکەوێ نەکرا، بەڵکوو واتەماشا کرا کەجێگرەوەی هەموو زانستەکانی ترە. لەکاتێکدا دەبوو وەها سەیر بکرێ کەوەك هەر دیاردەیەکی فیکری، لەنەشونماو پێشکەوتندا دەبێو بەپێی دەستکەوتەکانی زانستو شارستانی‌یەت بەرەو پێش دەڕوا. هەروەها ئەو یاسایەی بەسەردا دەچەسپێ کەمارکسی‌یەت خۆی دۆزیویەتەوە. یاسا شتێکی نیسبی‌یەو مارکسیزمیش وەك هەر شتێکی تر فیکرێکی نیسبی‌یەو فیکرێکی مێژوویی‌یە، چونکە مێژووی هەیە لە سەرهەڵداناو گۆڕانکاریی بەسەردا دێ. نابێ وەها تەماشا بکرێ کەنموونەیەکەو دەبێ جێ‌بەجی بکرێ، بەڵکوو ئامرازێکی زانیاری بێ بۆ تێگەیشتنی واقیع. هەروەها بەرنامەکە دەبێ لەسەر بینچینەی واقیع بێ.

بەم پێیە ئەوەی ڕووی دا ئەوە بوو کە ئەو ئەزموونەی پێی دەوترا سۆشیالیزمی هەرەسی هێنا. بێگومان ئێمە ناتوانین بڵێین ئەوە بەکوودەتاو بە دەستێوەردانی ئیمپریالیزمو بە پیلانگێڕان بوو. ئەوە سادەیی‌یە لە لێکدانەوەدا. بەڵکوو لایەنێکی فیکریو تیوریی تێدایەو لایەنێکیش پراکتیکیو پەیوەندیش هەیە لەنێوان هەردووکدا. لێرەدا ئەگەر تەماشای مارکسی‌یەت وەك بەرنامەو وەك کومەڵێ تیوری بکەین، پێمان وایە ئەو گۆڕانکاری‌یەی تیایاندا ڕوودەدا گۆڕانکاری‌یەکی نیسبی‌یە. گۆڕانکاری ڕوو دەدا. بەڵام کۆمەڵێ تیوری لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ. ئەو تیوری‌یانە نابێ بە (جمود) تەماشا بکرێن وەك تیوریی دکتاتۆرێتی پرۆلیتاریا یا بەدیهێنانی ئیشتراکی‌یەت لەیەك وڵاتداو کۆمەڵێك تیوری ترو لەگەڵیاندا تیوری‌یەکانی لینین کە بەشێکە لەمارکسی‌یەت. من پێم وایە ئەم تیوری‌یە تایبەتی‌یانە بەپێی پێویستی ژیان توانای گۆڕانکاری‌یان زۆرترە. بەڵام ئێمە بەپێی ئەو (ممارسە) یەی کەهەبوو..بەپێی ئەو لەقاڵبدانو سەپاندنەی فیکر کە هەبوو وەك بەرهەمی دەستەیەك یا حیزبێك، وای کرد ئەو تیوری‌یە بەرەو دۆگما بباو وای کرد لەرێبازی ژیان دوا بکەوێ.

حسین: کاك هادی لایدایە سەر لایەنی پراکتیك کە وەك خۆیشی وتی، لەتیوری جیا ناکرێتەوە. لێرەدا بەپێی تێگەیشتنی خۆم، حەز دەکەم کەلەلایەنی پراکتیك دەدوێین، برادەران لەچوار مەسەلە ئاگادار بکەم: یەکەم حیزب. دووەم دەوڵەت. سێیەم بنیادنانی ئیشتراکی‌یەت. چوارەم کێشەی نەتەوایەتی کە کاك هادی ئیشارەتی پێدا. جا تکام وایە لەکاتی لێدواندا ئەو چوار مەسەلەیە لەبەر چاو بگرن.

کاوە: سوپاس بۆ ئەم دەستپێشخەری‌یە کە دەبوو فراوانتر بوایە. تاقیکردنەوەی سۆشیالیزمی کە لە سۆڤێتو ئەوروپای ڕۆژهەڵات ڕووخا، لەهەردوو ڕووی تیوریو پراکتیکی‌یەوە لەلاین مارکسی‌یەکانەوە مشتومڕی زۆر لەسەر کرا. هەندێ پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کەلەبنچینەدا لە ڕووی تیوری‌یەوە هەڵەبووە. بەڵام من زیاتر دەیگێڕمەوە بۆ لایەنی پراکتیکی. هەر لەسەردەمی ستالینەوە بەداخەوە نەك شێوەی فیکری مارکسی پیادەکرا، بەڵکوو بیرکردنەوەیەکی نوێی لاهووتی‌یەت هاتە گۆڕێ. فیکری ستالینی هەڵگەڕانەوە بوو لە مارکسی‌یەت لەڕووی پراکتیكو لەهەندێ ڕووی تیوری‌یەوە. ئەگەر چی ئەزموونی ستالینی لەتەتبیقدا لایەنی چاکەی هەبوو (ایجابیات). بەڵام لایەنی خراپەی (سلبیات) ئەوە بوو بزوتنەوەی سۆشیالیزمی بەو ئەنجامە گەیاند. بەڵام مانای ئەوە نی‌یە لەڕووی تیوری‌یەوە

پێداچوونەوە نەکرێ. زۆر شت هەیە پیر بووەو کەڵکی نەماوەو دەبێ وەلاوە بنرێو زۆر شتی دیکەش دەبێ جێبەجی بکرێ. یەکێ لەو شتانەی کەلەرووی تیوری‌یەوە ژیان تەزکیەی نەکرد، تیوری ئیمپریالیزم بوو کە تا ئێستا بەردەوامەو ئەوەی لینین گرەو ی لەسەر کرد وەها دەرنەچوو.

ستالینیزم جێبەجێ کردنی فیکری سۆشیالیزمی نەبوو، بەڵکو وەك وتم هەڵگەڕانەوە بوو لە فیکری سۆشیالیزمی. من مارکسیزم وا دەبینم کە فیکرو زانستێکی زیندووەو لەگۆڕاندایەو دەبێ بەرەو باشترو بالاتر بچێ.

بەلام ئەوەی لە ستالین دیتمان ئەو شتی (تقدیس) دەکردو وەکوو لاهووتی‌یەت تەماشای شتەکانی دەکرد. یا لەبینای ئیشتراکی‌یەتدا زۆر شتی لادا. دەتوانین بەکورتی بڵێین مەسەلەی حیزب لەڕووی تیوری‌یەوە پێویستی بە پێداچوونەوەو لێکۆڵینەوە هەیە. ئەوە ئەما بووترێ حیزبی پێشەنگ دەتوانێ دەوری چینی کرێکار ببینێ، چونکە لە لینینی‌یەتدا ئەوە نەبووە. ئەوڕۆ دەتوانرێ دەوری پێشەنگی بدرێتە چینی کرێکاران، ئەویش بەفرە مەنبەریو فرە رێبازی‌یەوە، بەلام هەمووی بە ئیلتزام بە بەرنامەی مارکسیزمیو سۆشیالیزمی‌یەوە.

ئینجا دەوڵەت دەوڵەتی چینی کرێکار بێ نەك دەوڵەتی حیزب بێ. چینی کرێکاریش لەڕووی بۆچووونی‌یەوە بۆ مارکسیزم یەك بۆچوون نەبێ، بەڵکوو چەند بۆ چوونی‌بێو لەململانێ‌یەکی سیاسیدا بنو زۆر ئاسایی‌یە بەهەڵبژاردن هەڵبژێردرێ، بەپێی هێزی خۆی لەناو جەماوەردا بێتە گۆڕێ. هەروەها بینای ئیشتراکی‌یەتیش لەسەر ئەو بناغەیە بێ کە چینی کرێکار دروستی بکا نەك حیزبێك. یەکێ لە هۆیەکانی رووخان ئەوە بوو نەتوانرا پەیوەندی نێوان ئومەمی‌یەتو نەتەوایەتی چارەسەر بکرێ، بەڵکوو شۆڤێنێتی نەتەوەی سەردەست بەسەر نەتەوەکانی بندەستدا زاڵ کراو بووە هۆی دروستکردنی ئەشکەنجە لەلایان.

ئەرسەلان: وەك مەسەلەیەکی تیوری یا فیکری، دیارە هەتا مەسەلەی هەژارو زەنگینو خاوەن کارگەو کرێکار هەبن، ئەو ململانێ‌یە بەردەوام دەبێو بەردەوام بووە. هەتا قازانج بەهۆی میلاکیو ماندوێتی کرێکارانەوە بچێتە گیرفانی سەرمایەدارانەوە، بێگومان ئەو ململانێ‌یە هەر دەبێو مارکسیش لەسەر ئەو بنچینەیە، پشتیوانی‌ی لەخەڵکە کرێکارو هەژارەکە کردووە. ساهەتا ئەو ڕۆژەی ئەو چینانە دەمێنن، مارکسی‌یەت وەکوو مەسەلەیەکی زانستی زیندووە. بەلام کە جاران دەووترا مارکسی‌یەت زانستی‌ی زانستەکانە (علم

هەواڵنامەی کتێب

العلوم)، ئەمە پێداچوونەوەی دەوێ، چونکە بەڕاستی (علم العلوم) نییە. هەندێ جاروەکوو مەزەب تەماشامان دەکرد وەکوو ئایەتێکی قورئانی..یا وەکوو دینی ئیسلامی چۆنە وا سەیرمان دەکرد.

لای ئێمە وەك وڵاتێکی دواکەوتوو..لەوڵاتانی رۆژهەڵاتو لە سۆڤێت خۆشیدا، کە وتەیەکی مارکسیمان دەهێنایەوە، دەبوو کتومت پیادەی بکەین. مارکسی‌یەت خۆی لەسەر ئەو بنچینەیە دامەزراوە کە لەگەڵ پێشکەوتنی زانستەکان نوێ ببێتەوە. بەداخەوە نوێ نەکرایەوە. بەڕاستی ئەو کەلەبەرەش لەسەردەمی لینینەوە هاتووە. مەسەلەی ستالینی‌یەت زەمینە خۆشکەرەکەی سەردەمی لینین بووە. چونکە لینین خۆی تەفسیری ئەوە دەکاو دەڵێ کەدکتاتۆرێتی پرۆلیتاریا یەعنی دیکتاتۆرێتی حیزبو یەعنی دیکتاتۆرێتی مەکتەبی سیاسیو یەعنی دیکتاتۆرێتی سکرتێر. هەر ئەوەش زەمینەی خۆش کرد بۆ ستالین. لینین وەك ئەوەی تەمەنی کورت بوو، بەڵام خێری دایەوە بۆ ستالینو ئەم ئەو مەسەلەیەی پیادەکرد.

من دووپاتی دەکەمەوە کە مارکسیزم فیکرو فەلسەفەیەکی زیندووە. بەڵام ئەگەر وەك زانست سەیر بکرێ دەبێ نوێ بکرێتەوە. بەداخەوە دوای لینین کەسێکی ئەوتۆ نەبوو جڵەوی شتەکان بگرێتە دەست بۆ ئەوەی مارکسی‌یەت نوێ بکاتەوە تا لەگەڵ گۆڕانکاری‌یەکانی دنیادا بێ. دیارە مەسەلەکانی تریش سەبەب بوو وەك راکێشان بۆ جەنگی ئەملیو لەو بابەتە.

یەکێ لەشتەکانی تر دابڕانی مارکسی‌یەتو دابڕانی دەوڵەتانی ئیشتراکی بوو لەگەڵ دنیا. کەسێك نەیدەتوانی بزانێ لەناو یەکێتی‌ی سۆڤێتدا چی هەیە. گەر بشچوویتایە ئەوێ، ئیرهابەکە..دیکتاتۆرێتی‌یەکە ئەوەندە بەهێز بوو، نەك هەر دیموکراتی‌یەتی نەهێشتبوو، بەڵکە کەس نەیدەتوانی بەدڵی خۆی قسە بکا. میللەتانیان دەچەوساندەوە..دەیانتواندنەوە..لەشوێنی سەدان ساڵەی خۆیان دەیانگواستنەوە. لەوانە مەسەلەی کورد. ئێمە لەدوای ئەوەی چەندین خەڵك لەکوردستانی عێراق چوونەتە سۆڤێت، کە دەهاتنەوە یا نەیاندەزانی یا ئەوەندە کوێرانە باسی مارکسیەتیان چوو بوو بەمێشکداو چووبوو بەمێشکی هەموومانیشدا، باس نەدەکرا کە کورد ئەوەندە مەغدوورو ئەوەندە چەوساوەیە..ئەوەندە هەوڵی تواندنەوەی دراوە.

حیزب لەوێ بووبوو بە شتێکی دینی. کۆمۆنیستی وەك دینێکی لێهاتبوو. کتێبەکانی مارکسو ئەنگلسو لینین بووبوونە کتێبە پیرۆزەکانی

لە بابەتی ئایینی‌یەکانو وەك مەسەلەی دینی مامەلە دەکران. بۆیە تووشی (جمودی عقائدی) بوونو ئەوەی وای لیّکردن تووشی ئەو بەسەرهاتە گەورەیە ببن. هەر بۆ نموونە ئەگەر مارکسی‌یەت پیّش هەموو شتیّ قەناعەتە، باشە چۆن دەبیّ مرۆڤ نەتوانیّ بەئارەزووی خۆی بڕواتە دەرەوە، یان نەهیّلْن کەس بیّتە ناو ولاّتەکەوە. ئەگەر سۆڤیّتی‌یەك بیویستایە بڕواتە دەرەوە، دیقی دەکرد هەتا ئیجازەیان دەدایە. ئەگەر رۆژنامە نووسیّك بچووایەتە ناوەوە هەزارو یەك (امن و استخبارات)ی لەگەلْدا دەبوو بۆ ئەوەی خەلْك بە ئارەزووی خۆیان قسە نەکەن..یا ئەوان رووداوەکان بەچاوی خۆیان نەبینن. ئەوانە بوونە هۆی ئەوەی مارکسی‌یەت بەداخەوە لەو ولاّتانەدا وشك بکا. بەلاّم ئەوەش کاتی‌یەو مارکسی‌یەت وەك مەسەلەیەکی زانستی هەر زیندووە. ئەگەر چی دەبیّ داهیّنانی تازەی بیّتە سەر.. پیّداچوونەوەی زانستی‌یانەی دەویّ لەسەر بنچینەی زانستی نەك مەزهەبی و دینی..سوپاس

عبدالخالق : حەز دەکەم لیّرەدا قسەیەکی تیّدا بکەم..ئەگەر بوار هەبیّ .

حسین : بیّگومان..فەرموو.

عبدالخالق : بەنیسبەت منەوە دەمەویّ (تاکید) بکەم کە بەراستی لەفیکریشدا دەلْیّن (خلل) هەبووە. ژیان سەلماندی کە هەندیّ لایەنی فیکریش کەلیّنی تیّدا هەبووەو هەندیّکیش ژیان داویّتی‌یە دواوە. لەبەر ئەوە من کەلیّنەکە تەنیا لە پراکتیکدا نابینم کە برادەران پیّیان لەسەر ئەو لایەنە داگرت، بەلْکوو لەهەندیّ لایەنی فیکریشدا دەبینم.

حسین : گەر لەیادت بیّ نموونە؟!.

عبدالخالق : یەکیّك لەو نموونانە بە قەناعەتی من، مەسەلەی دیکتاتۆریّتی پرۆلیتاریایە. یەکیّکی تر کیّشەی نەتەوەیی‌و دینی‌یە، یەکیّکی تر کە دەشیّ ئیشتراکی‌یەت بەبازدان بینا بکریّ بیّ ئەوەی بە پلەکانی ئاسایی‌ی خۆیدا بڕوا. یەکیّکی تر لەوانە کە دەبینم لەکومەلْگایەکی دواکەوتوودا کە هیّشتا ئەقلْی جووتیاری‌ی دیّهاتی‌ی تیّدا زالْەو تۆ بیّیت (تامیم) ی ئەرزی تیدا بکەیت..(تامیم)ی دووکان بکەیتو کەرتی گشتی (قطاع عام) بکەیتە گشت شتیّ لەژیاندا.

ئەرسەلان : دەکریّ پرسیاریّ بکەم کاك عبدالخالق؟ .

عبدالخالق : فەرموو.

ئەرسەلان : من پێم وایە لەمارکسی‌یەتەوە نەهاتوون، مارکس ئەمانەی نەوتووە.

عبدالخالق : راستە.

حسین : نانا..دیکتاتۆریّتی پرۆلیتاریا هی زەمانی ئەوە.

ئەرسەلان : ئەوەکانی تر دوای ئەون.

عبدالخالق : بەڵێ..مەسەلەی نەتەوایەتیش هی ئەو کاتەیە.

حسین : نەتەوایەتیش هی ڕۆژگاری ئەوە. تەنانەت ئەو مەسەلەیەیان زۆر بەتوندو تیژتر گرتبوو.

عبدالخالق : هەروەها یەکێ لەو شتانەی کە لەفیکرو لەپراکتیکدا کەلێنی زۆری تێدا بوو، مەسەلەی تاکە حیزبی‌و حیزبی پێشەوا بوو. بڕوایان بەفرە حیزبی نەبوو. بڕوایان بەدەستاو دەستکردنی دەسەڵات (تداول السلطە) نەبوو.

حسین : نموونە لە پراکتیکدا؟ .

عبدالخالق : لە پراکتیك‌و لەلایەنی فیکریشدا، تاکە حیزبی لەسەردەمی لینین‌و لەپێش ئەویشدا زەمینەی هەبوو، ئەوەی پەیوندی‌ی بەدیکتاتۆریّتی پرۆلیتاریاوە هەیە. یەکێکی تر لەو شتانە مەسەلەی دەوڵەتی ناوەندی‌یە. یەعنی ژیان زۆر لەوە فراوانترە کە ئەو ناوەندیتی‌یە (مرکزیە) لەدەوڵەتدا بەو شێوەیە بێ. هەروەها لەبیناکردنی ئیشتراکی‌یەتدا کەلێنی گەورە هەبوو لەنێوان قسەو نێوان کرداری دیموکراتی‌یانەو مافی مرۆڤدا.

من جارێکی تر دووباتی دەکەمەوە کە یەکێك لە گەورەترین کێشەکان وەك مارکس لە (بەیانی شیوعی) دا دەڵێ، ئەوەیە کە ئەو گەلەی گەلێکی تر بچەوسێنێتەوە ئازاد نی‌یە. بەلاّم لەپراکتیکدا ئەم وتەیە لەچارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتیدا شێوێنرا. ئەگەر چی لینین دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر توانی هەندێ لایەنی کێشەکە چارەسەر بکا. بەلاّم دوای ئەوە کێشەی

نەتەوایەتی کەوەك کێشەیەکی تر قابیلی گۆڕانو پێشکەوتنە، ئەویش شێوێنرا. ئینجا سەبارەت بەمەسەلەی دین کەلەلای من زۆر گرنگە، لە بواری تیوری‌و پراکتیکدا قەناعەت وابوو کە هەردوو کێشەی نەتەوایەتی‌و دینی نامێنن. بەلاّم ژیان ئەوەی نەسەلماند. دوای هەزاروچوار سەد ساڵ بەسەر ئیسلام و دووهەزار بەسەر مەسیحی‌یەتدا ئەو مەسەلەیە ژیاوەتەوە. ناڵێم ئەوە هۆی تایبەتی‌ی نی‌یە. بەلاّم مەسەلەی رۆحی لە کۆمەڵدا وا بەئاسانی بەلاوە نانرێ. دەبوو ئەو مەسەلەیە بایەخی پێ بدرێ.

من ئەوە دووپات دەکەمەوە کەوەك کاك ئەرسەلان وتی، مەسەلەی ململانێ‌و پێشبڕکێ بەردەوامە. ئەو شکستی‌یە کاتی‌یەو ئەوە نیشانەی ژێرکەوتنی مارکسی‌یەت‌و ئیشتراکی‌یەت نی‌یە.

حسین : کاك صلاح قسەت لەسەر ئەو چوار مەسەلەیە هەیە؟.

صلاح : بەڵێ..ئێمە دەزانین کە حیزب ئامرازەو ئامانج نی‌یە. بەلاّم لەولاّتی سۆڤێتدا حیزب بووبووە هەموو شت‌و رژایە ناو سادەترین‌و ناسکترین شوێن لەناو کۆمەڵدا. دەوڵەت لەولاّتی سۆڤێتدا دەوڵەتی ئایدۆلۆژیا بوو.. دەوڵەتی حیزب بوو. یەعنی حیزب‌و دەوڵەت دوو شتی لێکدابڕاو نەبوون بەقەدەر ئەوەی دەوڵەتێك بوو سەرکردایەتی سەرجەمی ژیانی ئەو خەڵکەی دەکرد. بۆ نموونە: رێکخراوە جەماوەری‌یەکان بەرێنمایی حیزب بەڕێوە دەچوون. هەروەها دامودەزگاکانی تریش‌و زانستی‌یەکانیش. یەعنی حیزب خۆی کوتابووە گشت کون‌و قوژبنی تاك‌و کۆمەڵی سۆڤێت.

دیموکراسی‌یەت لەژیانی حیزب‌و دەوڵەتدا بەرقەرار نەبوو، بەڵکوو جۆرە بیروکراتی‌یەتێکی حیزب‌و دەزگاکانی لەئارادا بوو.

پیادە کردنی مەرکەزی‌یەتی دیموکراتی، یەکێ بوو لەو مەسەلانەی کە بەتەواوی حیزبی لەسەرجەم گۆڕانکاری‌یەکانی رۆحی‌و کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری‌ی خەڵکی سۆڤیت دابڕ کردبوو. بۆ نموونە: پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێت کە خۆی بە حیزبی چینی کرێکار دەزانی، کەچی لەگەڵ تەقینەوەی بورکانی پیرۆسرۆیکا، بەچاوی خۆمان بینیمان چۆن هەزاران کریکار لەکانە خەڵووزەکان‌و شوێنە پیشەسازی‌یەکاندا لەسادەترین ژیانی کۆمەڵایەتی‌ی خۆیان بێبەش بوون. دیسان بیروکراتی‌یەتی حیزب‌و فەرمانی وەزیفی، لەنێو دایەرەکاندا تەواو خۆ، سەپاندبوو.

مەسەلەیەکی زۆر جەوهەری هەیە کە دەتوانین لەئەزموونی ولاتی سۆڤیێتدا باسی بکەین، ئەویش مەسەلەی دیموکراسیی کۆمەلایەتیو دیموکراسیی سیاسییە. ئەوان زۆر بایەخیان بەدیموکراسیی کۆمەلایەتی دەدا، بەلام دیموکراسیی سیاسی بەمانا فراوانەکەی پشتگوێ خرابوو. ئەگەر سەیری ولاتێکی رۆژ ئاوا بکەین، دەبینین لەئەنجامی خەباتی چینی کرێکارو پارتە چەپەکانو لەئەنجامی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو فیکری پێشکەوتنخواز، دیموکراتیی سیاسی زیاتر بەرقەرار بووە لەوەی کە لە سۆڤیێتدا هەبووە. بۆ نموونە مافی رادەربڕینو دامێنان لەهەموو بوارەکانی رۆشنبیریو زانستیداو مافی سەفەرو مانگرتنو پێکهێنانی رێکخراوی جیاجیا، هەموو ئەوانە لەولاتی سۆڤیێتدا بەسەرپەرشتی حیزب بووە. وەکی تر دیموکراسییەتی کۆمەلایەتی کەلەوێ زیاتر گرنگیی پێ درا، نەیتوانی ژیانی کۆمەلایەتیی خەلکی کرێکارو رەنجدەر بەرز بکاتەوە.

مەسەلەی سۆشیالیزم لە سۆڤیێتدا لەجێبەجێ کردندا لایەنی (سلبی و ایجابی) هەیە. مەرج نییە هەموو شت هەر (سلبی) بووبێ. شتی (ایجابی) زۆر هەبوو. بۆ نموونە لەزۆر بواردا پێشکەوتنی بەخۆوەدیووە، وەك زانستی ئاسمانو سوپاو رۆشنبیریو وەرزشو ...هتد. بەلام بەبەراوورد لەگەل ولاتە سەرمایەدارەکاندا کەبەچەند قۆناغێکدا رۆیشتووە، دەبینین کە تەکنەلۆجیا لە سۆڤیێت پشتگوێ خرابوو، یا خرابووە خزمەتی سەربازییەوەو خرابووە قەبەلی کاری ئاسمانییەوە. بچووکترین ئاماری حسابکاری زۆر بەسادەیی بەرێوە دەچوو. بەمانای ووشە ئەم شتانە لە ولاتی سۆڤیێتدا پشتگوێ خرابوو. ئەمە مانای ئەوە نادا کە شتی باش نەبووە...سوپاس.

هادی: لەوەوبەر من باسی مەسەلەی پەیوەندیی فیکرم بە واقیعەوە کردو وتم کە تیوری بەشێکە لەفیکر. هەر فیکرێکی ئینسانی بەپێی ئەو چەمکە فەلسەفییانە درووست بووە کە ئێمە باوەرمان پێیەتی. بەرهەمی هەولی فەیلەسووفێك نییە لەشوێنێك دانیشتبێو درووستی کردبێ. فیکر پەیوەندیی بەواقیعی کۆمەلایەتییەوە هەیە بەو مەعنایەی کە دەبێتە هۆکارێك بۆ گۆرانی کۆمەلایەتیو سەر لەنوێ تێگەیشتنی ئەو واقیعە کە ئەمە ئەرکی فیکری مارکسی بوو.

هەولدان بوو بۆ گۆرانکاری. لەهەمان کاتدا بەپێی ئەو پەیوەندییە دیالەکتیکییە ، دەبێ ئەو فیکرەش کە هەیە بەپێی ئەو واقیعە تازەیە دەولەمەندتر بێ بۆ گۆرینی ئەو واقیعە.

کەواتە ناتوانرێ جیاکاری‌یەکی میکانیکی لەنێوان تیوری‌و پراکتیکدا بکەین. یەعنی بڵێین هەموو هەڵەکان لەپراکتیکدا کراوەو تیوری سەلامەتە. بەوە تووشی هەڵە دەبین. بەپێچەوانەشەوە گەر بڵێین پراکتیکەکە راستەو تیوری‌یەکە هەڵەی تێدایە، بەوەش تووشی هەڵە دەبین. من پێم وایە هەر تیوری‌یەک راستگۆیی‌ی خۆی لەپراکتیکدا رەنگ پێدەداتەوە. هەندێ شتیش هەیە پەیوەندی بەحیزبەوە هەیە، بەپێی ئەوچەمکەی باسم کرد.

ئەو حیزبە تێکۆشەرەی لەزەمانی لینیندا هەبوو، دوای ئەو بووە ئامرازێکی‌تر.

بۆ نموونە: مەرکەزی‌یەتی دیموکراتی، لەئەنجامدا بووە مەرکەزی‌یەتێکی بیرۆکراتی‌و لەهەمان کاتدا بووە دکتاتۆرێتی تاکەکەس. تاوای لێهات ئەو حیزبە بووە ئامرازێکی سەپاندن (تسلط) بەسەر جەماوەردا.

لەجیاتی ئەوەی پارێزگاری لەبەرژەوەندی‌ی چینی کرێکار بکا، بووە هۆکارێك لە (تبریر)ی هەڵوێستەکانی دەوڵەت لەپێشێل کردنی بەرژەوەندی‌ی چینی کرێکاردا. ئەمەش پەیوەندی‌ی هەیە بەشێوە هەرەمی‌یەکەی حیزب‌و بەو بنچینەو میکانیزمانەوەی دارێژرابوون. ئەمە ئەگەر چی شێوەیەکی پراکتیکی‌ی هەیە، هەروەها شێوەیەکی فیکریشی هەیە.

بەهەمان شێوە مەسەلەی بینای سۆشیالیزمی هەر پەیوەندی‌ی هەیە. جگە لەوانەی هاورێ ئاماژەی بۆ کرد، وەك مەسەلەی ئیمپریالیزم‌و دوا قۆناغی سەرمایەداری، مەسەلەی توانای دروستبوونی ئیشتراکی‌یەتیش لەچەند دەوڵەتێکدا. لەرووی‌یەکی تریشەوە چۆنێتی‌ی تێگەیشتنمان لەململانێی چینایەتی‌و چۆنی تەماشا دەکەین وا راگەیەنرا کە ململانێی کۆمەڵە کەسێکە لەنێو یەکدا. واتە چینێ چینێکی تر بدا بەعەرزدا، دوور لەوەی کە مەبەست ئەوەیە ململانێی ئینسان نەمێنێ، چونکە مەبەست ئەوەیە ئینسان نامۆ نەبێ.

ئیشتراکی‌یەت بەو شێوەیەی جێبەجێ کرا، شێوەی نەهێشتنی چەوسانەوەی سەرمایەداری، ئەو شێوەیە نەما، بەڵکوو (استهلاك) پەیدا بوو. ئەمەش دیسانەوە مەسەلەیەکی فیکری‌یە.

هەندێ شتی‌تر هەیە کە پەیوەندی‌ی بەوەزعی دەوڵەتەوە هەیە. وەك نەبوونی دیموکراتی‌یەتی سیاسی‌و فرە حیزبی، نەبوونی مافی مرۆڤ کە بەداخەوە ئێستا وای لێهاتووە ئەو چەمکانە دەدەینە پاڵ (اولیات)ی

سەرمایەداری. ئەمانە دەبێ گوایە لەسەرمایەداریو لەفیکری لیبرالییەوە بۆ ئێمە هاتبن. لەکاتێکدا دەبێ لەخودی فیکری سۆشیالیزمیدا بن. چونکە بەشێکە لەوەی کە مرۆڤ بتوانێ (تعبیر) لەخودی خۆی بکا. فیکری ئیشتراکی لەهیچ کاتێکدا جێبەجێ نابێ ئەگەر لایەنە دیموکراسییەکەی لەگەڵدا نەبێ. بۆیە ئەو هەوڵە چاکخوازییانەی (اصلاحات) لەودواییانەدا روویاندا، بنچینە فیکرییەکەی ئەوەیە کەزیاتر سۆشیالیزمیو زیاتر دیموکراسی. کەواتە مەبدەئە بنچینەییەکە دەبێ لەنێوان سۆشیالیزمیو دیموکراسیدا بێ.

هەندێ شتیش پەیوەندیی بەوەزعە ئابوورییەکەوە هەیە وەکوو باسم کرد. لەوانە پەیوەندیی موڵکایەتیو بناغەی ئەو موڵکایەتییە کۆمەڵایەتییەی کە هەبوو، یا دوورکەوتنەوە لە تێگەیشتنی میکانیزمی بازاڕ، یا تێنەگەیشتنی ئەوەی کەئەم جیهانە ئەگەرچی (متناقض)ە، بەڵام لەهەمان کاتدا (مترابط)ە. واتە بازاڕێکی ئیشتراکی هەیە راستە. بەڵام ئەمە خەونە کە بازاڕێکی ئیشتراکی هەبێ دوور لە کارتێکردنی لەلایەن بازاڕێکی سەرمایەدارییەوە. ئەمانە وای کرد بینای ئیشتراکییەت نەتوانێ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دابین بکا. نەیتوانی پێویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤ دابین بکا و نامۆیی مرۆ نەمێنێ. بێگومان سیستمێکی تر لەبەرامبەردا بوو کە (٤٠٠) ساڵ لەمەوبەر درووست بووە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەسەرمایەداری (بدیل)ی ئیشتراکییە. چونکە بەو ناکۆکییانەوەی تیایدایە نەیتوانیوە نموونەیەکی راستەقینەی عەدالەتی کۆمەڵایەتی جێبەجێ بکا.

جگە لەوە مەسەلەی نەتەوایەتیو باری دەروونی، هەروەها کێشەی (تراث) و دین، ئەم دوو هۆکارەش پەیوەندییان هەیە بەبارە ئابوورییەکەوە. بویە دواکەوتنی ئابووریو نەبوونی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، بەهەمان شێوە کارێکی (سلبی)ی کردە سەر هۆکارە نەتەوەییەکان، چونکە مەسەلەی نەتەوایەتی تەنانەت لەلووتکەی سەرمایەداریشدا چارەسەرنەکراوە. بەڵام نەبووە هۆی تەقینەوەی ئەو رژێمە وەك لەسۆڤێت رووی‌دا. بەراستی ئەو هۆکارە وەك بوون هەیە بۆ نموونە مەسەلی نەتەوایەتی لە بەریتانیاو فەرەنساو کەنەدا، بەشێوەیەك ماوە چارەسەرنەکراوە.

لە مەسەلەی نەتەوایەتیدا سۆڤێت بیریان لەدروستکردنی (أمە)ی ئیشتراکی دەکردەوە کە فیکریان بۆ هێنایەوەو بنچینەیان بۆ دانا کە گوایە ئەمە نەتەوەیەکە لەبابەتێکی تایبەتیو رێگای تواندنەوەو گواستنەوەیان تێدا گرتە بەر کەئەمە دوورە لەچەمکەکانی مافی مرۆڤو دیموکراسی.

من وای دەبینم تێکڕا ئەو هۆکارانە پەیوەندی‌یان بەیەکەوە هەیە، چونکە ئەو نیزامە نیزامێکی شمولی‌یەو بۆچوونە سیاسی‌یەکانیشی هەرچەندە ئیدیعای شمولی‌یەت نەکا، بەڵام نیزامێکی شمولی پێشکەش دەکاو هەڵوێستێکی ئەخلاقی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌یە لەهەموو بوارەکانی ژیانداو لەگەڵیدا نیزامی سەرمایەداری. تێکڕای ئەو نیزامە شمولی‌یەی لەنیشتراکی‌یەتدا هەبوو، لەبوارەکانی دەوڵەتو حیزبو بینای ئیشتراکی‌یەتو مەسەلەی نەتەوایەتی، ئەمە هەموو لەسەر بنچینەیەک کۆدەبێتەوە کە دواکەوتنی مارکسی‌یەتو تێنەگەیشتنە لەمارکسی‌یەت وەکوو فیکرێکی گۆڕاوو خولقێنەر کە دەبێ گۆڕانکاری‌ی بەسەردا بێت. دانانی وەک چەند دەقێک کە دەبێ (تقدیس) بکرێ وای کرد ئەو ئەزموونە هەڵتەکێ. ئەو ململانێ‌یەی گوایە (تناحری) نی‌یە بووە (تناحری)و کە وەهایشی لێهات دەتەقێتەوە..سوپاس.

حسین: کاک کاوە تۆ قسەت لەم بارەیەوە هەیە؟.

کاوە: بەڵێ..بەڕاستی لەمەسەلەی ململانێی چینایەتیدا هەرچەندە قەناعەتی تەواومان پێی هەیە کە بزوێنەری مێژووەو تا گەیشتنی مرۆڤایەتیش بە سۆشیالیزم هەر بەردەوام دەبێ. بەڵام تەماشا دەکەین ئەو ململانێیە ئەو دەورەی جارانی نەماوە کە پێشتر بیرمان لێ دەکردەوە لەپلەی لینینی‌یەتدا. ئەوەتا بەچاوی خۆمان دەبینین کرێکارانی ئەوروپا ئەوەی مارکسیزم گرەوی لەسەر دەکرد (مراهنە) نەهاتە گۆڕێ لەئەمەریکاو بەریتانیاو فەرەنسا..

حسین: زیاتر ئەڵەمانیا.

کاوە: بەپێچەوانەوە وەکوو خۆی ماوە. دەوڵەتێکی وەکوو رووسیا، ئەزموونی سۆشیالیزم بەهەر شێوەیەک بێ تیایدا هاتە دی‌و هەرەسیشی هێناو هێشتا وا لەنوێکردنەوەی سەرمایەداریدان. بەڕای من مەسەلەی پێشڕەوی چینی کرێکار پێداچوونەوەی دەوێ کە هەندێ شت لەمیکانیزمی چینایەتی پێویستە پێداچوونەوەی تێدابکرێ. هەر لەسەر ئەو بنچینەیەشە کە کاتی خۆی تاکە حیزبی هەبووە، ئێستا پێویست بەفرە حیزبی دەکا.

حسین: فرەحیزبی‌یەکی درووست کراو هەبوو.

کاوە: کۆنیش لەزەمانی لینیندا هەبوو، بەڵام هەموو بەڕێبازی

سۆشیالدا بوو. یەعنی قەیچێکا ئێستا با منصوری حکمتی هەبێ. ماویستی‌و ڕێبازی تر هەبێ. بەلاّم هەموو لەململانێدا بن بۆ گەیشتن بە مەبەست کە ئەویش سۆشیالیزمی‌و خۆشگوزەرانیی مرۆڤایەتی‌یە.

ئینجا لەسەر قسەکانی کاك صلاح هەندێ قسەم هەیە. ئەو دەڵێ مارکسیزم شتێکەو لینینیزم شتێکە. من وای دەبینم کە هەردووکیان یەك شتن. بەلاّم لینینیزم لەڕۆژگاری خۆیدا تەواوکەری مارکسیزم بوو، ئەگەر چی هەردووکیان پێویستییان بە پێداچوونەوە هەیە لەهەندێ هەڵوێستیاندا، هەروەها مارکسیزم بەتەنیا خۆی داینەهێناوە، ئەو تەنیا دەوری ئەوەی دی کە (تراث)ی پێشکەوتنخوازی پێشتری خستە قاڵبی زانستی‌یەوە. یەعنی دیالەکتیك هەبوو، مادی‌یەتیش هەبوو. بەلاّم ئەو کردنی‌یە زانست.

حسین : کاك ئەرسەلان قسەت هەبوو؟.

ئەرسەلان : بەڵێ..سەبارەت مەسەلەی حیزب..بەڕاستی ئەو حیزبانەی دەوڵەتانی ڕۆژهەلاّت، حیزبی چینی کرێکار نەبوون..تەنیا حیزبی توێژێك بوون. یەعنی توێژێکی کۆمەڵ بوون کە خۆیان بەسەر خەڵکیدا سەپاندبوو. درووشمی کرێکارانیان کردبووە پەنایەك بۆ ئەنجامدانی کارەکانی خۆیان. زۆر لەخەڵك دابڕابوون. چەند دەزگایەکی جاسووسی‌یان درووست کردبوو کەسەر بە سکرتێرەکانی حیزبەکان بوون. حیزبەکانیش ئەوانە حوکمیان دەکردن.

باشە بۆچی لەنیزامە ئیشتراکی‌یەکاندا، هەرکامیان دەڵێیت، دەبێ سەرۆکی حیزب بۆ هەتاهەتایە سەرۆکی دەوڵەت بێ!..ئیلا دەبێ پیروپەککەوتە ببێ‌و دەری بکەن یابمرێ. من حەز دەکەم دووشت باس بکەین. بۆ دەوڵەتانی ڕۆژهەلاّت دەبێ ئێمە تەنیا دیراسەی سۆڤێت بکەین. چونکە سۆڤێت جەوهەری هەموو وڵاتانی‌تر بوو. خۆی حوکمی ئەو وڵاتە ئیشتراکی‌یە ڕۆژهەلاّتی‌یانەی دەکرد. هێزی سۆڤێتی لەهەموو ئەو وڵاتانە هەبوو. ئەوە هەنگاریا..پۆڵۆنیا..هەموو سۆڤێت حوکمی دەکردن. سوپای سۆڤێتی دەچوو ئەوانی دەکردە وڵاتی ئیشتراکی. ئەوە نەبوو بەویستی خۆیان‌و توانای دیموکراسی‌ی خۆیان بێنە سەر حوکم.

بۆ مەسەلەی سیاسەتی دەرەوەی قەومی، ئێمە سەبارەت بە کوردستانی خۆمان دیومانە کە ڕژێمێکی دیکتاتۆری‌ی وەك سەدام، ئەوان پارێزگاری‌یان لێدەکرد. ئەمەش بەڕاستی تێڕوانینێ بوو بۆ مەسەلەی (اممی)و نەتەوایەتی.

ئەو نەك لەناو خۆیدا مەسەلەی نەتەوایەتی‌ی چارەسەر نەکردبوو، بەڵکوو لەدەرەوەشدا. بۆنموونە کێ ئێمەی دەچەوساندەوەو بەپیشتوانی کێ ؟!. ئەمەریکا بەو هەموو خراپی‌یەی خۆیەوە هەرچی چۆنێ بێ لەوسەر وەستابوو. کەچی سۆڤێت پشتیوانی‌ی عێراقی دەکرد هەر بۆ ئەوەی عێراق لایەنی بەرەی رۆژهەلات بگرێو نەچێتە پاڵ ئەمەریکا. ئیتر هەموو مەسەلەی دیموکراتی‌یەتی پێشێل کردبوو. لێرە خەڵك ماڵی وێران دەکراو لەوێ ئەوان باسی شتێکی تریان دەکرد. هەروەها راگەیاندن یەکێ بوو لەمەسەلەکانی تر. وەك نەبایان دیبێو نەباران، قەت رۆژێ لەرۆژان رادیۆی سۆڤێت باسی ئەو بەسەرهاتەی کوردی نەکرد. تەنیا باسی ئەو وڵاتو بزوتنەوانەیان دەکرد کەسەر بەخۆیان بوون. وەکوو سیاسەتی قازەکە..گەر ئەوان بیانقیراندایە، دەبوو ئێمەش بقیرێنین!.

حسین : کاك صلاح..فەرموو..

صلاح : دەربارەی تێبینی‌یەکەی هاورێ کاوە وەك پێشتر وتم، مارکسیزم سوودی لەسەرجەم بیری پێشکەوتنخوازو سۆشیالیزم وەرگرتووە. بەڵام مارکسیزم جەوهەری چینایەتی‌و دیالەکتیکی‌ی بەوانەی پێش خۆی بەخشی. هەروەها دەربارەی لینینیزم کە دەڵێین هەر شتە بەجیا سەیر بکرێ..هەر یەکە کوڕی قۆناغی خۆیەتی..هەریەکە رەنگدانەوەی پلەی خۆیەتی‌و دەربڕی فیکرو فەلسەفەی خۆیانن..من کە دەڵێم لینینیزم..پارتەکانی سۆشیالیزمی لەسەردەمی مارکسدا سۆشیال دیموکرات بوون.

ئینجا مەسەلەی نەتەوایەتی، واتە نەتەوەی سەردەستو نەتەوەی ژێردەست. بێگومان لە وڵاتی سۆڤێتدا گەلی رووس بەزۆردارەکی سەپێنرا بەسەر سەرجەم نەتەوەکانی‌تردا. زمانی رووسی زمانی رەسمی بوو لەهەموو ماڵو لەهەموو ناوچەکاندا. بێجگە لەوەنەتەوە بچووکەکان بەزۆرداری دەتوێنرانەوە و نەتەوەی سەردەستیان بەسەردا دەسەپێنرا. بویە کە پیرۆسترۆیکا تەقی‌یەوە، سۆڤێت بووە وڵاتی شەڕوپێکدادانو ئەوە ئاکامەکەی بوو.

هەروەها بەرامبەر دەرەوەی سۆڤێت سیاسەتێکی راستیان پەیڕەو نەکردووە. بۆ نموونە گەر لەشوێنێکدا بەرژەوەندی‌ی سەربازی‌و سیاسی‌ی خۆیانی تێدابووبێ دەستیان تێوەرداوە. وەك ئەسیوبیاو ئەنگۆلاو ئەفغانستان. بەڵام لەزۆر شوێنی تر نەتەوەی ژێردەست هەبووەو پشتگیری‌یان لێ نەکردوە. بۆ نموونە نەتەوەی کورد لەئێرانو تورکیاو عێراق

که قەت پشتگیرییان لێ نەکردووەو تەنانەت پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەو وڵاتانەی وا لەقاڵب داوە کە فۆتۆکۆپیی ئەزموونەکانی ئەوان بکەن لەوڵاتەکانیاندا. هەمیشە دەیانووت دەبێ لەپایتەختەکاندا دیموکراتییەت بەرقەرار بێ، ئەوجا نەتەوە بچووکەکان بەمافی خۆیان دەگەن. مەسەلەی خودموختاریو ئۆتۆنۆمیی نەتەوەیی شتێ بوو سۆڤێت دایتاشی بوو کە ئێستا پێوەی دەتلێینەوە...سوپاس.

حسین : کاك عبدالخالق ئەگەر قسەت لەسەر ئەم لایەنە هەبێ ئیتر لەم بارەیەوە دواقسەیە.

عبدالخالق : مەسەلەی دەوری تێکدەرانەی سەرمایەداری...

حسین : ببورە...یەعنی قسەت لەسەر ئەوباسە نەماوە؟.

عبدالخالق : نەخێر.

حسین : برادەران..من دێمە سەر مەسەلەی سێیەم کە بریتییە لەکۆششی بەردەوامی دوژمنانو بەرەی سەرمایەداری بۆ بنکۆڵکردن. بۆ ئەمەشیان حەز دەکەم ئەم مەسەلانە لەبەر چاو بگرن: سەرمایەداریو ئیمپریالیزم، ئەوەی کاك کاوە ئیشارەتی پێدا. ململانێی نێوان هەردوو بەرەی سەرمایەداریو سۆشیالیزمی. جیهانی سێیەم (بێلایەن).

لەگەڵ تەکنولۆجیا لە دوا پێشکەوتنیدا. یاهەر مەسەلەیەکی تر خۆتان بەباشی دەزانن.

عبدالخالق : من وا دەبینم کە دەوری تێکدەرانەی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان دژی ئیشتراکییەت، لەسەرەتاوە بنچینەیەکی هەبووەو ئیشیان بۆی کردوە. ئەگەر چی لەهەندێ ماوەدا زەختیان لەسەر یەکێتیی سوڤێت نەختێ سووك بووە کە ناکۆکیی نێوان ئەو دەوڵەتە سەرمایەدارییانە لەمەدا زیاتر دەوری هەبووە. بەڵام دەتوانم بڵێم کە دوای جەنگی جیهانیی دووەم، زۆر بەزیرەکانەو بەنەخشەدانان ئیشیان بۆ دەکرد. زانییان بەجەنگ کەیاساو هۆی تایبەتیی خۆی هەیە باش نییە هاتن لایەنەکەی تریان گرت...لایەنی تێکدان لەسۆڤێتو بەرەی ئیشتراکی.

هەروەها سیاسەتێکی زۆر زیرەکانەیان بەکارهێنا کە پێشبڕکێی

خۆپڕچەك كردن بوو. ئەوان پسپۆڕو راوێژكارو فەیلەسووفی باشیان هەیە. زانی‌یان بینای ئیشتراكی‌یەت لەسۆڤێتو ولآتانی دیكەی ئەوروپای ڕۆژهەڵات بنچینەیەكی بەهێزی نی‌یە. زانی‌یان ئەو برادەرانە بەگیانێكی عەفەوی‌و لەسەر هیواو ئاوات دەژین، بێ‌ئەوەی رووبكەنە بینای ئابووری‌یەكی ئیشتراكی‌ی سەرانسەری، بەتایبەتی لایەنی تەكنۆلۆجیا كە بۆ بینای بنەمای مادی‌ی هەركۆمەڵگایەك زۆر گرنگە. بەم پێ‌یە ئەو ولآتانەیان راكێشا بۆ پێشبڕكێ‌ی خۆپڕ چەككردن. ئەمەش لەناوەڕاستی پەنجاكانەوە دەستی پێ‌كردو توانی‌یان لەماوەی (٣٠) ساڵدا، ئابووری‌ی ئەو دەوڵەتانە بكەنە ئابووری‌ی جەنگ. بۆ نموونە لە ٧٠%ی ئابووری‌ی سۆڤێت بووە ئابووری سەربازی. لەبەر ئەوە لەسەر حیسابی ژیانو پێشكەوتنی هاوڵاتی‌ی سۆڤێتی، بووە ململانێ لەگەڵ دەوڵەتە سەرمایەداری‌یەكاندا.

ئینجا سیاسەتێكی تریشیان بەكارهێنا..سیاسەتی پشتگیری‌كردنی هێزە دوژمنكارەكانی ئیشتراكی‌یەت، لەناو ئەو ولآتانەو دەرەوەیاندا. ئەوەبوو دوای جەنگی جیهانی، لەپەنجاكانو شەستەكاندا، بزوتنەوەی رزگاریخوازی زۆر پەرەی سەند. بەدوایان دەوڵەتی تازە لەئەفەریقیاو ئەمەریكای لاتینو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، پەیدابوونو بوونە ئەندامی نەتەوەیەككگرتوەكان. ئینجا ئەوان بۆ ئەوەی رێگا بگرن لە پێشكەوتنی دنیا بەرەو ئیشتراكی‌یەتو وایان دەبینی كەئەوە پشتگیری‌ی سۆڤێتی لەدواوەیە، دەستیان كردە هاندانی هێزەكانی دژبە نەتەوایەتی‌و چینایەتی‌و لەسالآنی هەفتاكانو هەشتاكانیشدا، كەوتنە هاندانی شەپۆلی دینی لەئەوروپاو لەجیهانی ئیسلامیشدا، بەرامبەر بە شەپۆلی نەتەوایەتی‌و چینایەتی‌و دەورێكی تێكدەرانەی گەورەیان بینی.

ئەوان لەم ململانێ‌یەدا سوودیان لە دوو لایەنی بنچینەیی بینی. مەسەلەی ئازادی‌یە دیموكراتی‌یەكانو مافی مرۆڤ لەو ولآتانەدا كەلە جێ‌بەجێ‌كردندا كارێكی زۆر (سلبی)ی هەبوو. هەروەها مەسەلەی كێشەی نەتەوایەتی كە لینین لەكاتی خۆیدا ساڵی ١٩١٧ قانوونێكی بۆ چارەسەركردنی لە سۆڤێتدا دەركردو بۆ ئەوسا نیمچە پێشكەوتنێ بوو. میللەتانی غەیرە رووس باش بەپیری‌یەوە چوون. بەڵام دوای ئەو نەیانتوانی هیواو ئاواتەكانی ئەو میللەتانە بهێننە دی‌و گرفتەكە هەروەك خۆی مایەوە. بۆ نموونە وەك كاك صلاح ئیشارەتی بۆ كرد، زمانی رووسی‌و رووس بووە سەروەر لەسەر حسابی نەتەوەكانی تر.

بەقەناعەتی من دەوری سەرمایەداری زۆر زیرەكانە بوو بۆ تێكدانو سوود بینین لەو كەلەبەرو كەموكوری‌یانەی لەرووی كۆمەڵایەتی‌و چینایەتی‌و

ئابووری‌و نەتەوایەتی‌یەوە لەکۆمەڵدا هەبوون. یەکێ لەو کەلەبەرە گەورانە مەسەلەی دیموکراتی‌یەت‌و مافی مرۆڤ بوو. سوپاس.

حسین : کاک هادی..

هادی : بێگومان هەر لەسەرەتای پەیدابوونی فیکری ئیشتراکی‌یەوە، سەرمایەداری پێشوازی‌یەکی (ایجاب)ی لێ نەکردووە. بە پێچەوانەوە دوژمنکارانە دژی راوەستاوە. سەرمایەداری جیهانی هەر لەدەرچوونی بەیانی شیوعی‌یەوە لەساڵی ١٨٤٨ دا پێی وابوو ئەوە مەترسی‌یەکی گەورەیەو گۆڕهەڵکەندنە بۆ ئەو. تەنانەت کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەرپا بوو، ئیمپریالیستەکان ئابلووقەیان‌دا و بە جەنگ بەگژیدا چوون. ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە گوایە ئەو رووداوە هەڵەیەکەو کارەساتێکی کاتی‌یە لە مێژووداو دەبێ راست بکرێتەوە.

ئێستا دوای ئەو شکستی‌یەی رووی‌دا، دەتوانین بڵێین لە سەرەتادا توانای سەرکەوتنی هەبوو وەك نموونەیەك بۆ نەهێشتنی چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە. ئەم بەپێچەوانەی کۆمۆنەی پاریسەوە، مەرجەکانی سەرکەوتنی هەبوون. بەڵام ئێستا کە رووخێنرا، سەرمایەداری هەوڵ دەدا ئەو شکستی‌یە بکاتە شکستی فیکری کە گوایە سۆشیالیزمی وەك فکریش تەواو بووە، نەك وەك ئەو نموونەیەی کە پێشکەش‌کرا.

بێگومان ئەمانە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر مەفهوومی ئیمپریالی‌یەت‌و ئیشتراکی‌یەت. تەنانەت مەفهوومی ئیشتراکی‌یەت‌و دامەزراندنی بەو شێوەیەی کە بوو، پەیوەندی‌ی بەو تیۆری‌یەی لینینەوە هەیە کە دەڵێ: ئیمپریالیزم دوا قۆناغی سەرمایەداری‌یە. چونکە بۆچوونی لینین بۆ سۆسیالیزمی، لەسەربناغەی ئەو تیۆری‌یە دامەزراوە کە شێوازەکانی ئیمپریالیزم بە (٥) سیفەت دیاری دەکا:

خەستبوونەوە (ترکز)ی سەرمایەداری‌و دەوری سەرمایەداری‌ی دارایی‌و دابەشکردنی جیهان‌و مەترسی‌ی هەڵگیرسانی جەنگو دەوری کارتێلەکان.

بێگومان لینین لەبنەڕەتدا سەیری هۆی ئابووری‌و ئینجا بەرهەم دەکا. بەڵام کاتێ باسی هۆی ئابووری دەکا، مانای ئەوە نی‌یە پەیوەندی‌ی بەهۆیەکانی ترەوە نی‌یە. بۆیە لەو ململانێ‌یەدا هۆکاری تریش هەن.

لەو تیۆرییەدا وا فەرز کرا کە ناکۆکی لە نێوان بەرهەمهێنانو پەیوەندی بەرهەمهێناندا پەیدا دەبێو ئەوە دەبێتە هۆی گەندەڵبوونی سەرمایەداری لەناوخۆیدا. تەنانەت لینین لە کتێبەکەیدا هەندێ نموونە دێنێتەوە وەك ئەوەی کە سەرمایەداری ناتوانێ سوود لە شۆڕشی تەکنەلۆجی وەربگرێ. بەڵام ڕووداوەکانی دوای لینینو هەتا لینین خۆی کە سیاسەتی شیوعیەتی جەنگی گۆڕی بەسیاسەتی (نیپ)، مەسەلەکە وای لێهات کە ئەو گەندەڵبوونە ڕوونەدا، بەڵکوو بووە ململانێی دوو نیزام..سەرمایەداریو ئیشتراکی. بگرە نموونەی نیزامە سەرمایەدارییەکە پێشکەوتووترە لەوی تر کە ناتوانێ شان بەشانی بڕوا. سەرمایەداری (ضمان)ی بۆ خەڵکێکی زۆر مسۆگەر کردو خۆشگوزەرانیی دانێ کە ئیشتراکییەت بەو شێوەیە بۆی نەکراوە.

هەروەها لەڕووی دیموکراتییەوە، ئەوەی فیکری لیبرالیی سەرمایەداری کردویەتی ئەولا بۆی نەکراوە. ئەزموونی ئەولا دیموکراتییەتی نەهێشت. کەلێنەکە لێرەوە پەیدا بوو. بەهەر حاڵ کەوترا ئیمپریالیزم دوا قۆناغی سەرمایەدارییە، وەها دەرنەچوو. سەرمایەداری توانیویەتی پێش بکەوێو هێشتاش توانای پێشکەوتنی ماوە. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا سەرمایەداری دەتوانێ چەوساندنەوە نەهێڵێو عەدالەتی کۆمەڵایەتی دابین بکا؟. من پێم وایە سەرمایەداری ئەوە نییەو لەو ناکۆکیەش ڕزگاری نابێ. لەم سەردەمەدا مەسەلەی بەها مرۆڤایەتییەکانیش هاتۆتە ئاراوەو سەرمایەداری سوودی لێبینیوە. لەکاتێکدا لەولا بایەخ بەبەها سروشتییەکان دراوە کەلەبنەڕەتدا دەبێ سروشتییەکان دەربڕی مرۆڤایەتییەکان بن. تێکڕای ئەم تابلۆیە کە لەئاستی جیهاندا هەیە، وای کرد ئەو نموونەیە کە هەبوو هەرەس بێنێو ئەوەکەی تر سەربکەوێ. ئێستا ئەو سوود لەو سەرکەوتنە دەبینێ. بۆ نموونە لەزانستی کۆمەڵایەتیدا دەیەوێ شێوەیەکی ئایدۆلۆجی بدا بەسەرمایەداری، وەك چۆن زانای کۆمەڵناسی ئەمەریکایی کەبەنەژاد یابانییە (فۆکۆیاما) لە کتێبی (کۆتایی مێژوو) دا دەیەوێ ئیسپاتی بکا کەسەرمایەداری کۆتاییی مێژووە.

واتە دوای سەرمایەداری قۆناغێکی تر نییە. هەروەها دەڵێ کە شیوعیەتو فاشییەت، تەنیا بەری ئەم قۆناغەنو لاوەکیو کاتین لەمێژوودا. بەڵام ئێستا ئەو بە ئایدۆلۆجیا کردنە لەناو سەرمایەداری خۆیدا دژایەتیی دەکرێ، چونکە بەندە بەجۆری ژیانی سەرمایەداریی ئەمەریکاییەوەکەهەوڵی فەرزکردنی بەسەر جیهاندا دەدرێ. ئەمەش دەبێتەهۆی بوونی ناکۆکی لەناو خودی سەرمایەداری خۆیدا. واتە سەرمایەداری ناکۆکییەکی تێدایە کە دەبێ بەشێوەیەکی تازەو نموونەیەکی لەبریی کۆنەکە پێشکەش بکا.

ئەرسەلان : سەبارەت بەو وتەیەی لینین، دەبوو ئەو ئەزموونە ئیشتراکی‌یە گۆڕەڵکەنی ئیمپریالیزم بووایە.. کەچی بەداخەوە وانەبوو. تەنانەت ئیمپریالیزم بووە گۆڕەڵکەنی ئیشتراکی‌یەت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سوودبینینی زیرەکانەی سەرمایەداری، لەهەڵەو کەموکووڕی‌یەکانی ئەوان. وەك برادەران باسیان کرد، مەسەلەی ئازادی‌ی فیکرو مافی مرۆڤ، دیوی ئەودیوی سیاسەتی ئەو دەوڵەتە ئیشتراکی‌یانە بوو کە بەداخەوە نەك ئەوانەیان فەرامۆش کردبوو، بەڵکوو پێشێلیان دەکردن. لەکاتێکدا سەرمایەداری قۆستنی‌یەوەو کردیانە درووشمی خۆیان.

یا لەمەسەلەی نەتەوایەتیدا، ئەوان رژێمی فیدرالی‌یان هێنایە پێشەوە. ئەمە لەپاڵ مافی مرۆڤو ئازادی‌ی فیکرو...هتد. واتە ئەوان سوودیان لەمەسەلە فیکری‌یەکان بینی. هەر لەیەکەم رۆژی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە یا پێشتریش، کەوتنە ململانێ لەگەڵ فیکری ئیشتراکی‌و مارکسیدا. ئەوان توانی‌یان سۆڤێت رابکێشنە چەنگێکەوە کە بایەخی زۆر بەچەك بداو بواری بایەخدانی بە تەکنەلۆجیاو مەسەلە زانستی‌یەکان بۆ نەهێڵێ. دیارە سۆڤێتیش لەمەیدانەکەدا بەتەنیا بوو. دەوڵەتەکانی تر لەرووی ئابووری‌یەوە تا رادەیەك لاواز بوونو دەبوایە یارمەتی‌ی ئەمانیش بدا. ئەمڕۆ دەبینین سەرمایەداری بەوەندەش راناوەستێ. دەیەوێ ئەو سەرکەوتنەی بپارێزێو زیاتر پەرەی پێبدا، تا ئیسپاتی بکا کە مارکسی‌یەتو ئیشتراکی‌یەت هەڵەیەو رژێمی سەرمایەداری راستە.

جا ئایا ئێمە دەتوانین..یا زاناکانی فیکر لەئەوروپا، دەتوانن لەسەر بنچینەیەکی تازەو تەکنەلۆجیاو زانستی‌و پێشکەوتنی کۆمەڵگای دنیا، شتێکی تازەتر بهێننە پێشەوەو نوێی بکەنەوە؟ ئیتر ئەمە چەندە دوا بکەوێ، سەرمایەداری زیاتر خۆی دەچەسپێنێو رەگ دادەکوتێ. یا چەندە زووترجێبەجێ بکرێ، سەرمایەداری بەرەو پاشەکشە دەچێو فیکری ئیشتراکی بەرەو پێشکەوتن دەڕوا.

صلاح : سەرمایەداری لەجەوهەردا سیستمێکی نامرۆڤانەیەو لەناوەرۆکدا لەسەر بناغەی چەوساندنەوەی مرۆڤ بۆ مرۆڤ دامەزراوە. ئەوە راستی‌یەکەو ئێمە نابێ هەرگیز لەبیری بکەین. کە باسی سیستمەکانی سەرمایەداری دەکەین، دەبێ جیاوازی‌ی نێوانیان بزانین. بۆ نموونە سەرمایەداری لەوڵاتێکی وەك فەرەنسا وەك بەریتانیا نی‌یە. یا لەمیان وەك ئەمەریکا نی‌یە. یانی تابەرەو سەروو برۆین بەرەو درندایەتی تر دەچین. هەروەهاش ئەو بوارانەی ئەزموونی ئیشتراکی‌یەتی تیابوو وەك سۆڤێتو پۆڵۆنی‌و هنگاری‌و

چیکۆسلۆفاکیا، ئێمە دەبێ هەر یەك بەجیا سەیریان بکەین. چونکە پێشکەوتنی کۆمەلایەتیو هۆشیاریی چینایەتی، شێوەی جیاجیایان هەبوو. تەنانەت لەرووی پیشەسازیو ئابووریشەوە، ئەو وڵاتانە بەر لەئۆکتۆبەر ئاستی جیاجیایان هەبوو.

بەڕای من ڕوودانی جەنگی جیهانیی دووەمو هاتنە سەرکاری نوخبەیەکی عەسکەری لەسۆڤێتدا، ئەوانە هەتا رووخانەکەش، بەعەقلیەتێکی عەسکەری سەیری ناوسۆڤێتو ڕووداوەکانی جیهانیان دەکرد. دژی پێشکەوتنو دژی شارستانییەت بوون. بایەخیان زیاتر بە پیشەسازیی سەربازی دەداو پیشەسازیی رۆژانە کە بو ژیانی خەڵك گرنگ بوون، پشتگوێ خرابوو. بۆ نموونە ئەو قەڵەمەی لەوڵاتانی سەرمایەداری بەرهەم دەهێنرا، لەوڵاتی سۆڤێت پشتگوێ خرابوو. هەروەها شتە رۆحییەکان بایەخیان پێ نەدەدرا، وەك مەسەلەی مافی مر[illegible] یا مافی داهێنان لەبواری زانستیو رۆشنبیریدا. یامەسەلەی نەتەوایەتی.

هەموو ئەوانە بارێکی ئەوتۆیان رەخساند کە راگەیاندنی رۆژئاوا، بەهەموو شێوەکانی ورووژاندن روو بکەنە خەڵکی وڵاتانی ئیشتراکی. لەکاتێکدا راگەیاندنی ئەمان راگەیاندنێکی مردوو بوو، نەیدەتوانی سوود لەکات ببینێ. هەروەها دەبێ پرۆسەی سەرمایەداری دیراسەبکەین، بەر لەجەنگی جیهانی دووەمو دوای جەنگ. بۆ نموونە سەرمایەداری لەم دواییەدا زۆر لەمەڵبەندەکانی کەرەستەی خاوی لەدەستدانو نەیمان. بەڵام لەولاوە قازانجی تری کردوە. بازاڕی فراوان بووە. کۆمەڵگای (استهلاکی) لەدنیادا فراوان بووە. دابەش کردنی کار بەجۆرێکی تر گۆڕاوە. لەوەوبەر وڵات هەبوو پیشەسازی بوو. هەشبوو کشتوکاڵی یابازرگانی. ئێستا ئەوە نەما. ئێستا مەڵبەندی تر لەجیهاندا پەیدابووە. بۆ نموونە کۆریای باکوور وەك هێزێکی بازرگانیو پیشەسازی هاتۆتە مەیدان. یا چین ئێستا بەڕێوەیە بێتە مەیدان. یابان لەسەروو هەموانەوە.

پاشان شۆڕشی تەکنەلۆجیا بووە هۆکارێك کە سەرمایەداری زیاترو خێراتر بەرێوشوێنی نوێ تر ، دەست بەسەر میللەتاندا بگرێ.

سەرمایەداری سنووری نەتەوایەتیی یەك دەوڵەتی بەزاند. بۆ نموونە کۆمپانیا فرە رەگەزەکان. تەنانەت ئەوڕۆکە سەرمایەداری زۆر جار لە دەوڵەتەکەی خۆی دەوڵەمەندترە. لەئەمەریکا زۆر کۆمپانیا هەن دەچن خۆیان لەدەرەوەیدا دادەمەزرێنن. ئەو شتەی بەرهەمی دێنن ئەگەر لەئەمەریکادا بێ

زۆر گرانتر دەکەوێ وەك لەوەی لەولاتێکی وەکوو کۆریا یا تورکیادا بێ. لەم حاڵەتەدا رەنگە هاولاتی ی خۆی نەتوانێ بیانکڕێ، چونکە گرانتر لەسەری دەوەستێ. ئەمە ئەگەر چی دەوڵەتی نەتەوایەتی لەسەردەمی سەرمایەداریدا زیاتر نەشونمای کردوە، کەچی ئێستا سەرمایەداری یە جیهانی یەکە ئەو سنوورەی بەزاندووە...زۆر سوپاس.

عبدالخالق : سووکە بەدوادا چوونێکم هەیە، ئەگەر بوار دەفەرموون.

حسین : بێگومان..فەرموو .

عبدالخالق : لەسەر قسەکانی کاك ئەرسەلان..بەڕای من دوای ئەو گۆڕانکاری یانەی لەدونیادا رویان دا، گەیشتۆتە پلەیەك کە دەبێ فیکرێکی تازە بەسوود بێنین لەمارکسی یەتو ئیشتراکی یەت هەروەها لەسەرمایەداریش بهێنرێتە کایەوە. بەقەناعەتی من ئەو گۆڕانکاری یەی دونیاو ململانێ ی تازەو ئەو هێمنی یەی ئەوروپاو سەرکەوتنەکانیان، شتێکی هەمیشەیی نی یە. ئێستا ناکۆکی یەکانی کۆمەڵگاکان لەتەقینەوەدان. تەنانەت دروشمەکانی دیموکراتی یەتو مافی مرۆڤ کەلە زۆر شوێن ئیدیعا دەکرێ، وەك لەرووسیا کە دیمان چی یان لەگەڵ پەرلەمان کرد، ئەو میللەتانەش لەو گۆڕانکاری یانە لەرووی ئابووری یەوە سوودیان نەبینیوە، وەك پۆڵۆنیا و شوێنەکانی تر. لەبەر ئەوە بەقەناعەتی من واقیعێکی تازە دروست دەبێ کە هێشتا لە سەرەتایدایە. دوای ئەوەی یەکێتی ی سۆڤێت نەما، ناکۆکی دەکەوێتە ناوخۆیانەوە...ناو ئەمەریکاو ئەوروپاو یابان وەك دەبینین لەسەر مەسەلەی سەرچاوەکانی ئابووری.

ئەرسەلان : ئەوە لەناو سەرمایەداری خۆیدا..ئەی بۆ مەسەلەی فیکری ئیشتراکی ؟!.

عبدالخالق : ئەوە لایەنەکەی تریێتی..ئێستا لەئەوروپا ئەڵقە پەیدابووە بەتایبەتی لە ئەڵمانیاو بەریتانیا..یەعنی بۆچوون هەیە بۆ پێداجوونەوە لە رووی تیوری یەوە لەفیکری ئیشتراکی و فیکری مارکسیدا، بۆ ئەوەی بگونجێ لەگەڵ ئەو گۆڕانکاری یانەو ئەو ئەزموونە ڕابردووەی کەلەبەری زۆر تێدا بوو..کەشکستی خوارد.

ئەرسەلان : ئایا مارکسی یەت جەوهەری ئەو گۆڕانو شتە تازەیە دەبێ ؟.

عبدالخالق : مەرج نی‌یە..

ئەرسەلان : سەرچاوەیەکی سەرەکی نابێت؟ ،

عبدالخالق : ئەوە بەندی لێکۆڵینەوەیەکی قووڵە. چونکە زۆر شت لەفیکری مارکسیدا هێشتا زیندوێتی خۆی پاراستووە، ئەگەر بەشێوەیەکی نوێ دیراسە بکرێو بەوردی لەبەر رۆشنایی‌ی تەکنەلۆجیاو پێشکەوتنی کۆمەڵگاکانو ئەزموونی سەرمایەداری‌و ئیشتراکی‌یەتی رابردوو حسابی بۆ بکرێ. بەقەناعەتی من دەتوانرێو باوەڕیشم هەیەو زۆر جار وتوومە کەلەناوەڕاستی نەوەدەکاندا..لەنەوەدو پێنجدا، دەچینە پلەیەکی نوێوە، ئەگەر سەرمایەداری مرۆڤایەتی بەرەو جەنگێکی تر نەبا. تەنانەت هاوڵاتی‌ی ئەورووپا ئەم مەترسی‌یەی لەو زۆرانبازی‌یانە هەیەو خۆشتان دەزانن کە دوو جەنگ سەرمایەداری کردی. راستە ئێستا دڵنیایی هەیە. بەڵام ئەو ناکۆکی‌یانە سەرچاوەی ترسن بۆ جەنگێکی تر.

هادی : ئەم مەسەلەیە زۆر گرنگەو فیکری مارکس فیکرێکی کەونی‌یە. لەهەمان کاتدا فیکرێکە کە دەبێ تایبەتمەندی ناوخۆی هەبێ. لەبەر ئەوە بەرای من ئەم مەسەلەیە لەوانەیە لەئەورووپا بەرهەمی لەلای ئێمەی زیاتر تێدا بدرێ بەدەستەوە. بەڵام پێشخستنی ئەم فیکرە پەیوەندی‌ی تەنیا بەزانایانی تیوری‌یەوە نی‌یە، بەڵکوو من پێم وایە مەسەلەیەکی تێکۆشانە. یەعنی ئەو حیزبە مارکسی‌یانە یا ئەوانەی نزیکن لەمارکسی‌یەتەوە، لەتێکۆشاندا بەکردەوەو لەکۆششی فیکری‌یاندا گەر توانای بۆ بڕەخسێو جەماوەری بێ، دەتوانێ تەعبیر لە مارکسی‌یەت بکا. کە دەڵێم مارکسی‌یەت، بەمەعنا(معرفی)یەکەی‌و بەمەعنا شمولی‌یەکەی، چ لەبواری فیکرو چ لەبواری حیزبدا، یان لە بواری ئابووریدا.

ئەرسەلان : تکایە پرسیارێك..جێبەجێ کردنی مارکسی‌یەت بەبێ درووستبوونی پیشەسازی دەبێ؟..بەبێ دروستبوونی چینی کرێکار دەبێ؟

هادی : من پێم وایە نەك جێبەجێ کردنی مارکسی‌یەت بەڵکوو پێشخستنی وەك فیکرو وەك ئامرازێکی (معرفی). بەڵام ئەوەی جێبەجێ دەکرێ مارکسی‌یەت نی‌یە، بەڵکوو ئیشتراکی‌یەتە. لەوانەیە هەڵەبم. بەڵام من وایدەزانم کە فیکری مارکسی موڵکی تەنیا ئەورووپا نی‌یە.

بۆ نموونە لەرووناکبیرانی ئەم ناوچەیە یەکێکی وەك صادق العظم هەیە یا طیب تیزینی یا عطیە مسوح کە ئەوانە ئینسانی کەم نین.

من پێم وایە جێبەجێ کردنی ئەم فیکرە لە خەباتو تێکۆشاندا پەرە دەسێنێ، بۆ ئەوەی شێوەیەکی جەماوەری وەربگرێ. یەعنی قوتابخانەیی نییە، بەڵکوو لەژیاندا دێتە دی. دووەمین من لەگەڵ کاک عبدالخالقدا نیم سەبارەت بەوەی کە فیکرێکی تازە لەتێکەڵەی ئەو شتانە پەیدا دەبێ. من پێم وایە ئەم بۆچوونە پارچە وەرگرتنە. پارچەیەك لەسەرمایەداریو یەکێك لەنەتەوایەتیو یەکێك لەمارکسییەتو ئیشتراکییەت. تۆزێك زەحمەتە ئەگەر بەرنامەیەك نەبێ ئەوانە کۆ بکاتەوە. من پێم وایە مارکسییەت ئەو فیکرەیە کەبۆ بەرنامەکەی خۆی چالاکیی تێدایە. مانەوەی ئەو بەرنامەیە بەو چالاکییەوە، زامنی نوێکردنەوەی مارکسییەتە. (بدیل) ی ئەوە پەیدا بوونی فیکرێکیتر نییە لەدەرەوەی چوارچێوەی مارکسییەتدا. لەمنگاریا هەوڵی وادرا حیزبێك لەوجۆرە پەیدا بکرێ.

من لام وانییە ئێستاو بەم نزیکانە ناکۆکییەکانی سەرمایەداری بتەقنەوە. سەرمایەداری سەرکەوتنی وەهای بەدەست هێناوە کەماوەیەکی زۆری دەوێ هێزەکانی سۆشیالیزمی ببوژێنەوە. چونکە فیکری سۆشیالیزمی لە تەنگوچەڵەمەدایە. لەگەڵ ئەو هەموو ناکۆکییانەی لەمەڵبەندەکانی سەرمایەداریدا هەیە، نەگەییشتۆتە ئەو رادەیەی بتەقنەوە. بەڵام ئەو فیکرە دەبێ بەتێکۆشانی رۆژانە پەرە بسێنێ.

ئێستا ئەوەتا بەرەو یەکگرتن دەڕوا. سەرمایەداریو سۆشیالیزمی یەك شت کۆیان دەکاتەوە کە کەونییەتە. سنوورەکانی نەتەوایەتی بەرەو (وحدات)ی گەورەتر دەچن. سۆشیالیزمی نەیتوانی ئەوە بکا چونکە لای لەهۆکارە نەتەوایەتییەکە نەکردەوە. بەڵام سەرمایەداری لەبەر ئەوەی وەزعە ئابوورییەکەی بەهێزە، دەتوانێ ئەو (وحداتە) لەیەکتر نزیك بکاتەوە. لەبەر ئەوە بەبۆچوونی خۆم، ماوەیەکی زۆری دەوێ هەتا ناکۆکییەکانی سەرمایەداری بتەقنەوە.

عبدالخالق: ئەو فیحرەی کەمن دەیبینم لەئەوروپا پەیدا دەبێ، خۆی تێکەڵە (خلیط) نییەو بابەو (مفهوم)ە وەرنەگیرێ. یەعنی من لەگەڵ (انتقائی) یەتدا نیم. من لەگەڵ ئەوەدام کەبەڕاستی قوتابخانەی ئەزموونگایەکەو زۆرشت ژیان فێری ئینسانی دەکا. هەر لەبەر ئەوەشە کە مارکسییەت زۆرشتی خۆی بەزیندوێتی هێشتۆتەوە.

هەروەها قوتابخانەی تریش هەن، وەك سۆشیال دیموكرات یا بزوتنەوەی رزگاریخوازی لەلای میللەتە دواكەوتووەكان. یا لەئەوروپای سەرمایەداری شت زۆر هەیە كە لەدارشتنی بنچینەیەكی نوێدا بو فیكری ئیشتراكی سوودی لێ ببینرێ.

حسین : كاك كاوە..

كاوە : برادەران زۆربەی ئەو قسانەیان كرد كەمن دەمویست بیكەم. منیش ئەوە دووپات دەكەمەوە كە سەرمایەداری هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ فیكری شیوعی‌یەتدا كەوتە ململانێو هەموو هێزی خۆی بۆ بەكارهێناو تەنانەت بەهەڵەیەكی مێژوویی لەقەڵەم داو هەموو جۆرە ئابلووقەو زۆرلێكردنێكی بەروودا داو لەزۆر شوێندا راستەوخۆش دەستدرێژیی لێ كرد. گرنگ ئەوەیە سەرمایەداری لەهەموو بوارێكدا، ململانێی لەگەڵ سۆشیالیزمدا كرد بۆ لەناوبردنی. بەلام ئەوەی دەبوو ئیشتراكی‌یەت بیكا نەیكرد. ئەوەی لێی داوادەكرا كە سنوورێك بۆ ئەو ململانێو دژكاری‌یە دابنێ، لەو ئاستەدا نەبوو. دەوڵەتە سۆشیالستەكان هیچیان لەو ئاستەدا نەبوون.

وەكی‌تر سەرمایەداری لەلای خۆیەوە هەوڵی دا، سنوورێك بۆ ئەو وتەیە دابنێ كە دەیووت: كرێكاران گۆرهەڵكەنی سەرمایەدارینو نەیهێشت، پرۆلیتاریای دەوڵەتە پیشەسازی‌یەكان بەو شێوەیە كاریگەر بێ كە دەبوو هەبێ. بەڵكوو (اختزال)ی كرد بەهۆی تەكنەلۆجیاوە، بەشێكی ئەو پرۆلیتاریایەی لەپیشەسازی‌یەوە گواستەوە بۆ كەناڵەكانی خزمەتگوزاری.

هەروەها مەسەلەیەكی گرنگی تر كە برادەرانیش باسیان كرد، ئەوەیە كە سەرمایەداری سوودێكی باشی لەئەزموونی سۆشیالیزمی بینی. لەكاتێكدا سۆشیالیزمی نەیتوانی سوودی تەواو لەو تەكنەلۆجیایەی ئەو ببینێو لەگەڵیدا خۆی بگونجێنێ. جگە لەوەی كە دووڕوویی (ازدواجیە) لەئیشوكارەكانی دەوڵەتی سۆڤێتدا هەبوو. وەك ئەوەی لەهەندێ كاری عەسكەرتاریدا گەیشتبووە پێش سەرمایەداری، كەچی وەكی تر نەیدەتوانی لەهەندێ شوێندا پارووی ژیانەكە بۆ میللەتەكەی دابین بكا.

لایەنێكی تری سوود بینینی سەرمایەداری لە سۆشیالیزم، ئەوە بوو كە تەنگوچەڵەمەكانی خۆیانیان پێ‌داپۆشیبوو. بەلام لەگەڵ رووخانی ئەزموونەكەدا، جارێكی تر سەریان هەڵداو بوونە هۆی پەیدابوونی (قطب). وەكوو قوتبێك لەلای دەوڵەتە ئەورووپی‌یەكانو یەكێك لە یابانو ...هتد.

گرنگ ئەوەیە سەرمایەداری چەندە خۆی نویّ بکاتەوەو چەندەش هەوڵو کۆشش بکا، ناتوانیّ دنیایەکی بەبیّ سۆشیالیزمی بیّنیّتە گۆڕیّو ئەوەشی بیری لیّدەکاتەوە خەیاڵە..سوپاس.

حسین : لەکۆتاییدا زۆر زۆر سوپاستان دەکەمو هیوای سەرکەوتنو سەرفرازی بۆ هەموو لایەکتان دەخوازم لەگەڵ سوپاسیّکی تایبەتیشدا بۆ کاك عبدالخالق کە لەماڵەکەیدا میوانداریی کردینو بواری سازدانی ئەم دیدارەی تیایدا بۆ رەخساندین.

* * *

* ڕیّکخستنی ئەلکترۆنی( تنضید ): نووسینگەی زانین بۆ کاروباری کۆمپیوتەر
* دەرهیّنانی هونەری: نووسینگەی ئومیّد / عبدالقادر علي مردان.

# DWAROSH

*IDEOLOGICAL,*
*POLITICAL,*
*INDEPENDENT*
*MAGAZINE*

هەواڵنامەی کتێب

دوارۆژ

# المستقبل

مجلة فكرية سياسية مستقلة

العدد : ١
كانون الثاني : ١٩٩٤